عبدالعزیز یارەزانی

دووبارە ڕێکخستنەوەی
منتدى إقرأ الثقافى

لە دەروازەی ئیسلامەوە

چاپی یەکەم

١٩٧٢ م - ١٣٩٣ هـ

بەڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندن لە چاپ دراوە

چاپخانەی ڕاپەڕین سلیمانی شەقامی کاوە ☎ ٢٠٩

عبدالعزیز پارەزانی

لەدەروازەی ئیسلامەوە

ساڵی

١٣٩٢ کۆچی ١٩٧٢ زایینی

چاپخانەی بڕیەرین سلیمانی شەقامی نەکاوە ٩٠٩

بە ڕەزامەندی وەزارەتی ڕاگەیاندن چاپ کرا

(بسم الله الرحمن الرحيم)

وعد الله الذين آمنوا منكم وعملوا الصالحات ليستخلفنهم في الأرض كما استخلف الذين من قبلهم ، وليمكنن لهم دينهم الذى ارتضى لهم، وليبدلنهم من بعد خوفهم أمناً يعبدونني لايشركون بي شيئا ، ومن كفر بعد ذلك فاولئك هم الفاسقون . الزكاة

واقيموا الصلاة و آتوا الزكاة ، واطيعوا الرسول لعلكم ترحمون. لاتحسبن الذين كفروا معجزين في الأرض ، ومأواهم النار و لبئس المصير . « ١ »

(صدق الله العظيم)

(١) سورة « النور »

بسم الله الرحمن الرحيم

بەشی یەکەم : ڕۆشنایی یەک لە قورئانەوە:-

قورئان ، کتێبی بەرزی خوایی ، چ لە سەرەتای هاتنی و نازل بوونیەوە ، وە چ لە دوای ئەوەوە ، و چ بۆ درێژایی مێژووی ئیسلامی ، هەمیشەو هەموو کات چرای ڕۆشن و ڕێ پێ دەرکەری ژیانی کۆمەڵی ئیسلام بوە ، ولەبەر ڕۆشنایی ئایەتە پیرۆزەکانی ئەو کتێبەوە موسڵمانان هەنگاویان هەڵگرتوەو بەردو پێش چوون ، و چوون بە پیر کشت پێش هاتیکی ژیانەوە بە دڵنیکی پڕ لە ئیمانو باوەڕ بە خواوەو ؛ تامی ژیانی دونیایان بەو پەڕی تەواوی شێنەیی یەوە چەشتوە . هەر کاتێ باری ژیانیان لار بووبێ ، و کۆڵەی ژیانیان کەوتبێتە لێژیو چرکە چرکیان پێ کەوتبێ ، دەم و دەس هانایان بردوتەوە بەر قورئان و باری خوار بوویان ڕاست کردوتەوە و

وەك کێوی سـنگ داکوتا و ڕوو بەری کشـت کەردە ئوول و
فەرتەنەیەکی ژیان وەستاو نەتەوەو دامەزراون . .
وە را لەسەرەتای ئەم کتێبەدا چەند ئایەتێك لە قورئان ئەهێنین و
لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتانەوە . لە چەند ڕووی ژیانەوە باس
ئەکەین .

خوای کەورەو پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزا لە سەرەتای
سورەتی [النساء] دا ئەفەرموێ : (یا أیها الناس اتقوا ربکم
الذی خلقکم من نفس واحدة ، وخلق منها زوجها ، وبث منهما
رجالاً کثیرا ونساء واتقـوا الله الذی تساءلون بـه و الارحام،إن
الله کان علیکم رقیبا واتوا الیتامی أموالهم ، ولا تتبدلوا الخبیث
بالطیب ، ولاتأکلوا أموالهم الی اموالکم إنه کان حوبا
کبیرا . وإن خفتم الا تقسطوا فی الیتامی فانکحوا ماطاب لکم من
النساء مثنی وثلاث ورباع ، فان خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو
ماملکت أیمانکم ، ذلك أدنی ألا تعولوا) صدق الله العظیم .

یانی : ئەی مرۆڤەکان خۆتان پارێزگاری بکەن لە (خەشم و
قین) ی پەروەردگاری خۆتان کە دروستی کردوون لەتاقەکەسێ
« لەنەفسێك » وە هەر لەخۆی هاوسەر « ژنی » یۆ دروست کرد .
وە ئافرەتان و پیاوانی زۆری لێبان « لەو پیاوو ژنە » بڵاوکردەوە
خۆتان بپارێزن لە خوا کە بەهۆی ئەوەوە داواو داخوازی لـە

یەکێتی ئەکەن ، وە خۆتان بپارێزن لە خزمەکانتان « کە بە هۆیانەوە کێڕدە نەبن » ، بە ڕاستی خوا ئاکای لێتانەو چاو دێرە لە سەرتان . هەتیوو بێ باوکەکان « کە کەورە بوون » مالەکانیان بدەنەوە ، نەکەن مالەکانیان بگۆڕن - چاکیان بە خراپ - وە مالەکانیان لەگەڵ مالی خۆتانا نەخــۆن چونکە ئەوە گوناهێکی کەورەیە . وە ئەگەر لەوە ئەترسن کە نەتوانن داد بەرن بەڕێوە لەگەڵ ئەوکچە هەتیوانەی وان لەژێر دەستانا « وە لەبەر مالەکانیان مارەیان ئەکەن ، ئەوانە مارە مەکەنو» لە ژنانی تر مارە بکەن : دوان ، سێیان ، چـوار ، وە ئەگەر ئەترسن لەوەی لەناو ژنەکانتانا دادتان بۆ نەچێ بەڕێوە تەنیا یــەک ژن مارە بکەن ، یا بەو کەنیزەکەی هەتانە واز بێنن ، ئەمە نزیکترین چارەیە بۆ ئەوەی زوڵم و زۆر نەکەن ولەسنوور دەر نەچن .

ئەم ئایەتە پیرۆزانەی بەرەمان هەر چەند بەدیمەن کەم و بە ووشە کورتن ، لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر بە وردی سـەرنجیان بدەین و هەندێ لە سەریان بڕۆین وشەیان بکەینەوە ئەبینین بە لێشاو یاساو نەرێتیان لـە نـاو خۆیانا پێچاوەتەوە و چەندەهـا حەقایق « ڕاستی » مان بۆ دەر ئەکەوێ ، کە ئەگەر ئادەمیزادە کان سەر لەخۆیان نەشێوێنن و پەیڕەویان بکەن ولێیان لانەدەن

زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانیان بۆ ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەبوونە ئابووریەی و تەنگ و چەڵەمەکان لایان ئەدەن و ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و ئاسایش و کامەرانی دەس خۆیان ئەخەن .

سەیری ئایەتەکان بکە لە سەرەتاوە ڕووی ووتار ئەکاتە ئادەمیزاد و کان بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤایەتی و ئەفەرمێ : « یا أیها الناس» بۆ ئەوەی هەموویان یەک بخاو کۆیان بکاتەوە و هەمویان بکێڕێتەوە بۆ یەک سەرچاوە و بۆلای تەنیا پەروەردگارەکەیان کە دروستی کردوون و پەروەردەی کردوون « اتقوا ربکم الذی خلقکم » ، وە هەموویانی دروست کردووە لەیەک کەس « من نفس واحدة » وە بۆ ئەو یەکەم کەسە هەر لەخۆی ئافرەتی بۆ دروست کردووە « وخلق منها زوجها » ، وەلەم تاقە خێزانە ، لەم پیاوو ئافرەتە هەمو ئادەمیزادەکانی دروست کردووە و بڵاوی کردونەتەوە بەسەر زەوی دا « وبث منهما رجالاً کثیرا ونساء » ، هەموو ئادەمیزادەکان خۆمی یەکن و ئەبێ لە خوا بترسن و وێڵی خزمایەتی لەناو خۆیانا بەجێ بێنن « واتقوا الله الذی تساءلون به والارحام » وە ئەبێ هەمیشە ئاگایان لە خۆیان بێ وخوایان لەبیر نەچێ ، چونکە خوا هەمیشە سەرپەرشتی یان ئەکاو چاودێری یان ئێ ئەکا « إن الله کان علیکم رقیبا » .

بەڕاستی بیر کردنەوە لەم حەقایقانەو بەجێ هێنانو پەیڕەوی

کردنیان ئەتوانێ ئاڵو گۆڕێکی گەورە لە ژیانی ئادەمیزادا پەیدا بکات . . لە نەقامێتیەوە بیان گۆڕێتەوە بۆ باوەڕو بۆسەر ڕێگای ڕاست و بونلو جەرگەی ئەو شار — ستانیەتی یەی بگونجێ وشابانی بالاّی ئەو مرۆڤایەتی یە بێ کە خوا بەدی هێنەرو پەروەردە کەری بێ ،

۱» یەکێنی پەروەردگار :

یەکەم ئایەتیان — وەکو ئەبێتی — هەموو مرۆڤەکان ڕائەوەشێنیو هوشیاریان ئەکاتەوە و ئەیان گۆڕێتەوە بۆ لای تاقە سەر چاوەکەی کە لێوەی هاتوون ، بۆلای خوای پەروەردگار کە بەدی هێناون و پەروەردەی کردوون وئەو هەموو نازو نیعمەتو بەهرەیەی پێ بەخشیونو پێی گەیاندوون بەبە ختیا ری لەم سەر زەوی یەدا .

ئەم ڕاستی یەیان ئەخاتەوە پێش چاووتێیان ئەگەیەنێ ، ئادەمی یەکان ئەگەر ئەم ڕاستی یە یان لە بیر چووە وە ئیتر هەموو شتێکیان لە بیر ئەچێتەوە و تازە هیچ شتێکیان بە ڕاستی بۆ پێك نایەت .

مرۆڤ لە (بوو نەوەرا — کون —) نەبوو هاتە جیهانەوە . کێ هێنای ؟ . . خۆ بە پێی خوا هیشی خۆی نەهاتووە ، چونکە لەپێش هاتنیا نەبووە هەتا خوا هیشی بێ . . خوا هیشی

نەبوو هەتا بریارلەسەر هاتن یالە سەرنەهاتن بدا . کەوا بـێ خوا
هیشتکی تر — نەك خواهیشـــی خۆی — دروستی کرد و
هێنای ، خوا هیشتکی تر بریاری بەدیی هێنابێ و رێگەوچێکەی بۆ
دیاری کردو هێڵێ ژیانی بۆ کێشا ، هەر ئەو خواهیشە بووێ و
تواناو بەهرەی پـێ بەخشی و دەستەڵاتی دایە کە ئیشو کار بکاو
لەکەڵ ئەو « بونەوەرە » کەورەیە بگونجێ کە هاتووە بۆلای بـە
رەنگـــێ کە لێی تێ ناگـات تەنیا لە رێگـای ئـەو خـاوەن
خوا هیشە وە نەبێ .

ئەگەر بهاتایە مرۆڤەکان بـەریـان لەم راستیـیە ئا شـــکرایە
بکردایەتەوە ـ کە ئێستە زۆریان لێی تێ ناگەن — هەرلە رێوە
ئەگەوتنە سەر رێگـای راست . ئەو خاوەن خوا هیشەی دروستی
کردوون و هێناونیـیە ئەم گێتیـیەوەو تواناو بەهرەی پـێ بەخشیون
هەر ئەو بە تەواوی و لەهەموو رووێکەوە ئەیان ناســـێ ، وە
ئەتوانێ بەیاشـــی رێگاو بەرنامەیان بۆ دابنێ ، وە هەر ئەو
ئەتوانێ وهەر ئەویش مافی ئەوەی هەیە و لێی یەت کەبەرێك و
پێکی نەخشەی ژیانیان بۆ بکێشێ وپاساو نەریتو دەســـتوری
ژیانیان بۆ دابنێ ، وە پێوەرو ترازوی ســـووکی و گرانی و بەرزی
ونزمی یان بداتە دەس ، کە هەموو مـرۆڤەکان بگەرێنەوە بۆ
سەر بەرنامەو دەستورو پێوەرە کانی ئـــەوو لەهیچ ئیشو کار و

بارێکیانا ل‌ێیان لانەدەن ، وە هەموویان بە گشتی بکەونە وە سەر ئەو شارێگەیەی خوای بەروەردگار ڕەنگی بۆ دەشتوون و هەنگاوەکانی بە جوانی بۆ دیاری کردوون « وأن هذا صراطی مستقیماً فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بکم عن سبیله ، ذلکم وصاکم به لعلکم تتقون »١

یانی : ئەمە - واتە ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز ڕێگای منە کە ڕاست و ڕەوانەو گرو گێچەڵو پێچ و پەنای نیە ، وە ئێوە بکەونە سەری و پیایا بڕۆن ، نەکەن بکەونە سەر کۆێرە ڕێگاکانی‌تر کە بڵاوەتان پێ ئەکەن و لە شارێکەکەی خوا لاتان ئەدەن ، بەم پێیە ڕێگاتان پیشان ئەدەم و ئامۆژگاری ریتان ئەکەم هەتا خۆتان پارێزگاری بکەن .

مرۆڤەکان لە زۆر لە چاخەکانا — هەتا لەم چاخی زانیاری - یەیشا زۆریان ئەم ڕاستی‌یەیان لێ گوم بوو وخوێان ل‌ێ‌گۆڕا و سەر چاوەی بوون و ژیانی خۆیان لێ تێکچو بەهۆی لادانیان لە ڕێگەی خواو لە بەرنامەی ئیسلام ، ئێستەیش زۆر کەس هەیە لای وایە کە ئادەمیی لە نەژادی گیان لە بەرێکی ترەوە گۆڕاوەو بووە بەمرۆڤ ، وە هەیانە مرۆڤ بە دیل و بەندەی

« ١ » سورة « الانعام »

هەندێ لە داخوازی یەکانی لاشە دانەنێن ، یاخۆ بە ئامێرێکی بێ دەستەڵات و بێ خواهیشی بەروبومی ئەداتە قەڵەمو . . .

بەڵای ئەوانەوە و بەڵای قەڵـــەقە . خوارو خێچە کانی ئەوانەوە ، ئادەمیزاد هیچ جۆرە رێزو بەرزێتی یەکی نیەو هیچی لە گیان لەبەرەکانی تر زیاتر نیە .

بەڵام بەڵای ئیـــسلامەوە ـــ کە ئاقە بـــەرنامەی خوای پەروەردگارە ـــ ئـادەمیزاد خاوەنی رێزو کەورەیی و پایـــەی بەرزە . . چێ نشینی خوایە لەسەر زەوی دا کلیلی بو نەوەری بە دەسەو کەورەو سەرزکی کێتی یە .

زۆر لە مرۆڤەکان دان بە بوونی خوای پەروەردگارا نانێن ، لە کاتێکا کە بەهۆی زانیاری ی تازەوە بوون و دەسەڵاتی خـوا زۆر بە ڕوشنی ـ لەو سا زیاتر ـ دیارە ، وە هەر کەس چاوی خۆی دا نەبەستێ ودەرگـای دڵی خوی دانەخا بەبێ ماندو بوون بۆی ڕوشن ئەبێتەوە :

أ ـ عەرەبێکی بیابان نشین ئەڵێ : پشقەڵێك ئەبێتە نیشانـەی

ووشترو ، چێ پێیەك ئەبێتە بەڵگەی ڕۆیینی مرۆڤێ ، ئایا ئاسمانەکان بەو هەموو ئەستێرەو ئاڵ و گۆڕیانەوەو ، زەوی بەو هەموو بەشرو توشـــانەیەوە ناینە بەڵگە لەسەر بوونی خوایەکی زانا و

خاوەن دەستەلات ؟ ! .

ب ــ زانایەکی بەرزی ئەوروپایی ئەڵێ : ئەگەر نوختە یەک

بەقەد دیوارێکەوە ببینین لەوانەیە بڵێین : ئەمە لەخۆیەوە و بە رێکەوت پەیدا بووە ، بەڵام ئەگەر دیرێك نوســـراومان بینی کە ووشـــەو مانای رێکی هەبێ ئایا عەقڵ رێمان ئەداو ئەگونجێ بڵێین : ئەمەیش لە خۆیەوە و بەرێ کەوت پەیدا بووە ؟ بـێ گومان نەە ئەی گوایە ئەم بوونە وەرە « کون » ە گەورەیە بەو هەموو بەش و پارچانەیەوە کە هەر یەکەیان یاسا و سروشتێکی ووردی تایبەتی رێکو پێکی هەیە بە رادەیەك کە هەموو زاناکان لە هەرکامیان بکۆڵنەوە بویان تەواو نابێ . . ئایا چ عەقل و میشکێن ئەتوانـێ بڵێ : ئەمانە لە خۆیانەوە دروست بوون و دروست گەرێکی زاناو بەدەـەلانیان نیە ؟ ؟ ! !

ج ــ مامۆستایەکی زانستگـا ئەڵێ : قوتابیەکی زانستگـا لێی

پرسیم : بۆچی ناگونجێ ئەم بوونە وەرە لە خویەوەو بـەرێ کەوت پەیدا بووبـێ بەهۆی ئیشی ماددەوە ؟ .

وەڵامم دایەوە بڕوانە بۆ تەختە رەشەکەی بەردەمت ـ هەندێ نوسراوی پێوە بوو ـ ئایا ئەگەر یەکێ بڵێ : ئەو نوسراوانـە

کەس نەی نوسیون و خۆیان لە خۆوە پەیدا بوون بەم
پەنگە لە کوێی پەنجەرەکانەوە تۆز هاتووەتە ژوورەوە و لە
تەختەکە نیشتووەو بەو پێیە دڵڕەو نوسراوی درو ت کردووە
بەو ماناو وێنە ڕێك و پێکەوە . ئایا هیچ ژیرێك ئەتوانێ باوەڕ
بەو قسەیە بکات ؟ ووتی : نەخێر . ووتم : ئەگەر ئەمە جێگەی
باوەڕ نەبێ کەشتێکی بچوکی سادەیە ، ئەی چۆن باوەڕ بەوە
ئەکرێ کە ئەم بوونەوەرە بەو هەموو شتە ناوازانەوە لەخۆیەوە
بەئیشی مادەی ووشکی بێ گیان پەیدا بووبێ ؟ ! !

د — زانایەکی تری خۆر ئاوایی ئەڵێ : هەتا مرۆڤ پلەی
= زانیاری نزم بێ و لەتوێکڵی دەرەوەی زانیاری یا بوەستێ
گومانی لە بوونی خوادا ئەبێ ، بەڵام هەرکە پلەی
زانیاریی بەرز بووەوە ناچار ئەبێ — کە بەبێ دوو دڵی —
دان بە بوونی خوایەکی گەورەی تەنهای بە دەستەڵاتا بنێ .

ه — ئەگەر ئێمە — سەیری بەرهەمی زانا بەرزە بێگانەکان
= بکەین سەرسام ئەبین کە بە چ شێوە یەك بوون و
دەسەڵاتی خۆایان بۆ ساغ بووەتەوە ، وە چۆن هەریەکەیان لە
ڕێیەکی زانستی یەوە بەڵگەیان لەسەر ئەو ڕاستیە هێناوەتەوە
وەدیسان باسکردنیان لە یاساو نەرێتی یەکەیەکەی بە شەکانی
بوونەوەر و ڕێك و پێکیان بەناشکراو بوون و دەسەڵات و زانایی و

خـواهیشی بـێ سـنوری خوای پەروەردگارمان ئـەداتـە دەس . « ١ » .

ئەمە لەلایەکەوە ، وەلەلایەکی ترەوە ئەگـەر بە وردی سەیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بکەین ، ئەبینین کەوا هەستی مرۆڤ ئەبزوێنێ و ، میشـک و دل و ژیریان راڤەکێشـێ بۆ لای بەش و پارچەکانـی بوونەوەر و ، ئـەمان کێـڕێتەوە بۆ چـاخە رابووردووەکان و لەهەر یەکە لە مانەوە ئەمـان کە یەنێتـە ئەنجامی باوەڕی بـێ گومان هێنان بە بوون و دەسـە لاتی خوای پەروەردگار . بەڵکـو ناچارمان ئەکات کە مەشخەڵ هەڵبگرین و مرۆڤەکان بـانگ کەین بۆ سەر شـەقامی پـان و پۆڕی خـوا ناسی و خوا پەرستی ، کە ئایان کوم بووە .

٢) ـ یەکێتی ئەژاد :ـ

هەر یەکەم ئایەتیان ـ وەکو تێی گەیانین کەوا مرۆڤەکان یەک پەروەردگـاریان هەیە و لەیەک سـەر چاوەوە هەڵ قو لاون تێمان ئەکەیەنێ کەوا مرۆڤەکان هەمـوویان لە خزمایەتـی

---

(١) بۆ نمونە سەیری پـەڕاوی « أللە یتجلی فی عصر العلم » وە پەڕاوی « العلم یدعو للایمان » وە پەڕاوی « مع اللە فی السماء » وە پەڕاوی « رجال ونساء أسلموا » وگەلێکی تر . . بکە .

یا به یەك ئەگەن و یەك بەرەبابن و یەك جۆر پەیوەندیان بەیەکەوە هەبە ، هەموویان لە دایکو باوکێکەوە ، لە پیاو وژنێکەوە پەرەیان سەندووەو ، هەموو خوشکو برای یەکترن و ، یەك نەژادیان هەیە و ئەندامی خێزانێکن « یا ایها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالاً کثیراً ونساء » .

. . . ئەگەر ئادەمیزادەکان لەم راستیەیە بگەیشتنایەو بەگوێرەی ئەم حەقیقەتە لە ناو خۆیانا بجوڵانایەتەوە ، بە هیچ جۆرێ یاسای چینایەتی و دەمارگیری و رەگەزایەتی و نەتەوە بازی و تیرە پەرستی و وێنەیان کەبونەتە بەڵا بەسەر ئادەمیزادەوە و لێکی ترازانون و بڕبڕو پارچە پارچە و لەت و پەتو شێرزەی کردوون ، ئەمانە هیچیان ڕوویان نەئەداو جێیان نەئەبروە وە لەناو ئەو خێزانە گەورەیە دا ، وە ئەگەر ڕویشیان بدایە ، لە خۆیانەوە نەتوانەوەو لە ناو ئەچوون . . . .

. . . پەیڕەوی کردنی ئەم راستیەو ، ئەو فەرمانانەی لەسەر ئەم راستیە و بڕیتەو کردنی ئەم راستیە دەر چوون ، . وەکو یەکسانی مرۆڤو کەسیان لە کەسیان گەورەتر و زیاتر نیە بە پێی خواستناسی و کردەوەی چاکە نەبێ ، وە بانگەوازی پێغەمبەری خوا — درووی لەسەر بێ — : « هەرکەسێ بانگی دەمارگیریی لێ بدا ، لە ئێمە نیە — واتە موسڵمان نیە — وە ئەوەی لەسەر دەمارگیریی بمرێ ، لە ئێمە نیە ، وە ئەوەی لە

ڕێی دەمار گیری یا بچەنگێ ، لە ئێمە نیە » .

. . . یا وەکو دۆستایەتی و یارمەتی و هاوکاری و خۆشەویستی و دڵسۆزی و بۆیەکتری بوون و لەگەڵ یەکا بوون و گەلێکی تریش . . . پەیڕەوی ئەمانە ئەبێتە زامن ردسەبەر ، ئەبێ بۆ قەڵاچۆ کردنی یاسای چینایەتی کە زۆر لە مرۆ ڤەکان پێوەی گیرۆدە بوون ، وە بۆ گۆڕ کردنی چەنگەوەرای نەتەوایەتی وتیرە پەرستێتی . چونکە لەگەڵ ئەو پەیڕەوی یەدا ، ئیتر مەوو کەسێ و هەموو تیرەو نەتەوەیەك مرۆڤ و تیرەو نەتەوەکانی تر بە چیاواز یا بە دوژمن دانانێ ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەبراو هاو نەژاد و کەسی خۆیان دا ئەنێ .

ئیتر نە بەچاوی سووك سەیری ئەکا ، نەماڵ و ماڵ و خاك و دارایی ان داگیر ئەکا ، نەژێر دەستی ئەکاو نەدەسەلانی لێ داگیر ئەکا ، وە هەموویان هەست بەبرایەتی و خزمایەتی یان پاڵیان پێوە ئەنێ کە یارمەتی یەکتر بدەن .

ئەمە فەلسەفەو بیرو رای ئیسلامە بەرابەری گرژەی ئادەمیزاد ، بەڵام شارستانیتی تازەی مادەی خۆر ئاوا — وەکو نەفامێتی کۆن — یاسای شەڕە زۆرانی چینایەتی — صراع الطبقات — دروست ئەکاو ، ڕەواجی پێ ئەداو ، ئەیکات بە

فەلسەفەی خەباتی خۆی. وە بە ملیۆن مرۆڤی تیا بەکوشت ئەدا ، یان دەمار گیریی نەتەوایەتی دروست ئەکا - وەکو - فاشیتی و نازیتی و ... - وە لە سەر ئەم بناغەیە ، جەنگ و مەرای خوێناوی و وێران کەر بەرپا ئەکا بۆ سەر خستن و زال کردنی چینی یا نەتەوەیەك ، وە شیرازەی ئاشتی و ئاسایش و کامەرانی کۆمەڵ ئەپچڕێ .

٣) هاڤی ئافرەتان :—

هەر ئەو یەکەم ئایەتەی پێغەمبەر سەرنجمان ڕائەکێشێ بۆ لای شتێکی گرنگ کە لەدرێژایی تەمەنی مرۆڤا - بەمەرجێ لە سەر بیرو باوەڕی خوایی نەڕۆیشتبن - لەوشتەدا کەوتونەتە هەڵەی گەورە گەورەوە . . ئەوەیش بریتیە لە بیروڕای مرۆف دەربارەی ئافرەتان ، ئایەتەکە بە ووشەیەکی کورت (خلقکم من نفس واحدة وخلق منها زوجها -) تێمان ئەگەیەنێ کە ئافرەت لە سروشت و لە دروست بوونیا لەگەڵ پیاوا یەکە ، . خوای پەروەردگار خۆی بە دەستی تەوانایی خۆی یەکەمین ئافرەتی لەیەکەمین پیاو دروست کرد ، بۆ ئەوە بێتە ژن وهاوسەری بێتە کەیانۆیی و ، خانم و خاوەنی مالی بێ ، بێتە دایك و لەلەو پەروەردە کەری منالە کانیان ، پێویستی ژن و مێردایەتی و

داخوازی و ئارەزووی نەژادی بۆ پێك بێنێ ، بەیێتە هـۆی ئارام و حەوانەوەی (ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة ، إن فى ذلك لأيات لقوم يتفكرون) «١» .

یـانی : لە نیشانە گەورەو دیـاریـیەکانـی خوایە ئەی — = ئادەمیزاد کە هەر لـەنەژادی خۆتان ئافرەتانی بۆ دروسـت کردوون ، بۆ ئەوەی دڵتان لەلایان بحەوێتەوەو لە دڵە ڕاوەکە بکەون و ئارام و ئاسایش ڕووتان تێ بکا و دابەزرێن ، وە لە نێوانی خۆتاباـ پیاووژن و کەس و کاری هەردوو لاتـانا — خۆشـەویستی و دڵـۆزی و بەزەیی داناوە ، بەڕاستی لەم کارو بەهرەیەدا زۆر بەڵگەو نیشـانە هەیە بۆ ئەوانەی خزیان بـە ئادەمیزاد ئەزانن و بـیر ئەکەنەوە . « ٢ »

ئادەمیزادەکان لە کۆنا لە هەڵەدا بوون دەربارەی ئافرەتـان . . بە چەندەها شێوە بـیریان لە ئافرەتان ئەکردەوە :

ئایا ئافرەت ئادەمیزادە؟ ئایا خاوەنی گیانە . ئایـا زیندوو = بوونەوە و پاداشی پاشە ڕۆژی هەیە ؟ یان هەر بۆ کارەکەرێتی وبۆ ئێشکردن و خزمەتی پیاو دروست کراوە ؟ ئافرەت بریتـیە لـە

« ١ » سورة [الروم] « ٢ » سەیری [ئایین و بەرنامەی ژیـان] بکە .

داوێکی شەیتان کە لە ڕێی ئافرەتانەوە پەیدا بوو ئەخەڵەتێنی و سەری لێ ئەشێوێنی ! ! ئیتر بەبێن ئەوە هیچ جۆرە ماقێکی بۆ دیاری بکرایە یا سەر بەسێ یا ژیانێکی بۆ دابتراشە ، . وە لە چاخی تازەیشا دیسان ئادەمیزادەکان کەوتنە هەڵەوە لەکارو باری ئافرەتانا . . هەڵسان بۆ چارەی ئەو بارە نالەبارە ، ڕێکا - یەکیان دۆزیەوە لەباری پێشو ناشیرینتر . . جلەویان بۆ ژنان شل کردو بەرەڵایان کردن ، شێوەیەکی ئەوتۆیان بۆدانان کە لەکەڵ ڕێزو کەورەیی و کەرامەتی ئادەمیزادو ئافرەتانا نەگونجێ یەرگێکی وایان کردنە بەر کە تەنیا بۆ ئەوە دەس بدا بێتە ئامێرو هۆی ڕابواردنی پیاوان ، لە وڵاتە بێگانەکانا لە گۆشەی ئافرەتانا بەتەواوی پەردەی ڕ«ووشت و شەرمو وێڵی مرۆڤایەتی دڕاوەو ، لە ناو گۆمەڵاڤرێ دراوە ، لە هەندێ لە وڵاتانا یانەی ڕووتان (نادی العراة) یان داهێناوە نێرومێ بە ڕووتی تیایا ڕابوێرن ، وە لە گۆمی مەلەدا پێکەوە مەلە ئەکەن ، وەکو بەرگیان لەبەرا نەبێ وایە .

— لە پاریسا ئافرەت توانی بە ڕووت و قووتی و بەبێ هیچ جۆرە بەرگێ بێتە دەرەوە و بە شەقامەکانا بکەڕێ ، گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش ئەمەیان بە بێلیمەتی و پاڵەوانی داناو ، بە شانازی یەوە باسیان کرد . .

بەڵام ئیـــسلام - بەرنامەی خوا بۆ مرۆڤ - ئە بیرو ڕاو نەخشەی ژیانا جیاوازیی لەگەڵ هەردوو شێوەکەدا هـــەیە..

ئیسلام ئافرەت دانەنێ بە خوشکی پیاو ، بەنیوەی کۆمەڵ ، بە خانم و کەیبانۆی ناو مال ، بە قوتابخانەی یەکەمو پـــەروەردە کەری منال ، بەرگی ڕێز و شەرم و ئابڕو و کەرامەتی ئەکاتە بەر ئەیکا بە جێگەی ڕازو نیازی پیاو ، وە لەگەڵ پیاوا وەکـــو یەك دایان ئەنێ و لەهەموو هەق و مافێکی ژیانی هـــەر دوو جیهانا بە یەك چاو سەیریان ئەکا —بێجگە لە هەندێ جیاوازیی کەلە سروشتی هەردوو لایانا هەیە — قورئان و فەرمودەوپەڕاوە ئیسلامییەکان بەدرێژی ئەمانەیان باس کردووە .

٤ - خێزان :—

هەر وەها یەکەم ئایەتی بەر دەمان دەری ئەخا کەخێزان بناغەی کۆمەڵە ، وە بەبێ خێزان کۆمەڵ پێك نایـــەت ، وە یـــەکەم پلەی خێزان بریتیە لە پیاوو ئافرەتێك [وبث منهما رجالاً كثيراً ونساء] ئایینی ئیســـلام زۆر بایەخ ئەدا بە خێزان ، وە زۆر بناغەی مەحکەم و ڕەویە وێڵو فەرمان و یاسای بۆ دانـــاوە کـــە پەیڕەوی یان ئەبێتە هۆی کامەرانی و ئا خێزان ، وە بەبەختیاری خێزانـــەکا

پێك یەت و ئاسایش لە ئاویانا بلاّو ئەبێتەوە .

ئیسلام داوا ئەکا لە پیاو لە کاتی ژن هێنانیا ئافرەتێ بدۆزێتەوە ، کە هاوشانی بێ ، لەگەڵ سروشت و ئارەزو و شوێنە واریا بگونجێ ، بتوانێ دڵنیایی و خۆشەویستی و بەزەیی خێزانی دروست بکا ، دڵی هەردووکیان دابمرکێ و لەدڵی یەکاین ، بۆ ئەوەی ژیانێکی خێزانی هێمن ئاسودەیی پر لەخۆشەویستی و کامەرانی دروست بکەن

پێغەمبەری خوا — درودی لەسەر بێ — ئەیفەرموو :

(ئافرەتی باشرو جێگای چاك هەڵبژێرن بۆ ئاو (نطفه) تان وە لە شوێنیکا جێگای خۆی نەبێ دای مەکەن) . وەفەرمویە (با پیاوو ئافرەت لە پێشەوە یەکتر ببینن ، چونکە ئەوەباشترە بۆ ئەوەکە پەیوەندیان بەردەوام بێ). ئەبێ پیاوو ئافرەت هەردو لایان ئارەزوویان لەسەر یەکتر بێ و رەزامەندی دەربڕن ، وە ئەگەر یەکێکیان ناڕازی بێ مارەیان لا یەك نابڕرێ ، ئەبێ ژن هێنان بە ئاشکرابێ و خەڵکی پێی بزانێ ، وە بە شێوەی هەمیشەیی مارە ببڕێ نەك کاتی ، وە شێوەی بە یەك کەیشتنیان بە دڵنیایی بێ و ، وەك هەرگ وابن بۆ یە کتری [و من آیاته أن خلق لکم من أنفسکم أزواجاً لتسکنوا الیها وجعل بینکم مودة

ورحمة] «١» (هن لباس لكم وأنتم لباس لهن) «٢»
واته : ژنانتان وەك بەرگ وان بۆ ئێوەو ئێوەش وەك بـــەرگ وان بۆ ئەوان .

وە بۆ ئەوەی خێزانەکە بەختیار و ڕێك و پێك بێ ، وەهەر کەسە پێویستی سەرشانی خۆی بزانێ تا بەبێ دەنگ هەڵسێ بەئیش و کاری خۆی .. بۆ ئەمانە ئایینی ئیسلام ئیش و کاری خێزانـی دابەش کردووە ، وەلەم بەشـــەیشا ســـەیری سروشت و لێ هاتن و بەرگە گرتنی ئەندامەکانی خێزانی گردووە :

دەس خستنی نان و ژیان و خۆراك و پێویستیەکانی تر .. ئەوانەی پێویستی یان بەشە بەیخون و کەران و سوڕان و ڕەنج کێشان وئەم لاولا کردن هەیەو ، لەڕێگەیایە جەنگو هەراو کوشتنو بڕین و کرتن و ئالەم چەشنانە . ئەمانەی داناوە لەســـەر پیاو ، وەهەر وەها پیاوی کردووە بە کار بەدەست و سەرۆکی خێزان .

ئافرەتی داناوە بەکەیبانۆو خانمی مال ، بەبەخێـــو کەرو پەروەردەکەری منال ، بەڕێك خەری خۆراك وئەو جۆرەشتانەی پەیوەندیان بە مالو کوێ ئاکرەوە هەیە ، هەتا ئافرەت بێجگەلە ڕێکخستنی مالو حالو لە پارێزکاری یان دەسی خالی بێ بۆ بەخێو کردن و لەلەیی و لاوانی منال ، هەمیشە منالەکەی لـەبەردەستیا

« ١ » سورة (الروم] . « ٢ » سورة « البقرة »

بێ وبتوانی ئاگاداری‌ی بکاو ، بەو سۆزو خۆشەویستی و ئارەزووەی مەبەتی بۆی لە گەڵیا خەریك بێ .. بێ گومان ئەگەر ئافرەت مالوگوێ ئاگری بەجێ هێشت و ڕۆیی بەم‌لاوبەو لادا ، بەدەم ئیشو کارەوە ماندووشەکەت ئەبن لەئیش و فەرمانەکەیا ، یا ئەگەر چوو بۆ دانیشتو منالی بەجێ هێشت و لای ئێوارە هاتەوە بۆ مال ، لەم کاتانەدا — بێجگە لەوەی منالەکە لەو ماوەیەدا ناڕی‌و لەناو ئەچێ — ئێوارە ئەو ئافرەتە هەژارە لە تواناو تاقەتیا نابن لەگەڵ منالەکەیا خەریك بێ و خزمەتی بکاو لەسۆزو خۆشەویستی تێری بکاو ، وە ئەگەر دایەن بۆ منالەکە بگیرێ و بدرێتە دەس بێگانە ، بێجگە لەوەی سۆزی دایکێتی بۆی نابێ‌و زۆر جار کەمتەرخەمی لەگەڵا ئەکاو گوێ‌ی ناداتێ ، لە منالەکەدا کرێ‌ی دەرونی و هەست بەناتەواوی پەیا ئەبن . . وەك و زۆر لە زانایانی دەروونی [علم النفس] ئەمەیان دەر بڕیوەو بە درێژی باسیان کردووە .

وە بۆ ئەوەی گومانی وانەکەیت کە ئیسلام لەم دابەش کردنی ئیش‌و کاری خێزانەدا بە گوترە داینراوە ، یا بە چاوی سووك سەیری ئافرەتانی کردووە ، ئەت نێرم بۆلای مامۆستایەکی‌باوەڕ پێ کراو لە زانیاری و شارستانێتی تازەدا ، ئەت نێرم بۆلای

[دوکتور ألکسیس کاریل] له پەراوی [الانسان ذلك المجهول]دا که ئەڵێ : (ئەو جیاوازی یەی له نێوانی پیاوو ئافرەتـا هەیە ، وە نەبـێ له وێنەی تایبەنی ئەندامی زاووزێ - یەوە ، یا له بوونی منالدانو سك پڕی یەوە ، یا له شێوەی پـێ خوێندن و فێر کردنەوە بـێ ، چونکە ئەوە خاوەنی سرو شتێکی گرنگترە لەوە . . .

ئەو جیاوازی یە پەیدا ئەبـێ له پێك هاتنی تێشـــووە کان (تکوین الأنسجة] خوێان . وە له چاك کردن(تلقیح)ی لاشە هەموی بەو مادەە کیمیاوی یە دیاری یانەی هێلکـەدان فرێ یان ئەدا .

نەشارەزایی لەم ڕاستی یانە پاڵی نا بە وانەی بەرگری لەئافرەتان ئەکەن بۆ سەر باوەڕ بەوە کە ئەبـێ پیاوو ئافرەت یەك جـۆر خوێندن و فێر کردنیان بێـێ ، وەیەك هێزو یەکـك جۆر لێ پرسینەوە یان بدرێ بە شانا ، ئەوەی ڕاستی بێ ئافرەت جیاوازی کەورەی هەیەلەپیاو ، هەر شانەیەك لە شانە کانی لاشەی سروشتی نەژادی خۆی هەیە . . .

یاساکانی (فەسیز لۆجیا) وەکو یاسایانی بوونەوەر نین کە دەس بدەن بۆ دەسکاری کردن . ناگونجێ ئارەزووی مرۆڤ تیایانـا

ئاڵ و گۆڕ بکا. له بەر ئەوە ئێمە ناچارین چۆنن وەما وەریان گرین ، پێویستە لەسەر ئافرەتان کە وا بە پێی سروشتیان پەرە بدەن بە مرۆڤایەتیان ، بەبێ ئەوەی لاسایی پیاو بکەنەوە ، خۆ دەوری ئەوان لە پێش خستنی شارستانێتی دا بالاترە لە دەوری پیاوان ، بۆیە پێویستە لەسەریان واز لە ئیش و کارە دیاری کراوەکانی خۆیان نەهێنن و لێیان نەگوێزنەوە] .« ١»

ئیسلام سەرۆکایەتی خێزانی داوەتە دەس پیاو : [و لهن مثل الذی علیهن بالمعروف والرجال علیهن درجة] «٢» واتە : ئافرەتان ئەوەندەی پێویستی سەرشانیان هەق و مافیان هەیە بەشێوەی شیرین و چاك ، وە پیاوان [پلە و پایەی بەرزیان هەیە بە سەر - یانا] . وە ئایەتێکی تر ئەم پلەیەمان بۆ دیاری ئەکا و ئەفەرموێ : (الرجال قوامون علی النساء بما فضل الله بعضهم علی بعض وبما أنفقوا من أموالهم «٣» واتە : پیاوان پلەی سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی کەریان هەیە بەسەر ئافرەتانەوە ، بەهۆی ئەو پایەیەی خوا ئەیدا بە هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریانا ، وەبەهۆی ئەو ماڵوسامانەیان کەخەرجی ئەکەن و بە ختی

« ١» الانسان ذلك المجهول ل : ١٠٨ — ١٠٩

« ٢ » سورة البقرة « ٣ » سورة النساء .

ئەکەن لە پێناویانا .

کەوا بێ ئەو پایەیەی پیاوان نەبەکزتر دراوە و نەبەزۆریش سەنراوە ، بەڵکو لە سروشتی هەردوو لاوە بە شێوەیەکی داد کەری و گونجاو وەرگیراوەو ، دابەش کردنەکە پڕ بەپێستی هەردوولایە .

دیسان ئیسلام داوا ئەکا لە پیاوو ئافرەت هەموو ئەندامەکانی خێزان کەوا ڕێز لە یەکتر بگرن و بەووتەی شیرین و بە تام لە گەڵ یەکا بدوێنو یەکتری یان خۆش بوێ . هەتا منا ڵەکان چاویان لێ بکەن ولێ یانەوەفێری وێڵ بین، چونکەمنداڵ هەمیشە ئەیەوێ لاسایی کەورە بکاتەوە و شوێن ئەوان ئەکەوێ . پێویستە لە سەر باوك و دایك لەبەر چاوی منالەکانیان هەڵسن بەبەجێ هێنانی پێویستی یەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕەووشتی ، وەخۆیان لە کونامو ناڕەواکان دوور بگرن و بەناشیرین و قێزەوون پیشانیان بدەن ، بۆ ئەوەی منالەکانیان لەسەر ئەوە ڕام بێن و لەچوار چێوە و شورای مرۆڤایەتی وئیسلاما بڕۆن و پێ بگەن ، نەك لابدەن و لەسنوور دەرچن و شوێنی ڕەفتاری ناڕەواری باوك و دایکیان بکەون و پاشان بێنە یار بەسەر کۆمەڵەوە .

ئەبێ باوك و دایك بەچاوی سۆز و خۆشەویستی و دادو یەکسانی یەوە سەیری هەموو منالەکانیان بکەن. نەك چاوی

جیاوازی‌یان ببێ و ئەویش بێتە کرێبەکی دەروونی لە هەندێکیانا و لەڕێگە لای بدا ، وە ئەبێ چاودێریی منالە — — کانیان بکەن و بیان خەنە سەر ڕێکای ڕاستو لەڕێکای لارو چەوت لایان بدەن ، وە بە شێوەیەك کەلاڵەیان بکەن و ڕامیان بێنن کەلە پاشە ڕۆژا هەر یەکەیان بێتە خشتێکی بەکەڵك لەقە لای کۆمەڵی موسڵمانانا .

وە لەو لایشەوە ئەبێ منالەکان بە جوانترین شێوە لەکەڵ باوك و دایکیانا بجوڵێتەوە و ڕێزیان بگرن و گوێ ڕایەڵیان بکەن و هەڵسن بە خزمەت گوزارییان . وە ئەندامەکانی خێزان بە — نێکڕایی — ئەبێ دڵسۆزو خۆشەویستی یەکتربن و ، ڕێزو ڕاستی ودڵ پۆداهێنان لە ناویانا بلاو بێتەوە ، ئەبێ وەکو دوو دەستەی ئادەمیزاد وابن وبە کتر بشۆرن و پاکی بکەنەوە .

بەم پێیە خێزانی بەختیارو کامەران بەرپا ئەبێ ، وە لەو خێزانانە کۆمەڵی بەختیارو کامەران پەیدا ئەبن و ، خۆشی و ئاسایشو پێش کەوتن بەشی ئەبێ .

٥ — خزمایەتی :

هەر ئایەتی یەکەم خزمایەتی نێوان هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵی گەورەی مرۆڤمان بیر ئەخاتەوە و ، داوامان لێ ئەکا : کە ئەو

خزمایەتی یە بپارێزین و ئاگاداری بکەین ، وەلە شووڕای ئەو خزمایەتی یە دەر نەچین [واتقوا الله الذی تساءلون به والارحام ، إن الله کان علیکم رقیبا] واتە : خۆتان بپارێزن لەو شتانەی خوا ناڕازی یە لێیان ، وە خۆتان بپارێزن لە پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی ئادەمیزادەکان .

لە پێشەوە زانیمان کە ئادەمیزادەکان هەموو یەکن و یەک پەروەردگاریان هەیە ، وە هەموویان ڕۆڵەی باوک و دایکێکن و براو خوشکی یەکترن ، ئەبێ هەموویان دۆست و دڵسۆزی یەکترین .. چی یان بۆ خۆیان ئەوێ ئەویشیان بۆ ئە وان بوێ ، وە کەورەترین و باشترین شت بۆ مرۆڤ ئیسلامەتی و پەیڕەوی کردنی خواو پێغەمبەری خوایە ، لە بەر ئەوە پێویستی سەر شانی هەموو موسڵمانێکە ، هەوڵ بدا کە ئایینی ئیسلام بە ناو مرۆڤەکانا بڵاو بکاتەوەو ، کوفرو گوناهو خراپە لە ناو کۆمەڵا نەیەڵێ بە گوێرەی تواناو لێ هاتنی ، وە هەر کەسێ لێرەدا تەمەڵی یا کەمو کوڕی کرد تەوە لە پاشە ڕۆژا لە بەردەمی دادگای خوادا لێ پرسراوە (إن الله کان علیکم رقیباً) .

وە شێوەو جۆری ماف و پەیوەندی یەکان لە پەراوە ئیسلامی یەکانا دیاری کراون .

٦ــ جولانەوە لە گەل هەتیودا :

بەو جۆرەی پێشەوە هەندێ لەسەر یەکەم ئایەت دووانین ، وا ئێستە دووەم ئایەت یەتە پێشەوەو دەس ئەکا بە دامەزراندنی ئەو پایانەی یاسا دادپەروەریی یەکانی کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی یان لەسەر بنیات ئەنرێ . . !

وەکو دەستە بەریی کۆمەڵایەتیو ، پارێز گاری کردن و ، سەر پەرشتی کردنی مال و ماف و دارایی ئەو هەژارو بێ دەسەڵاتانەی بێ کەس و بێ نازو بێ دالدەن . . یا ئەڵێین : مال و سامانی کۆمەڵ بە ڕوویەکی گشتی :

ئیسلام ڕێ نادا کەمال و سامان بخرێتە ژێر دەسی نەفام و نەزانەکان ، ئەوانەی تازانج و زیانی خۆیان و کۆمەڵ لێك جیا ناکەنەوە ، وە دوور نیە مالەکەیان بە فیڕۆ دابێن و لەشتی پڕوپوچ و نارەوادا مالێکی زۆر بەخت بکەن ، بەمەیش زیانێ بە دارایی خۆیان و کۆمەڵ بگەیەنن ، لەبەر ئەمە ئیسلام قەدەغەی دەست تێ بردن لەمال و سامانا ئەخاتە سەر نەفامەکان بە شێوەیەکی گشتی وەسەر هەتیوو بێ باوکەکان بە شێوەیەکی تایبەتی ، وە مرۆڤی دەست و دڵپاکی بەسەرەوە دانەنێ لە

ئایەتێکی قورئانا ئەفەرموێ :

(ولا تؤتوا السفهاء أموالكم التی جعل الله لكم قياماً وارزقوهم فيها واكسوهم وقولوا لهم قولا معروفا) «١»

یانی : نەدەنە دەستی نەفامو کێلەکان ئەو مالو سامانەتان کە خوا کردویەتی بەمزی ژیان و بەرپا بونتان ، (حوتان بەبێ خیانەت سەر پەرشتی بکەن) و لەو مالە رۆزی یان بدەنێ و بەرگیان بۆ بکەن و بە ووتەی شیرین لە گەلیان بدون تاتێ بگەن ئێوە بەزەییتان بە وانا دێتەوە و بۆ سودی ئەوانە ئێوە چاو دێری مالە کەیان بۆ ئەکەن .

خۆ ئەو مناڵە بێ باوکانەش کە ئاوەزایان بەوە ناشکێ مالەکەیان بخەنە ئیشەوەو هەڵی سووڕێنن لە پێزی نەفامەکانا دائەنرێن و ، چاودێری کەر لەسەر مالیان دائەنرێ . جا ئایەتەکەی بەر دەمان کۆمەڵ و ئەوانەی کۆمەڵ کردونی بە ئەمین دارو چاودێری کەری مالی هەتیو ئامۆژگاری ئەکا ، مەترسی کەورەیان ئەخانە پێش چاو ئەگەر دەستی ناپاکانەیان خستە ناو سامانەکەی ژێر دەستیان و ئەفەرموێ ! (وآتوا الیتامی أموالهم ، ولا تتبدلوا الخبیث بالطیب ، ولا تأکلوا اموالهم

«١» سورة (النساء) .

الى اموالكم إنه كان حوباً كبيراً) « ١ » .

واته : كاتێ مەتیوەكان كەورەبوون و وایان لێ هات بغامن و قازانج و زیانی خۆیان جیا بكەنەوەو لەپلەی كێلی و نەفامیی پەرینەوە ئیتر مالەكەی خۆیان بدەنەوە دەستیان بە تەواوی ، بەڵام نەكەن مالەكەیان بكۆرن ، چاكیان هەڵبگرنو خراپیان بدەنەوە ، وە مالەكەیان بە تێكەڵاوی مالی خۆتان نەخۆن ، چونكە ئیشی وەها و خیانەتی بەو جۆرە كوناهێكی گەورەیە و لە رۆژی ــ دواییدا ــ تەگەر لەم جیهانەیشا نمونەی نە بینن ـ گیرۆدە تەبن پێوەی .

لەسەر دەمی نەفامێتیدا لەناو عەرەبەكانا ـ بێ گومان غەیرە عەرەبیش هەر وابوون ـ دەست بەسەرا گرتنو داگیر كردن و خواردنی مالی بێ دەسەڵات وبێ نەواو بێ كەسەكان ، وە كو هەتیوو ئافرەت و هەژارەكان باوبوو ، لەبەر ئەوەیە تەبینین قورئانی پیرۆز كە دەستوری ئیسلامە لە زۆر شوێنا ئەم باسە تەهێنێ و بە درێژی لەسەری تەڕواو باسی خراپیو ناڕەواییتەو باوە تەكاو ، هەڕەشەی سەخت لەو كەسانە تەكا كەلە مێشكیا نا مەندەی تەو باوە ماوەو تەیانەوێ دەستی ناپاكی درێژ بكەن بۆ سەر مالی بێ دەسەڵاتەكان ،

« ١ » سورة « النساء » .

ئایینی ئیسلام هاتو ، یەکێ لە ئامانجە گرنگ و پیرۆزەکانی
نەمانی زوڵم و زۆر بوو لە جیهانا ، وە بۆ پێك هێنانی ئەم ئامانجە
لەم گۆشەیەدا کۆمەڵی کرد بە (لێ پرسراو) کەسەر پەرشتی
مالی نەفام و مەتیوەکان بکاو ، مرۆڤێکی خاوێن هەڵبژێرێ کە
چاودێری ئەو مالە بکا هەتا نەفامەکە ل ناوی نەبساو کەس لە
دەستی نەستێنێ . جا ئەگەر هاتو ئەو مرۆڤە کەوتە لەناو بردنی
و ، ویستی داگیری بکا ، ئامانجەکە نەهاتەدی و شتەکە
چووەوە سەر بەزمی پێشوی ، بەڵکو خراپتر لە پێشوو ، چونکە
بە ناوی سەرپەرشتی کردنەوە ئەی خوات .

ئایینی ئیسلام لەگەڵ دانانی یاساو نەریتا ، هەوڵ ئەداو دڵ و
دەروونی مرۆڤەکان لە هەموو ژەنگ و ژاروو ، چەوروستەم و ،
درندایەتی و ستەم و خراپە کاری یەك پاك بکاتەوە ، وە بە هۆزی
باوەڕی راستە قینەوە — چاودێر — ی ئاکادار لەناو هەموو
دڵێکا دابنێ ، تا نەیەڵێ دەروونی زاڵ بەسەر و لەڕێگە لای بداو
دەست درێژی پێ بکا ، وەبەبێ دروست بوونی ئەو باوەڕو نەو
چاودێرە نەهێنیە ، پەیڕەوی یاساو نەریت ناکرێ ، هەرچەندە
یاساوو ڵو ژاندرمە و سزای سەخت بەسەر و زۆر بێ .

وە ئەم رووە یەکێکە لە جیاوازی یەکانی نێوانی یاسای خوایی و
یاسای دەسکردی موزف ، چونکە لە یاسا دەسکردەکانی مرۆڤا

باوەڕ بە یاسا لەناو دڵا نیە ، بۆیە ئەو هەموو لادان و پێچە وانە جوڵانەوە ئەبینی ، بەڵام لە یاسای خوایی یا باوەڕ بەهەموو بەشەکانی یاسا — وەکو باوەڕ بە خوا — هەرجی موسڵمانێتی یە لەبەر ئەوە لێدان تیایانا زۆر کەم ڕوو ئەدا لە حکومەتی ئیسلامیا .

لە سەر ئەم بناغە پتەوەیە خوای گەورە و پەروەردگار دوا بە دوای دانانی یاساو نەریتەکان مرۆڤەکان ئەترسێنێ : بەئاگاداریی و چاودێری خوا . بەسزای سەختی خوایی ، بە لێ پرسینەوەی وورد ، بە تۆمار کردنی هەموو کردەوە یەك ، بە سزادان یا پاداش دانەوە لەسەر هەموو کارێ بچووك بێ یاگەورە ئەوەیە لێرەیشا ئەفەرموێ : ئەمە کوناهێکی گەورەیە و بەو سامناکیی یە ووشەکە ئەدا بەگوێو دڵی مرۆڤا .

٧— ژن هێنان :

أ— مارە کردنی ئەو کچە هەتیوانەی لەژێر دەستی پیاوەکانایە: عوروەی کوڕی زوبێر — کەلە (خاتوو ئەسما)یە وخوشکەزای خاتوو عایشەیە [ڕەزای خوایان لێ بێ] — پرسی لە خاتوو عایشە لە مانای ئەم ئایەتە : [وإن خفتم ألاّ تقسطوا فی الیتامی فانکحوا ماطاب لکم من النساء مثنی و ثلاث و رباع . .]

ئەویش فەرمووی : (خوشکەزای خۆم « دەستوریان وابوو » کچی هەتیو ئەکەوتە ژێر دەسیان ، ئەوانیش بە ناوی خزمایەتی یەوە دەستیان ئەکێشا بەسەر مالەکەیا ، وە لەبەر خواردنـــی مالەکەی ــ ئەگەر جوانیش بوایە لەبەر جوانیەکەیشـــی ــ مارەیان ئەکرد ، بەڵام بەبێ ئەوەی مێردەکەی دادی لە کە لا بەجێ بێنێ . وە ئەوەندەی پیاوێکی تر مارەیی بداتێ ، وە لێرەدا ــ واتە لەبەر ئەو زوڵم و مال خواردن و کەمتەرخەمییەیان لەگەڵیانا ــ قەدەغە کراون لە مارە کردنیان بەو شێوەیە ، مەگەر کاتێ مارەیی تەواویان بدەنێ و دادیان لەگەڵ بەکار بێنن . وە داوایان لێ کرا کەلە ئافرەتانی تر مارە بکەن ، . .)

لەم فەرموودەیەوە دەر ئەکەوێ کەلەکاتی نەفامیێ [جاهلیة]دا وبەر لەهاتنی ئیسلام ، لە ناو عەرەبەکانا بـاو بووە : ئەوانـەی کچی هەتیوو بـێ دالدەیان ئەکەوتە ژێر دەست لەبەر خاتـری خواردن و داگیر کردنی مالەکەی مارەیان ئەکرد ، بـە لام بـە شێوەی دادکەری و بەچاوی رێزی ژن و مێردایەتی وخزمایـەتی یا حەز لێ کردن و شەیدایی و ئەوینەوە سەیریان نەئەکردن ، بە لایانەوە سووک و بـێ نرخ بوون ، وە بەچاوی کارەکەریی و بـێ بایەخی سەیریان ئەکردن و بەلایانەوە شوورەیی بوو بـە ژنیان دا بێنن ، بەڵکو زیاتر مەبەستیان بەستنەوەیان بوو ،

بۆ خواردنی مالەکەیان وبۆ ئیش پێ کردنیان .
بە هەر جۆرێ بێ ئامانجی ژن هێنان و شوو کردنیان لەگەڵ نەماتوەتەدی ، وە ئارمزووی نەژادیو دڵنیایی و ڕێزو سۆز لە نێوانیانا پێك نەهات . بۆیە دەستوری ئیسلام بەم ئایەتەدەری خست کە ئەو کارو پیشەیە و ، ئەو جۆرە کردەوانە شایانی ئادەمیزادنین و لە گەڵ دادی ئیسلاما ناگونجێن ، وە هەرکەسن ناتوانێ یاسای ژن و مێردایەتی پڕ لە ماف و داد و سۆز لەگەڵئەو کچانەدا بهێنیتە دی کە باوك و دایکەو نازیان نیە ، ئەبێ دەستی لەوانە هەڵگرێ و بڕوا لە ئافرەتانی تر مارە بکات هەتا ئەگاتە چوار ئافـــرەت ، بە هەرجێ دڵنیابێ کە ئەتوانێ لە نێوانیانا داد بەرێ بەڕێوە ، ئیتر با ئەو کچانەیش بۆ خۆیان شوو بکەن بە مێردی واکەدادیان لەگەڵ صیەدی بێنن و سۆزی خێزانیی پێکەوە بێنن و ، خاوەنی ماف و مارەیی خۆیان بن .

ب — مارە کردنی زیاتر لە ژنێك :

ئایەتی سێیەم لە بەشی دواییدا دەری ئەبڕێ : کە پیاوێك بۆی هەیە ژن مارە بکا لە یەکێکەوە تاچوار ژن بەڵام بە مەرجێ دڵنیابێ کە ئەتوانێ لەنێوانی ژنـــەکانیا داد بەرێ بەڕێوە . .

لە ڕووی لەکەڵا بوونو ، لەلا بوون و ، بەخێو کردن و ، پێویستی ژیان بۆ ئامادە کردن و ، وێنەیان . . کە لەژێر توانا وەدەسەڵاتی مرۆڤایە ، بەڵام ئەو شتانەی لە ژێر توانای پیاوانیە و پا پوەندی بە دڵەوە هەیە ئەوە دەستی مرۆڤی ناگاتێ و قەی ناکات .

وە ئەگەر بێت وترسی ئەوەی بوو نەتوانێ داد بەجێ بێنێ ، بە خۆیا ڕانەئەبینی ژنەکانی یەک بخاو ، مانا و مەبەستی ژن و مێردایەتی و داد پداتە دەستی هەموویان . . لێرەدا نابێ لەیەک ژن زیاتر مارە بکا . وە ئەم کارەیشی بەستووە بەترس و خۆفی خوا وەو ئەفەرموێ : ئەمەیان نزیکترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی تووشی دەردی کوشندەی زوڵم و زۆرو لە سنوور دەر چوون نەبن . .

[وإن خفتم ألا تقسطوا فى اليتامى فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع فإن خفتم ألا تعدلوا فواحدة أو ما ملكت أيمانكم . ذلك أدنى ألا تعولوا] .

بەم پێیە و ، بەو مەرج و خۆ کرتنەوە ئایینی ئیسلام ڕێگەی داوە بە پیاوان کە زیاتر لەیەک ژنیان هەبێ . . لێرەدا دوژمنانی ئیسلام لە دوورەوەو ، شوێن کەوتووە کوێرەکانیان و بە کرێ گیراوە کانیان لە ناوەوە ئەمەیان بە هەڵ زانی و ، کەوتنە

پروپاگاندە کردن و ویستبان ئاوە ڕۆشنە کە لێڵ و لیخن بکەنو ،
جیهانیان پر کرد لەگریانو هاواری دەرد . .

چۆن چوار ژن بۆیەك پیاوبێ ؟ بۆچی ؟ ئایا ژن ئادەمیزاد
نیە ؟ چۆن زوڵمی وا لە ئیسلاما جێگای ئەبێتەوە ؟ ئەمە کارێلەیی یەو
شایانی مردنی ئازادو چەرخی زانیاری نیە ؟ ! . ئیتر بێئەوەی
بیر کردنەوە . یانێ بینی لە بابەتەکەدا بکەن ، تە نیا بەپێی
ئارەزوو هەوەسی خۆیان ، وە بۆ ناشیرین کردنی ڕووی شیرینی
ئیسلام . وە لەوێ بێ ئاکا بوون کە ئاو ڕوون کەرەوەیەکی
بچکۆلە ئەتوانی ئاوەکە ڕوون بکاتەوە ، شتەبایەکی فێنکی
بەیانی پەردە ڕەشەکە هەڵ ئەداتەوە و ئەوان لە شەرمە زاریی
بەولاوە دەستکەوتی تریان نابێ .

جا بۆ ئەوەی بابەتەکە بە ڕۆشنی بکەوێتە بەرچاومان با چەند
هەنگاوێ بگەڕێینەوە بۆ لای مێژوو ، بۆلای باوو دەستوری کومەڵ
لەپێش هاتنی بەرنامەی ئیسلاما .

١ــــ کاوەکان زیاتر لەیەك ژنیان لەسەر خۆیان باساغ کردە-
-بوو ، با ئەو ژنە پیر ، یا نەزۆك «١» یا نەخۆشیش بوایە .

٢ــــ لە ناو جولەکەو بتپەرست و بەشەکانی ترا بەبێ سنوورو
بەبێ مەرج ژنیان ئەهێنا ، پیاو بۆی هەبوو بەپێی

«١» نەزۆك : بە ئافرەتێك ئەووترێ کەهەرگیز منداڵی زا نەکا .

ئارەزوو مەیلی خۆی ژن بێنێ و سنوور ، یا مەهر ، یا رێگ لێ گرتنی نەبوو . . .

(بخاری) ڕیوایەتی کردووە : « کە غەیلانی کوڕی سەلەمەی ثقفی موسڵمان بوو (دە) ژنی هەبوو ، پێغەمبەری خوا ـ درودی لە سەربێ ـ فەرموی : چواریان لێ هەڵبژێرە ولای خۆت بمێنەرەوە » .

(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە کە : [عمیری أسدی] ئەڵێ : موسڵمان بووم و هەشـت ژنم هەبوو ، کە بۆ پێغەمبەری خوام باس کرد فەرموی : تەنیا چواریان لێ هەڵ بکرە » .

ئیمامی شافیعی لە (مسند) یا ئەفەرموێ : « نوفل کوڕی معاویەی دیلمی ئەڵی : کاتێ موسڵمان بووم پێنج ژنم هەبوو پێغەمبەری خوا ـ درووی لەسەربێ ـ فەرموی : چواریان لێ هەڵ بژێرە هەرکامیان ئارەزوو ئەکەی ، وە دەست بەرداری ئەوی تریان بە » . .

بەم ڕەنگە کە ئیسلام هات پیاوی وابوو دە ژن ، یا زیاتر ، یا کەمتری هەبوو ، بەبێ ڕادەو سنوور ، وە بەبێ هیچ جۆرە مەرجێ . ئیسلام هات و لەناو شورای لەقو لۆقی مرۆڤا ئەم بارە نالەبارەی ـ وەکو زۆر باری نالەباری تری ـ بینی ، وەبە پێی بناغەکانی چارەسەرکردنی خزی لای کردەوە بەلای ئەم بارەیشەوە

ڕێك و پێكی كرد ، ڕووی كرده پیاوان و فەرموی : لێرەدا ڕاددەو ستووری هەیە ئەبێ بۆی هەڵسنەدی ، لەچوار ژن زیاتر ڕێگە نیەو ئابێ لێی تێ پەڕن ، وە ئەمەیش مەرجی دادی خوایی هەیە ئەبێ بە جێی بێنن ، ئەگەر نەهاتەدی هەر(یەك) ژنەو زیاترنیە .

ئیسلام هات نەك جڵەو شل كا بۆو پیاو — وەك ئەڵێن — بەڵكو بۆ ئەوەی ڕێكی بخاو ستووری بۆ دانێ و نەی‌داتە دەستی هەواو هەوەسی پیاوان ، بەڵام ئایا بۆچی ڕێگەی دا بەزیاتر لەیەك ژن تا چوار ژن ؟ .

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێین تابینی ئیسلام هات بۆ ئەوەی بەرنامەو دەستوری كۆمەڵی مرۆڤایەتی بێ بە ڕوویەكی كشتی ، و، هەتاهەتایە هەر ئیسلام بەرنامەو دەستوریان بێ ، ئیسلام ئەبێ هەموو ئیشو كارو بارێكی تادەمیزاد ڕێك بخا ، بەشێوەیەكی شیرین كەلەكەڵ هەموو كەس و ، هەموو كۆمەڵو ، هەموو شوێنو ، هەموو ڕووداوێكا بگونجێ و ڕێك بكەوێ ، ئیسلام بە چاوێكی وورد و دوور بینیەوە سەیری بەرژەوەندی هەموو كەس و كۆمەڵێكی كرد ، لە هەموو چەرخ و ، لەهەموو جێگا وشوێنە وارێكا . . . بۆ ئەمەیە یاساكانی ئیسلام هەمویان گشتی‌ی وفراوان و ئاسانن و دوور بینیان تیا كراوە .

ئەگەر ئێمە بە ووردی سەیری یاساکانی ئیسلام بکەین لە کەل بابەتی [زیاتر لە ژنێ بۆ پیاو] وە لەکەل سەر ژ میری کۆمەڵو وولاتەکانا بەراوووردی تیا بکەین چی ئەبینین؟ یەکەم جارئەبینین لە زۆر چاخ و لە زۆر ووداوا ، لە ناو کۆمەڵەکانی مرۆڤدا رێك ئەکەوێ بە تایبەتی لە دوای جەنگ و هەرا خوێناویەکان ، وە لەدوای درم و نەخۆشیەکان ژمارەی ژنان بەرز ئەبێتەوە بەسەر ژمارەی پیاوانا ، وەبەرزترین پلەی ئەم زیادییە- وەکـــوو راپۆرتی زانا کان دەری ئەخا — لە رێژەی چوارویەك تـــی نەپەڕیوە ، بەڵکو لەو دەورەدا ئەسوڕێتەوە « نزیکترین نمونەی ئەمە ئێستە [ئەڵمان] ، کەلە بەرابەری یەك کوڕی گەنجەوە سێ کچ هەیە لە کاتی شـــوو کردنا لە تەمەنی (٢٠ تا ٤٥) سالاً » ئایا ئەبی چزن چارەی ئـەم ڕووداوە یا ئەم گـــرێ کوێرەیە بکەین ؟ .

لێرەدا سێ ڕێگە هەیە ئێمە لەسەریان بڕۆین :—

١— هەر پیاوەی ئافرەتی بێنی ، وە ئافرەتەکانی تر (زیاتر لە ژمارەی پیاوان) بەرەڵا بکرێن بەبی میرد و بی دالدە ، بی بەش بن لە ژیانی ژنێتی و دایکێتی و کەیبانوێتی و ، زۆر جار لە ژیانیش ، وە بی بەش بن لە منالّ بوون ، ئەگەر هـات و منالّی بوو لەڕێـکەی تاوان و بی شەرمیەوە ، ئەوەیش ئەبێتە بار ، منالێـکی بـێ باوك و

بی کەس و دالدە . بی ئەوەی خراپەیەکی کردبێ بە ناشیرین و تاوان بار ئەناسرێ .

ئەم ڕێکەیە پێچەوانەی ســـروشتی ئادەمیزادە ، پێچەوانەی هەست و خواست و سروشتی ئافرەتانە ، بۆچی لەوەی پێچەوانەی یاسای ئیسلامە ، وە هیچ ئادەمیزادێ بەم چارەیە ڕازی نـابێ ، ـــ مەگەر لەڕێزی ئادەمیزادی چوبێتەوە دەرەوە ـــ وە دەسـت کەوتی ئیش وکارو ، بوونی مـاڵ و سامان چاری ئەم نەخوشینە نـاکات ، چونکە داخوازی پیاو بۆ ئافرەت ، وە داخـــوازی ئافرەت بۆ پیاو ـــ وەک یەک ـــ داخوازیەکی قوڵی دەروونییە . پیاو بـێ ئافرەت و ، ئافرەت بێ پیاو دڵ و دەروونیان دانامەزرێ و ئارام و دل نیایی‌یان بۆ پێک نایەت ، وتێر کردنی ئـــارەزووی لاشەیی و نەزادیی ئەم بۆشاییە پڕ ناکاتەوە .

۲ ـــ هەموو پیاوێ ئافرەتێ مارە بکات و لەگەڵ هەندێ‌ترپانا دۆستایەتی بکرێ و ، دڵداری‌یان لـەگەڵ بکا و لەگەڵیانا ڕابوێرێ . بەم پـێیە ئافرەتە بێ مێردەکان لەگـەڵ دۆسـت و دڵدارەکانیانا ڕائەبوێرن بە حەرامی و لەتاریکایی‌دا .

بـێ گومان ئەم ڕێکەیەش پێچەوانەی ئایینی ئیسلامەو ، دژی بنکەو یاسای کۆمەڵی خاوێنی ئیسلامەو پێچەوانەی هەموو هەست و هۆشێکی سەرلێ نەشێواوەو ، هیچی لەڕێگەی یەکەم زیاتر و

باشترو خاوێنتر نیەو . لەگەڵ شەرمو شکۆو قەدری ئادەمیزادا
ــ بە بیاوو ئافرەتەوە ــ ناکۆنجێ وڕێك ناکەوێ .
دیـــان لەم دوو ڕێگەیەدا ئەو ئافرەتانەی بێ مێرد و بێ
دالدەن ئەگەر جوان نەبوون ، یا چووبن بە سالآ ، یا نەخۆش
و لاواز بوون ، ئیتر ئایا ئەبن بێ بەشربن لە ژیانو لەجیهان ؟
کێ سەر بەرشتیان ئەکات ؟ کێ لایان لێ ئەکاتەوە ؟ لەلای
کێ بحەوێنەوە ؟ خۆ تـازە لاشەیان نرخو بەهای نەماوە . ئەبن
چی بکەن وچۆن بژین ؟!!
٣ــــ هەر پێاوی بۆی ببـێ زیاتر لە ئافرەتێك هەتا چوار
== ئافرەت مارە بکا ، بەشێوەی شەرعـیو شەرمونابڕووەوە ،
بە یەکەوە خێزانێکی پڕ لەخۆشی کامەرانی پێك بێنن وبیاوە==
= کەیان بەدادو ڕاستی یەوە ــ وەکو یەك ــ لەگەڵیانا بجوڵێنەوە
بەم پـێیە هەموو یەکێ لە ئافرەتان ئەتوانن ژیانی ژنایەتـیو
کەیانزیەتیو دایکێیێ و پاك داوێنێێ دەســت خۆی بخاو ،
هەست بەژیانی خێزانیو هاوسەرێێ بکات ، وە هەموویان کۆمەڵ
بپارێزن لەخراپەو بـێ ئابڕوویی و ئارەوایی ، وەلەتێکەلاو
بوونی نەژادو تیرەکان وەلەتێکچونی خێزان . .
ئەمەیە ئەو ڕێگەیەی ئیسلام دانی پیا ناوەو هەڵی بژاردووە،

وه کردوویەتی بە چارەی ئەو کێرو گرفتانەی لەناو کۆمەڵا
ڕوو ئەدەن ، وەلەم ڕێگەیەدا بەرژوەندی ئافرەتانی — زیاتر لە
پیاوان — ئەپارێزرێ ولایان لێ ئەکرێتەوەو لایەنیان
ئەگیرێ .

وە جارێکی تر ئەبینین لەناو کۆمەڵانی مرۆڤدا لەهەموو
کات و چاخو جێگایەکا . . ئەبینین : پیاو هەتا ئەکاتە تەمەنی
حەفتا سالی وبەرە و ژوورتریش توانایی و ئارەزووی ژن و منداڵ
بوونی هەیە و ئەی بێ ، بەڵام ئافرەت لە تەمەنی چل سالی ،
ئەو پەرەکەی تا پەنجا سالی منداڵی ئەبێ و ئارەزووی ژنومێردیی
و هاوسەریی تیا ئەمێنێ . خۆ ئامانجی پیاوو ئافرەت و تێکڕای وەی
یان بۆ بەیەك کەیشتن و منداڵ بوونە ، وە بەم بۆنەیەوە زەوی
ئاوەدان ئەبێتەوەو کۆمەڵ پەرە ئەستێنێ .

دیسان زۆر ڕوو ئەدا کە ئافرەت لەبەر نەخۆشی یا هەر شتێکی
تر ئارەزووی مێردتێر ناکات ، یا هەندێ پیاو ئارەزوی
جووت بوونی لەگەڵ ئافرەتا تیا بەهێزە وبەیەك ژن — کە لە
زۆرکاتا لەکەڵیا جووت نابێ — ئارەزووی ناشکێ ، یا هەندێ
لە ئافرەتان لە بەر پیری یا نەخۆشی یا نەزۆکی منداڵیان نابێ ،
خۆ بەپێی باوی خوا هەموو کەسێش حەز لە منداڵ ئەکات ...
وەلەم کاناڵەیشا پیاوو ئافرەت ئەیانەوێ هەر پێکەوە بن و لێك

جیا نەبنەوەو پەیوەندییان بەیەکەوە نەپچڕێ .

ئایا ئەبێ ئێمە لەم کاتانەداو لە بەرابەری ئەو ڕووداوانەدا چ هەڵوێستێکمان هەبێ ؟ لێرەیشا ئەبێ ئێمە یەکێ لەم سێ ڕێگەیە هەڵبژێرین :—

١— پیاوەکە دابمرکێنین و ، هەواو هەوەسەکەی بکوژێنینە- وەو ، ڕێگەی پەلەقاژەی نەدەین و ، بەزۆری یاساپەت بخەینە ملی و بێ بەستینەوە بڵێین :

— شوورەییە بۆ تۆ هەر خەیاڵو چم‌وچوڵێ بکەیت پێچەوانەی مانی ئەو ئافرەتەیە والەلات ،

ئەم ڕێگەیە — وەکو ئەبینی . پێچەوانەی ســـروشتەو ناوانە بەرابەری پیاوەکەو ، لە توانای مرۆڤی سەر بەستا نیە ، ئایینی ئیسلام ناڕازی یە لەمەر نایەوێ بە هۆی ئەم چارەیەوە ژەنـگ وژار لە خێزانا دروست بێ ، یا زیان بە ســـەربە ستێی پیاو بکات .

٢— پیاوەکە بەڕەڵا بکەین بڕوا بۆ ناو کۆمەڵ دۆست و دڵدار پەیدا بکاو ، بەشێوەی بێ ئابڕووبی ئـارەزووی خۆی تێر بکاو ، کەرامەت و شەرمی خۆیو ئافرەتانو کومەڵ پایە مال بهـکا - کە ئەمـــە لەگەڵ ئـارەزووی مناڵ بوونیشا دەس نادا . .

یا بڵێین بە پیاوەکە : ئەو ژنەت تەڵاق بدەو بەرەڵای بکە و ژنێکی تر بێنە کە ئارەزووەکەت بۆ بێنێتەدی .

ئەم ڕێگەیەش — دیسان — لەگەڵ ئیسلاما ڕێك ناکەوێ ، ئەو ئیسلامەی ڕێگە نادا بەشەروال پیس و هەموو دەرکاکانی لە سەر داخستووە ، ئەو ئیسلامەی ئەیەوێ کۆمەڵ پاك‌وخاوێن‌و بە یەکا شێلراو بێ و ناکۆکی نیا بەرپا نەبێ ، ئەو ئیسلامەی ماف هەموو زوڵم لێ کراوێ ئەپارێزێ و لایەنیان ئەگرێ و نایەڵێ دەس درێژی بکرێتە سەریان ، بەتایبەتی ژۆر بەبەزەیی‌و سۆزەوە سەیری ئافرەت ئەکات .

وەڵام وایە هیچ یاساو بەرنامەیەکی تریش کە ڕێز لەخۆی‌و لە مرۆڤ بگرێ ئەمە بە ڕاست دانانێ و لێی ڕانەکات .

۳ — ماوەتەوە لەبەر دەمانا یەك ڕێگە : کە بڕیتە لەوە

= پیاوەکە بە ڕێزەوە ژنە پێشووەکەی ڕابگرێ‌و ، لە جێگاکەی خۆیا دای‌بنێ . وەبۆچێ بەجێ‌بوونی خواست و ئارەزووەکانی ژنێ بسێنێ هەتا ئەگاتە چوار ژن ، وەبە شێوەیەکی داد پەروەرانە لەگەڵ ژنەکانیا بجوڵێتەوە و هیچیان لەوانی تریان زیاتر و لەبەرتر نەبن ، وە بەڕێزەوە بژین و شیرازەی‌خێزان و کۆمەڵ نەپچڕن ، وە پیاوان و ئافرەتان وەکو یەك لەزەت‌و خۆشی لەماف‌و ژیان وەربگرن .

ئەمە ئەو چارەیە بوو کە ئیسلام بەراستی ئەزانێو دەرمانی دەردو ڕووداوەکانی کۆمەڵی پێ ئەکاو ، نایە لێ کەس — پیاو بێ یا ئافرەت — بێ بەش بێ لە ژیانی ژنو مێردا - یەتی ، یا ئارەزووی لە ناو ببرێ ، یا زیانی پێ بگەیەنرێ .

ئا لەم دووا دووایەدا بێگانەکان ناچار بوون دان بە ڕاستیی ئەم چارەو ئەم یاسا بە ڕێزەی ئیسلامەدا بنێنو لەپەراووکۆڤار و ڕۆژنامە کانیانا هاواری بۆ بکەن .

(ئەڵمانیای کاور ، کە ئایینەکەی ڕێگەی زیاتر لەژنێ نادا ، ئەم ڕێگەیەی هەڵبژارد . . لەم ڕۆژانەدا گەڕا بۆ دەست خستنی چارەیەك لەم چارەیە باشتری نەبینی کەوا ئیسلام داینناوە، کە خۆی لە سەر ئایینی ئیسلامیش نیە) .

ئافرەتێکی زانای ئینگلیزی نوسیویەتی ئەڵێ : « زۆر لە کچەکانمان بەبەرڵلایی ماونەتەوە ، بەڵاکە هەموانی گرتوەتەوە ، وە ئەوانەی لە هۆیەکانی ئەکۆڵنەوە کەمن ، من کە ئافرەتێکم ئەم بیۆ کاتێ سەیری ئەو کچانە ئەکەم دڵم خەریکە لەت لەت بێ لە خەفەتی ئەوانەدا لە بەزەییدا ، بەڵام ئایا ئەم خەفەت و بەزەیی منە چ سوودێکیان پێ ئەکەیەنێ ؟ باهەموو خەڵکیشم لە کەڵا بن ، ئەنیا سوود لەوەدایە ئیش بکەیت بۆلەناو

بردنی ئەو بارە پیسە . خوا پاداشی ژانای کەورە [تۆ مس]
بدانەوە کە دەردەکەی دۆزیوەتەوە و دەرمانی راستەقینەشی
بۆ داناوە : کە بریتیە لە رێگەدان بە مارە کردنی زیاتر لەیەک
ژن ، بەم هۆیەوە بێ گومان بەڵاکە ئەڕەوێتەوەو لانەچێ ،
کچەکانمان ئەبنە کەپانۆی مال ، هەووخراپەو بەڵاکە
لەوەدایە پەڵپ لە پیاوی ئەوروپایی بکەیێ کە زیاترلە یەک ژنی
نەبێ ، ئەمەیە بووەتە هۆی بەرەڵڵا بوونی کچەکانمان وناچاری
کردوون بگەڕێن بەدوای ئیشی پیاوانا ، دەردە کە کوشندەتر
ئەبێ ئەگەر رێگەی پیاو نەدرێ زیاتر لە ژنێکی مەبێ «١»
ماوەتەوە بزانەوە سەر ئەوە کە ئیسلام هێنانی زیاتر لە ژنێکی
دانەهێنا ، بەڵکو ڕاددە و سنووری بۆ دانا ، وە داوای زیادەی
لەیەک ژن نەکردووە ، بەڵام ڕێی داوە لە پەر چارە کردنی
ڕوو داوە جۆر بە جۆرەکان کە تا ئێستا هەندێکیان دەر کەوتوون ،
وە دوور نیە زۆری تریش لە بەشەکانی ژیان و مێژوودا دەربکەوێ
کە تا ئێستا پێ یان نەزانراوە یا ڕوویان نەداوە ، کە ئەمە پیشەی
هەموو یاساو ئامۆژگاری یەکانی بەرنامەی خوایەو ئادەمیزادەکان
ناتوانن بە تەواوی لە حیکمەت و لە سوودەکانی بگەن تا

«١» بەکورتی لە پەراوی (هداية المرشدين) وەرگیراوە

ڕوو ئەدەن .

وە مەرجێکی گرنگی داناوە بۆ زیاتر لەیەک ژن هێنان کە بڕیتیە لە بەڕێوە بردنی دادلە ناویاناو لەگەڵیانا ، لەهەموو شتانەی لەتواناو دەسەلاتی پیاوایە ، وە ئەو شتانەی لە توانادانیە گوناهی نیە پێغەمبەری خوا ـ درووەدی لەسەر بێ ـ ئەی فەرموو :

(خوایە ئەمە بەشی منە لەوەی دەسەلاتم هەیە بەسەریا ، تۆیش لێم مەڕەنجێ لەسەر ئەوەی دەسەلاتم نیە بەسەریا) «١»

ئەمەو بەم شێوەیەیە یاسای ئیسلام لەم بابەتەدا ، ئیتر ئەگەر کۆمەڵێ هاتن و بەم بیانووەوە ژیانی ژن و مێردایە تیان کرد بە شانۆی ڕابواردنی چوار پێ یان و ، بە ناڕەوایی دەستیان تێا وەشان، ئەوە سوچ و تاوانی ئیسلام نیە ، ئەوانە نوێنەری ئیسلام نین و ئیشەکەیان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە ، وە ئیسلام لێ پرسراو نیە تیایا ،

بەم لێ کۆڵینەوەیە دەرکەوت کەپێ دان بەپیاو بۆ هێنانی زیاتر لە ژنێک شتێکی ڕاست و ڕەوا سوودە ، وەلەزۆر بەی کاتا ـ ئەگەر لە هەموو کاتیشا نەبێ ـ ئەبێتە هۆی ڕاگرتنی ڕێز و مافی ئافرەتان و بەرژەوەندی یانی تیایە .

« ١ » أبو داوودو ترمذی ونەسائی ڕیوایەتیان کردووە .

نه‌ك وه‌كو دوژمنانی ئیسلام و نه‌فامه‌كان باسی ئه‌كه‌ن و به كاریكی زیان به‌خشی ئه‌ده‌نه قه‌ڵه‌م . بۆ ئه‌مه‌یه كوتایی ئایه‌ته‌كه ئه‌فه‌رموێ : (ذلك أدنى الاتعولوا) واته : ئه‌مه‌یش بۆ ئه‌وه‌ی ئێوه له سنوور ده‌ر نه‌چن و خراپه و ده‌ست درێژی نه‌كه‌ن نزیكترین ڕێگه‌یه .

بەشی دووەم
لە ڕەوشتوزیانی پێغەمبەر
(درودی خوای لە سەر بێ)

کۆچ کردن بۆ حەبەشە :—

لە ســـاڵی پێنجەمی پێغەمبەرێتی دا بوو — کە بەربەرەکانی و ئازاردانی قورەیش بەرز بووەوە پەرەی سەند پێغەمبەری خوا — درودی لە ســـەر بێ — فەرمووی بە هەندێ لە یارانی : بڕۆن بۆ وولاتی حەبەشە بۆ پەنـای [نەجاشی] ـ کە پاشایەکی بە دادو دڵ نەرم و لە سەر خۆو خاوەن پە نا بڕو کەس لەسایەیا ئازار نەئەدرا ـ .

لەسەر فەرمانی پێغەمبەر کۆمەڵی لە موسڵمانەکان ڕوو بەحەبەشە کەوتنە ڕێ ، لە ناو ئەوانەدا عثمان کوڕی غفان و خاتو روقیەی خێزانی کە کچی پێغەمبەری خوا بوو ، وە جعفر کوڕی أبـی طالب و عبدالرحمن کوڕی عوفـو ، زبـیر کـوڕی عوام و ، عثمان کوڕی مظعون بوو ، ژمارەیان پانزە یا شانزە کەس بوون ، عثمان کوڕی مظعون کرا بە پێشەوایان . ئەمانە بەدزیی قورەیشەوە ڕوو بەدەریا ڕۆیشتن ، کە کەیشتنە لێوارەی دەریا سواری کەشتیەک بوون و لەدەریا پەڕینەوە و چوونە حەبەشە وە . کە نەجاشی چاوی پێیان کەوت و لێیان ئی گەیی و ناسینی بە خێر هاتنی کەرمی لێ کردن و بەڕێزو بە هێمنی لە پاڵیا ژیان و حەوانەوە و ، کەوتنە خوا پەرستی بەسەربەســـتی و ، وورده وورده کەوتنە بانـگ کردن بۆ سەر ئیـسلام ، قوریشیەکان هەر

که زانیان ئەو کۆمەڵە دەر چوون ، هاتن بە شوێنیانا کەبیان
گێڕنەوە ، بەڵام بێ هودە بوو ، چونکە ئەوان دەر چـــوو
بوون و پێیان نەگەیشتن .

ئێرراوی قورەیش بۆحەبەشە :

قورەیش کە زانیان وا دەستەیەک لە موسڵمانە قارەمانە تـێ
گەیشتووەکان لە مەکە دەر چوون ، ئەو باوەڕە پتەوەو ئـەو
بانگە پڕ سۆزەیان بردووە بۆ وڵاتێکی تر ، مەترسی یان
لێ نیشت کە کۆمەڵی موسڵمان زۆر نەبێ وئیسلامیەتە =
= ئەسڵێ و ، ئەمانە ئەبنە هێزیان و پۆژێ لە پۆژان بـە
خزیان و یارمەتی دەریا هەوە یەنەوە سەر قورەیشو ، ئـەو
پایە و پلەیان لێ داگیر ئەکەن . کێ بڵێ نەجاشی و حەبەشیەکان
دڵیان بۆ ئەم ئایینە تازەیە نەرم نابـێ و لەدەوری کۆنابنەوە
ئەوساکە بە هەمویانەوە ئەمان لەناوبەرن ؟

بەتایبەتی ئەمانە کە پڕیبون زۆریان لە مەکەدا دارلدەدارو
خاوەن پشتیوان و پاڵەوان بوون و ، بەندەو بـێ کەس وهەزارەکان
نین کەلە ترسانا پڕیی بن .. ئەوە جەعفر کوڕی ئەبـی طالبە و
ئەوە عثمان کوڕی عفانەو ئەوە زوبیرەو هتد . . .

ئەگەر بێت و ئەمان چارەیەک نەدۆزنەوە ، تووشی مەترسیەکـی

گەورە دێن ، جا بۆ بەرگریی ئەوە ، چاك وایە ئەمان تازووە چەند کەسێکی لێ هاتووی زمانلوس بنێرن بە مەرەلو پیلانێك بڕوە بۆیان هێننەوە ، یان هەر هیچ نەبێ نەجاشی و قەشەکان بخەنە گومانەوە و مەترسی یان بخەنە پێش چاو ... بۆ ئەم کارە گرنگە عمر کوڕی عاص و ، عبدالله کوڕی ربیعەیان هەلبژارد — کە هێشتا موسڵمان نەبوو بوون — بە دیاری و بەرتیلێکی گەورەوە ناردنیان بۆ حەبەشە .

کە گەیشتنە بەر مەوە لە پێشەوە خۆیان گەیاندە قەشەو بەتریك (بطریق) ەکان بەبەرتیل و دەمی لووس و مەترسی گەورە نانە بەرچاو رێکیان خستن و ، کردنیان بە دوژمنی موسڵمانەکان . تەمایان وابوو ئیتر بەبێ چەن و چوون و بێ لێ پرسین یەکسەر بیان دەنەوە دەستیان و بیان بەنەوە ، لەوە ئەترسان و سەریان ئەکردەوە ئەگەر بێت و رێگای دواندن و پرس و ڕایان بدرێ - ڕاستی - چێگا بۆخۆی ئەکانەوە و ووتەی ئیسلام چێگرو سەرکەوتوو ئەبێ ،

بەپێی پیلانێکی ژێر بەژێری ، قەشەو بەتریکەکان چوونە دیوانی پاشا ، لە دوای نەختێك ئەوانیش بە دیاریەیە ناوازەکە - یانەوە هاتن و چوونە خزمەتی پاشا ، کڕنۆشیان بۆ بردو خۆیان پێ ناسی و دیاریەیەکەیان پێش کەش کرد ، پاشان کە کەوتە

ووتو وێژ ووتیان :ـ

(شاهم ، هەندێ لە منال و کەنجە نەفامەکانی قورەیش شێت بوون و لە ئایینی باوو باپیریان لایان داوە . وە بـــەئایینەکەی ئێوەیش ـــ کە ئایینی عیسا پێغەمبەرە ـــ قایل نەبوون،ئایینێکیان لە ناو خۆیانا داهێناوە ، نە ئێمەو نەئێوە نای زانین ، کاتـــێ پـێیان ووتن : بگەڕێنەوە سەر ئایینەکەی خۆتان ، هەڵهاتن و وولاتیان بەجێ هێشت ، ئێستە وەکو بۆمان دەر کـەوتووە هاتوون بۆ لای تۆو لێرەن ، کەس و کاریان بەو بۆنەوە ئێمەیان ناردە خزمەتی تۆ کەبمان دەیتەوە تابیان بەینەوە بۆیان)

لێرەدا قەشەو بەتریکەکان بە ناوی دەمارگیری ئایینەوە ڕقی خۆیان هەڵسان و کەوتنە دووواندن و تێ چێن کردن ، بۆئەوەی نەجاشی دڵی گەرم بێـن و فەرمان بدا بەدەرکردنیان و ، ئەمانیش بەر خویان بدەن و بـیان بەنەوە . بەڵام پیلانەکەیـان سـەری نەگرت ، نەجاشی ووتی : تا نەیان بینم و نەیان دوێنم نایـان دەمەوە ، بۆیە نـاردی بە شوێنیانا و ئەوانیش چەندکەسێکیان هـاتن بۆ دیوان .

موسڵمان بێجگه لەخوا لە کەس ناترسێ:-

کاتێ هاتنە بەرەوە سەلامی ئیسلامیان کردو ، بەبێ کرنۆش بردن لێی دانیشتن .. أبو موسای أشعری ئەڵێ : (کە چوینە دیوانی پاشا ئەبینین نەجاشی دانیشتووە (عمر) لای ڕاستی کرتووە و (عبدالله) لای چەپی ، تەشەکانیش لەم لاو لەو لایەوە ، [عمر و ، عبدالله] ووتبوویان : ئەمانە کرنۆش بۆ پاشایش نابەن ، بۆیە کە کەیشتنە بەرەوە ، تەشەویەتریکە- کان ووتیان : کرنۆش بەرن بۆ پاشا ! جعفر کوڕی أبی طالب ووتی : ببوورن ، ئێمە بێجگە لە خوای پەروەردگار کرنۆش بۆ کەسی تر نابەین) .

کە دانیشتن ، پاشا ڕووی تێ کردن و ووتی : ئەو ئایینە چییە کەداتان هێناوە ، وا لە کەس و کارتان جیای کردونەوەو بەهیچ ئایینێکی تر قایل نەبوون ؟!

جعفر کوڕی أبی طالب لە جیاتی موسڵمانەکان ووتی : [پاشا ، ئێمە گەلو کۆمەڵێکی نەزانی نەفامی بێ وێڵی بت پەرستی خاوەن خەرافات و شتی پڕو پوچ بووین ، مردارە وە بوومان ئەخوارد ، شەروال پیس مان ئەکرد ، سەرمان لە خزم و کەسمان نەئەدا ، دراوسێ وەزەن بوین ، زۆرداڕە کانمان بێ زۆرەکانی قووت ئەدا ، کۆمان زیندە بە چاڵی ئەکردو

لە کردەوەی خراپە سەرمان نەدا پێچایەوە . تاقە خوای گەورە
لە خۆمان پیاوێکی کەورەی خاوێنی نەچێنی نەژاد بەرزی
راستی دەم و دل پاکی هەڵبژارد و کردی بە پێغەمبەرێکی و پش
بانگی کردین بۆ ئەوەی خوا بەناکو تەنیا بناسین و هەر خوا
بپەرستین و هەر بەندەی خوا بین ، واز لە بت پەرستی وشتی
پڕو پوچ بێنین ، داوای لێ کردین کە ڕاست و پاکو بێوەژن
بین ، سەر لەخزم و کەسەکانمان بدەینەوە یارمەتیان بدەین ،
بە ڕێزەوە سەیری دراوسێ بکەین ، واز لەتاوان و خراپەو
کوشتن و بڕینو تاڵان کردن و دزی وخوێن ڕژی بێنین ، قەدەغەی
کردین لە ووتەی ناشیرین و . لە کردەوەی خراپ و ، لە
خواردنی ماڵی هەتیوو داماوان و ، لە هەڵسان بە کردەوەی بێن
ئابڕوویی و شەرواڵ پیسی و ، ئابڕو بردنی خەڵکی ، وە داوای لێ
کردین نوێژ بکەین و زەکات بدەینو . . .

ئێمەیش زانیمان ڕاستە ، باوەڕمان پێ کردو شوێنی کەوتین و
پەیڕەویمان کردو موسڵمان بووین ، خزمە نەفامەکانمان کە
ئەمەیان زانی پێیان ناخۆش بوو . کەوتنە ئازار دانمانو
جەورو ستەمی زۆر و ناڕەوایان لێ کردین . بۆ ئەوەی بمان
گێڕنەوە سەر بت پەرستی یەکەی پێشوو . ئێمەیش تۆمان بە یادکردو
بڕەومان کردە وواڵتەکەی تۆو ، باوەڕمان وابوو لەلای تۆ

دەست دریژی ناکریتە سەرمان و لە پەنای تۆدا ئەحەوێینەوە و ئەتوانین خوا پەرستی خۆمان بکەین) .

نەجاشی ووتی : ئایا لەو پەڕاوەی بۆی هێناون هیچتان لە پەرە بومی بخوێنێنەوە ؟ جەفر ووتی بەڵێ ، لە سەرەتای سوورەتی (مریم) ەوە کە باسی عیسا و [مریم] ی دایکی ئەکات ، دەستی کرد بە خوێندنەوە هەتا گەیشتە (والسلام علی - یوم ولدت ویوم أموت و یوم أبعث حیاً] .

لێرەدا . نەجاشی و هەندێ لە قەشەکان دەستیان کرد بە گریان و ووتیان : بەخوا ئەمە لەو سەر چاوەوە هاتووە کە ئینجیلی عیسای لێوە هاتووە . ئینجا نەجاشی ڕووی کردە موسڵمانەکان و ووتی : بڕۆن بۆ خۆتان سەر بەست بن . بەخوا ناتان دەمەوە بەمانە ، وە هەرچی هەوڵیان لەگەڵدا بی هوودە بوو . . دیاریەکەی گل نەدایەوە و ئەوانیشی نەدایەوە .

دەرکەوتنی ڕۆشنایی :-

هەر چەندە تاریکایی شەو قایم بێ و هەورو هەڵاو تەم و مژ جیهان دابگرێتەوە ، جار جار بروسکەو چەخماخە پەیا ئەبێ و سەر زەوی ڕۆشن ئەکاتەوە ، ماوەیەکی زۆر هەورو تەمی بەد

خراهی مه‌کەو قوره‌یشی داگیرکرد ، جەورو ستەمی بست
پەرستەکان تا پێی ئەچو پەرەی ئەسەند ، بە پادەیەکی ئەوتۆ
زۆر خێزانی موسڵمان ناچار بون کە دەست بەرداری مـاڵ و
مەنزڵ و سامان و خزم و خوێشیان بون ، بە خـۆیان و باوەڕو
ئایینەکەیانەوە دەربچن ، وە ئەوانەشیان لەشوێنی خۆیان
مانەوە خۆیان بکرن لە ژێر باری گرانی ئێش و ئازارا ، وە
هەتا باری بێ ئابڕویـی و ناوان کردنی قورەیش زیـاتر بـێ ،
باوەڕی ئەمان بەهێز تر و دڵیان لەسەر ئایینەکە دامەزراوتر بێ
بەڕاستی ئەمە تاقی کردنەوەیەکی ئەوتۆ بوو ، کە بەبـێ پێچ و
پەناو بەڕۆشنی ، ڕاستی و ئاراستی و پاکی وپیـرۆزی دەر خست
وە ئەویارە بەڕێزانەی پێغەمبەر درودی خوایان لەسەربـێ -
ئەو موسڵمانە پێشینانە پیشانیاندا : کامەیە نیشانەی موسڵمان و ئەبـێ
چۆن ئیسلام سەر بخرێ و بپارێزرێ .

لەم کاتە ناسـکەدا چەند کەسێ لە پیاوە دلێرە ناودارەکانی
قورەیش موسڵمان بوون و ، خوای گەورە خستیە سەر ڕێگای
ڕاست و پشتی موسڵمانەکانیان پتەو کرد . . لەوانـە دوو
پـاڵەوانی کۆڵ نەدەر ، دوو شێری بێشەڵانی مـەردایەتی ،
دوو بلیمەتی بیم لێ کراو وناسراربوون : یەکێکیان حمزەکوڕی

عبدالمطلب مامی پێغەمبەر و برای شیرینی ، ئەوی تریان ەمزەی کوڕی خطـاب بوو . بە موسڵمان بوونی ئەم دوو شێرە موسڵمانە کان هێزیان پتر بوو ، توانایی یان بەرز بووەوە ، بۆیە لەسەر ڕەزامەندی پێغەمبەری خوا ـ درودی لەسەر بێ ـ موسڵمانەکان بوون بەدوو ڕیزەوە . .

ڕیزی یەکەمیان حمزە بوو بە پێشەنگی و ڕیزی دووەمیان عمر ، بەم شێوەیە لە مالی (أرقم) دا هاتن بۆ کەعبە ، وە بەکۆمەڵ نوێژیان کردو بەم کارە قورەیشیان چاو شکێن کرد .

دەنگۆ دابڕین :

قورەیش سەیری کرد هەتا یەت موسڵمانەکان پەرە ئەسێنن و زۆر ئەبن . . ئەوەتا ڕۆژ نی یە یەکێ یا کۆمەڵێ لە پاڵەوانەوە لە پیاوە دیاری یەکان نەچێتە ژێر ئالاکەی (محمد) ەوە ، ئەوان لە زیادبوونان و ، ئەمان لە کەم بوو نەوەدان ئەکەر بەم پێیە بڕوا زۆری پێ ناچێ زاڵ ئەبن بە سەریانا و ملیان پێ شۆڕ ئەکەن ، خۆ لە لایەکەوە بە هیچ جۆرێ و بەهیچ نرخێ محمد ددانی خێر بەبتەکانیانا نانێ . وە لەلایەکی تـرەوە بە هەر شێوە دوژمنایەتی یان ئەکەن کاریان تێ ناکاو واز لـە

ئایینەکەیان نایەنـــن و کـۆڵ نادەن و کول ناین ، ئەوە [أبو طالب] یش بە هیچ کاڵجی دەست بەرداری محمد نابێ و بەهەموو بەرەی هاشمەوە — بێجگە لە [أبو لهب] پشـــت گیریی لێ ئەکەن و نایدەن بە دەستەوە . . . ئەگەر بێت و ئەمان چارەیەك بۆ خۆیان نەدۆزنەوە و سنورێك بۆ دەســـەلاتی موسڵمانەکان دانەنێن و لە پلەیەکا رایان نەگرن ، ئەمان هـەموو شتێکیان لەدەست دەرئەچی .

بۆ ئەم مەبەستە شەیتانی یە . سەرۆکە تورەیشیەکان کۆبوونەوە ، لە دوای لێ کۆڵینەوەو ووتوو وێژێکی فراوان بڕیاریان هاتە سەر ئەوە : دەنـگ لە محمد و موسڵمانەکان و بەرەی هاشم دابڕن و ، هیچیان لێ نەکڕن و هیچیان پـێ نەفرۆشن و ژنیان نەدەنـێ و ژنیان لێ نەخوازن . ئەمەیان لە پەڕەیەکا نووسی و مۆریان کردو لە کەعبەدا هەڵیان واسی ، بە خەیاڵی خۆیان بەم کارە ناهەمواوە ڕێگـای بڵاو بوونەوەی ڕۆشنایی ئیسلام ئەگرن و ، موسڵمانەکان ناچار ئەبن کە واز لە پێغەمبەر و لە ئایینەکەیـــان بێنن . وە لە ئەنجامـا پەنا ئەبەنەوە بەر بتە بی ئرخەکانی ئەوان ، وە بەرەی هاشم بەناچاری یەتەوە سەرشوێن و ڕێگـای خۆیانو ، محمدیش بەناچاری دائەنیشی .

بەڵام ئەمە خەیاڵێکـی خاوەو لە میشکێکی بۆشی پووچـی

خـالی‌ی لەژیریو لە باوەڕەوە هەڵ ئەقوڵێ ، خۆ موسڵمانە کان لەحەق و ڕاستی تێ گەیشتوون ، باوەڕیان بەخوای تاکو تەنیای پەروەردگار هێناوە ، بەجوانی حاڵی بوون : کە ئەم جیهانە قوناغەو لە ماوەیەکی کورتا تەبڕێتەوە و پاشە ڕۆژێکی دوورو درێژی نەبڕاوە چاوەڕێیان ئەکات ، لەو پاشە ڕۆژەدا خەرمانی کردەوەی ئەم جیهانە هەڵ ئەگیرێ ، هەرکەسێ لێرەدا بـێ باوەڕ بـێ و لە خوا یاخـــی بێ لەوێدا سزای نەبڕاوەی ئەدرێ لە دۆزەخا ، وەخوای گەورە وا لەگەڵ مـوسڵمانانا و یارێدەیـان ئەداو هەموو ئێش و کارێ تەنیـا بـە دەســت خوایە .

ئێتر نەهەڕەشەو گوڕەشە ، وە نەزۆرو دەسەڵاتی دوژمن ، وە نەهیچ شتێکی جیهانی‌ی ئەمان ناترسێنێ و تینیان تێ ناکاو لەڕێ لایان نادا و لەهێزو لەباوەڕیان کەم ناکاتەوە ، هەتا کارەسانی گەورەتر بێتە ڕێگەیان ئەمان باوەڕیان پتەوتر تەبێو بە تەمای پاداشی گەورە ئەبن و ، بەتاقی کردنەوەی دانەبڕنو هەوڵ ئەدەن تیایا سەر کەون .

پێغەمبەرو موسڵمانەکان و بەرەی هاشـــم - بە موسڵمانو ناموسڵمانیانەوە — چوونە [شیو]ی ئەبو طالب ، بێجگە لـە [أبو لهب] کە چووە پاڵ قورەیشـــەوە و کەوتە دوژمنایەتی

کردنی پێغەمبەرو موسڵمانەکان . . بەڕادەیێ کەهەر کاروانێ بهاتایەو خۆراکی پێ بووایە ، ئەبو لەهەب بازرگانەکانی قورەیشی ئەناردە سەری کە ئەو خۆراکە گران بکەنەوە بە ڕادەیەکی وا هاوڕێکانی محمد نەتوانن بیکڕن و قازانجیان لەسەر ئەبو لەهەبێ، ئەوانیش ئەچوون بەچەند قاتی نرخی خۆی شتەکەیان ئەکڕی و موسڵمانەکان بە دەستی خاڵی ئەگەڕانەوە ، لە دواییدا ئەبو لەهەب قازانجی ئەدا بەکڕیارەکان . وەبەرەی [عبدالشمس] و (نوفل) کە ئامۆزای بەرەی هاشـــم بوون چونە پـاڵی قورەیشە بەرستەکانی و گوێیان نەدایە خزمایەتی ئەمان و یەخەیان لێ هەڵ تەکانن .

ئەم کارە ناڕەوایە . ئەم ئیشە دوڕندایەتییە ماوەیەکی درێژی خایاند و ، تینێکی گەورەی کردە سەر لاشەی موسڵمانەکان ، خۆراك و توێشوویـان تەواو بوو وهیچیان بەدەستەوەنەما ڕێگای ئیش و کاریان نییەوکەس لایان لێ ناکاتەوە ، پیرولاوازو منداڵەکانیان لە برسانا هاواریان پێ کەوتو چارەیشیان نەبوو ، تە نیا لە مانگەکانی (أشهر الحرم) دا ڕێگای هاتوو چۆی ناو بازارو کۆمەڵیان هەبوو ، لەوکاتانەیشا قورەیش بەشـــت لە سەر گران کردن . . ڕێگەی ئـازوخە کڕینیان لێ بەستبوون .

لەگەڵ ئەو هەموو نەبوونی و برسێتی و ناڕەحەتی وجەور و سزایەدا ، هەتا ئەهات دڵی موسڵمانەکان ئەستورتر ئەبوو ، باوەڕیان بەخواو بە ئایینی ئیسلام پتەوتر ئەبوو ، زیاتر لەجاران لە سەر ئیسلامەتی سوورو هەتەر ئەبوون ، خوشەویستی و خوا شناسیان پتر ئەبوو . بەتایبەتی پێغەمبەری خوا ـ درودی لەسەر بێ ـ هەموو جارێ ئامۆژگاری ئەکردن و قورئانی بۆ ئەخوێندنەوەو راستی ئەخستە پێش چاویان .

بەڵێ ، مرۆڤی موسڵمان ئەبێ ئاوەهابێ ، نەک بە مەرجی ئاسوودەیی و هێمنی و ئاسایشی ، ئیسلامەتی بەرێ بەرێوە . ئەگەر گەرمایی پێ گەیی ، یا ترسن پەیابوو ، یا کۆ مەڵی دوژمن دەســـەڵاتی بوو ، ئیتر ئەمیش واز لە ئیسلام بێنێ و گوێی لێ نەبێ چی ئەکرێ بە ئیسلام و چی ڕوو ئەدا . ئەوە پێی ناڵێن موسڵمان و موسڵمان نیە ، موسڵمان ئەبی بۆ ئیسلام بژی و هەموو سنوورو بەرژەوەندی و دەسەلاتی خۆی بخاتە ژێر پێ لەڕێی بەرزبوونەوەی ئیسلاما ، وە شانازی بکا بەو ناڕەحەتی و ئازار و زیانەی لە ڕێی خواو ئیسلاما یـــەتە ڕێی ، ئەبێ گوێ نەداتە خۆشی و ناخۆشی و هەموو کاتێ بەمەل بژانێ بۆ گەیاندنی بانگە ئیسلامییەکەی خوا بەمەردما ، بۆیە ئەو موسڵمانە ڕاستە قینە پێ گیراوانە لەوکاتە پڕلەئێش و

ئازارەدا لە مانگەکانی (اشهر الحرم) دا ئەماننە ناوشار و بازارەوەو خۆیان ئەگەیاند بەخەلکی ، بە تایبەتی بە ڕێبوارو کاروانی یەکان ، باسی خواو ئایینی ئیسلام و ڕاستی یان بۆ ئەکردن ، قورئانیان بۆ ئەخوێندن ، بانگیان ئەکردن بۆ ئیسلام . دامەزراوی یان بەوپەڕیەو بەردەوامیان لە سەر باوەڕەکەیان لەگەڵ ئەو بارەدا ئەبووە پاڵ پشتەر ، بۆ ئەوەی خەلکی بەڕاستیان بزانێو بێتە ڕیزیانەوەو ئەبووە هۆی بلاوە کردنی دەنگ وباسی ئیسلام .

هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە :-

ئەم دەنگ دابڕینو بارە نالەبارە سێ سالی ڕەبەقی خایان وە لەراستیا ئینی گەورەی کردە سەر ئەندروستی و لەش ولاری زۆر لە موسڵمانەکان ، هەر چەندە گەورەترین تاقی کردنەوە بوو موسڵمانەکان بەسەر بەستی و بەنمرەی زۆرو پلەی بەرزەوە لێی دەر چوون و کەسیان نەکەوت ، وە بەمە توانیان گەورە ترین سەر مەشقو نمونەی فیداکاری و خۆ ئەوستنو قوربانی دان لە پێناوی بیرو باوەڕا بەجی بێڵن بۆ موسڵمانان ، ڕێگەی بڕو بیانوو هێنانەوە ، بۆ کەس نەهێلنەوە لەدوای خۆیان .

ئەم کارە ساتە پر لە ناسۆرە تینی کردە سەر کۆمەڵێ لەپیاوە
کەورە و دڵ نەرمەکانی قورەیش . . شەوێ لە شەوان هیشام
کوڕی « عمری عامری و زهیر کوڕی أبو أمیەی مخزومی » کە
دایکی عاتکەی کچی عبدالمطلب بوو » وە مطعمی کوڕی عدی
نوفڵی و أبو بحتری کوڕی هیشامی أسدی و ، زمعەی کوڕی
أسودی اسدی ، ئەمانە ڕێک کەوتن و پێک هاتن لەسەر هەڵ
وەشاندنەوەی پەیمانەکە .

بەیانی لە کاتی دیاری کراوا [لەسەعاتی سفرا] لای کەعبە
کۆبوونەوە لەگەڵ قورەیشەکانا ، [زهیر] تەوافی کەعبەی
کردو و ، حەوت جار بە دەوری کەعبەدا کەڕا . پاشان
ڕووی کردە کۆمەڵەکەو ووتی : خەڵکینە ئایا ئەمە بەڵای
ئێوەوە ڕەوایە ئێمە خۆراك بخۆین و بەرگ و کاڵا بپۆشین وبەرەی
هاشم بەو دەردە بچن ؟ بە خوا دانانیشم هەتا ئەو پەڕە ڕەشە
نەدڕێت و ، تا ئەو پەیمانە ستەمکاریە هەڵ نەوە —
— شێنینەوە .

[ابو جهل] هاواری لێ بەرز بووەوە : درۆ ئەکەیت ، بەخوا
نادڕێت (زمعە) ووتی : تۆ درۆ ئەکەیت ، تۆخۆت نوسیوتە
بەبێ ڕەزامەندی ئێمە (ابو بحتری) ووتی : زمعە ڕاست
ئەکات ، (مطعم و هیشام) پش ووتیان : ئەوان ڕاست ئەکەن و

تۆ درۆ ئەکەیت .

ابوجهل ووتی : ئەم بڕیارە بەشەو ئەنراوە ! جا زانی مەوڵ دانی بێ سودە بێ دەنگ لێی دانیشت .

مطعم ڕۆیی و مەڵواسراوەکەی داگرت ، کاتێ سەیری ئەکەن بە فەرمانی خوا (مۆرانە) هەموو نوسراوەکەی خواردووە تەنیا (باسمك اللهم) نەبێ کە لە سەرەتایەوە نوسرابوو ، ئەمەیش بووە موعجیزەیەك بۆ ڕاستیی ئیسلام . وەپێغەمبەری خوایش — درودی لەسەر بێ — ئەم هەواڵەی دابوو بە ئەبو طالبی مامی ئینجا ئەو پێنج پیاوەدلێرە مەڵسان و ، دەستەیەك لاویان بە شمشێرەوە هێناو چوونە ناو موسڵمانەکان و هەواڵەکەیان دانێ و بە ڕێزەوە هێنانیانەوە بۆ ناو شار بۆ جێگا و ڕێگاکەی خۆیان .

ئەم هەڵ وەشاندنەوەیە لە ساڵی دەهەمی ئیسلامیدا بوو ، وە ئەو پێنج پیاوە هیشام و زهیریان لە دواییدا لێ موسڵمان بوون ، بەڵام — بەداخەوە — ئەوانی تریان موسڵمان نەبوون .

سەرەتای ساڵی ماتەمین

پێغەمبەر و موسڵمانەکان ماتنەوە جێگای خۆیان ، سەر لەنوێ بە ئاشکرا دەستیان کردەوە بە خوا پەرستی و بانگ کردنی خەڵکی بۆ بە

بڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام بەکەرەو کوڕی .

بەڵام زۆری پسن نەچوو تووشی دوو کۆسپ هاتن کە لە بەر شانیان زۆر گران بوون . پێغەمبەری خوا - درودی لەسەر بێ - زۆر پەرێشان بوو پێ بان ، ئەوانیش زور بۆی دڵگران بوون .

یەکەمیان : مردنی ئابو طالب . ئەم پیاوە مەزنە هەر چەندە بەدیمەن لەسەر ئایینی باوو باپیرانی خۆی ما بۆوە ، لەگەڵ ئەوەیشا گەورەترین یاریدە دەرو پشتیوانی پێغەمبەرو موسڵمانەکان بوو ، دەستی کێشابوو بەسەریاناو پشتی بەرنەدان ، بت پەرستەکانیش لەبەر ئەو ئەندازێ شەرمان ئەکردو زۆر لەپەت بەرەڵا نەئەبوون . وەلەم رێیەدا ناسۆرو ئازارو دەردی سەری زۆری چەشتو هەرەشەی زۆری لێ کراو هەر وازی نەهێنا . ئابو طالب لە تەمەنی هەشتا سالیا مرد ، بە مردنەکەی گەورە ترین قەڵای موسڵمانەکان ڕووخا ، وە بێجگە لە خوڵی گەورە پشتیوانیان نەما ، بۆیە ئەوەندە ئازی بە پەرۆش بوون .

دووەمیان : مردنی خاتو خەدیجە ، خێزانی بەرێزی پێغەمبەرو — دایکی موسڵمانان ، لە دوای ئابو طالب بە چەند ڕۆژێ خاتو خەدیجەش مرد ، . ئەو ئافرەتە بەرێزەی لە پێش

پێغەمبەرێنی دا بە مال و سامانی خۆی پێغەمبەری دەولەمەند کردو ، لە نێش و ئازاری کارو فرمان کردن رزگاری کرد و خەستی بە رەحەتی بەخشی ، دایکی هەموو منالەکانی بوو — بێجگە لە ئیبراهیمی کوڕی — ، دڵسۆزی راستە قینەی بوو . هەر کاتێ بە دەستی بت پەرستەکانەوە بە تەنگ ئەهات و ناڕەحەت ئەبوو ئەچووە مالەوە ، خەدیجەیش بە دڵخۆشی دانەوەو بە ووتەی شیرین و بە خزمەتی دڵسۆزانە ئازاری لەدڵ ئەئەهێنا ، خەدیجە وەزیرێکی لێ زان و پزیشکێکی زانا و فریشتەیەکی دڵسۆزی بوو ، شەوو ڕۆژ لە گەڵیا بوو کەمتری ئەکردو دڵشادی ئەکرد ، خەدیجە یەکەم سەرمایەداری قورەیش بوو ، هەموو مالەکەی خۆی دایە دەس پێغەمبەرو ئەویش لە پێناوی بانگهێشتە راستە قینەکەیدا بەخێی کرد ، خەدیجە — خوای لێ ڕازی بێ — بیستو پێنج ساڵ خێزان وهاوسەری پێغەمبەری خوا بوو کارێکی نەکرد دڵی کەرد بگرێ .

دیارە مردنی کەسێکی وەها تیفی کەورە ئەبێ بۆسەردڵ و دەروونی پێغەمبەرو موسڵمانەکان ، وە مردنی ئەم دوو پشتیوانەیش لە ئەنجامی نەبوونی وکەم و کوڕی خۆراکی ئەو ماوەیە بوو .

دوای مردنی ئەم دوانە کەسێکی وانەما قورەیش شەرمی

لێ بکا ، ئیتر شوڵیان لێ هەڵگیشاو بەهەر چوارێ لە دەستیان بهاتایە تازاری موسڵمانەکانیان ئەدا . . ڕۆژێ هەندێ لە نەفامەکانیان ڕێیان بە پێغەمبەری خواکرت و خۆڵیان کرد بە سەریا ، ئەویش کەڕایەوە بۆ ماڵ ، خاتو فاطمەی کچی — خوای لێ ڕازی بێ — کە ئەم دیمەنەی بینی — خۆیشی بە مردنی دایکی دڵ بریندار بوو — هەڵسا خۆڵ و تۆزە کەی شۆری ودەستی کرد بە گریان ، کوڵی نەئەنیشتەوە ، پێغەمبەر — درودی لە سەر بێ — دڵخۆشی دایەوەو ژیری کردەوەو فەرموی : کچم باوکت خوا ئەی پارێزێ . زۆر جار ئەی فەرموو . (بەخوا تا أبو طالب مابوو قورەیش شتی وایان نەئەکرد لەگەڵما) .

«(طفیلی کوڕی عەمری دەوسی)»

لەو دەورو بەردا بوو کە طفیلی کوڕی عمرو دەوسی — لە هوزی أبو هریرة — هاتە مەکەوە ، پیاوێکی ژیروزانا و وێژە وانو هەستیار بوو ، قورەیشیەکان چونەلای و ترسانیان لە وەی محمد بیبێنێ ، ووتیان : پیاوێکی جادو کەرەو پیاوئەخەڵەتێنێ ئەترسین ئەگەر بچیتە لای تۆیش وەک خزمەکانی تێنەگەی شێت بکاوسەرت لێ بشێوێنێ ، جا چاك وایە هەرنەی بینیت .

طفیل ڕۆژێ چووە کەعبە و پێغەمبەری خوا — درودی لە سەر بێ — لەوێ بوو هەندێ ووتەی جوان و دڵ فڕێنی ئێ بیست، لەدڵی خۆیا ووتی : طفیل ! دایـــك ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکا خۆتۆ پیاوێکی زاناو هەستیاری ، چاك و خراپ لەیەك جیا ئەکەیتـەوە ! ! بۆ نەچمە لای ئەم پیاوە

ئەگەر چوان بوون وەریان ئەگرم ، ئەگەر خراپ بوون گوێیان نـادەمێ .

کەپێغەمبەر ڕۆیشتەوە بەدزییەوە شوێنی کەوت و چووە ماڵیان و لەوێ مەبەستەکەی خۆی تێ گەیاند ، پێغەمبەر کەوتە دووان لە گەڵیاو بانگی کرد بۆسەر ئیسلام و هەندێ قورئانی بۆ خوێندن ، طفیل کە ڕاستی پێغەمبەری بۆ دەرکەوت موسڵمان بوو و شایەتمانی هێنا ، کە گەڕایەوە بۆ ناو تیرەکەی دەستی کرد بە بـانگ کردنی خزمەکانی بۆ سەر ئیسلام و ە بوو بە بانگ کەرێ بۆ ڕێگەی خوا ، خزمەکانی هەندێکیان مـوسلمان بوون وهەندێ تریان هەر تەفرەیـــان ئەدا ، ئەویش واوێ نەهێناو زۆربەیان موسڵمان بوون ، وەلە دوای گرتنی شاری مەکە بە کۆمەڵ ماتن بۆ خزمەت پێغەمبەری خواو لە ڕۆشنایی دیداریشی بەهرەمەند بوون .

ئەمەیە سروشتی پیاوی زاناو ئەگەیشتو . . کەبە ترساندن و
پرو پالآنتەی ناحەز نەخەلەتێ و کۆڵ لەحەق ناسیی نەدا ،
هەر کە حەقی بینی باوەڕی پێ بکاو لەسەری بڕوا ، وە بە
گوێرەی تواناییو لێ هاتنی خەریك بێ ئەو حـــەقە بەمەردم
رابگەیەنێ بە تایبەتی بەخزم و خوێشی خۆی .

ئەك وەکو زاناو ڕۆشنبیرانی ئەم سەردەمەی ئێمە کە زۆربەیان
لەپلەی شوێن کەوتن و [تقلید] لاســـایی کردنەوە نایە نە
خوارەوە تا حەق بناسن ، بەتایبەتی لە ترسی ئەوەی نەکەن
پێیان بڵێن : کۆنە پەرست . ناوبرن سەیری پەڕاوێکی
ئیسلامی یا هاوڕێیەتی زانایەکی موسڵمان بکەن ، وەئەگەر
زانیشیان کە حەق و ڕاستە هەر شوێنی ناکەون و پەیڕەوی ناکەن
ئەگەر هەڵیشسان بە بەجێ هێنانی هەندێ لە دروشمەکانی ئیسلام
وەك نوێژو ڕۆژو . . ئیتر بە ووشکی لە سەری ڕائەوەستن و
هەوڵ نادەن ئیسلام لە نیگاری ڕاستی خۆیا بڵاو بکەنەوەو ،
مەردمی لێ تێ بگەیەنن ، یا ئەمە بە پێویســـت نازانن ! !
خۆزگە بەیان بکردایەوە و شوێن [طفیل] بکەوتنایە - خوای
لێ ڕازی بێ - وە بیونایە بە موسڵمانێکی ڕاســـتە
قـــینە .

قورئان دلآن کەەندکێش ئەکا :

هەڵوێستە دڵێرانەکەی موسڵمانەکان بەرابەر جەرووستەم و کوفر وە کۆڵ نەدانیان لە بڵاو کردنەوەی ئیسلام ، وە دەنگ و ئاوازە پڕ لە سۆزەکەی قورئان لە ناو هەموو دڵێکا جێگایان دیـــاری کردبوو ، بە رەنگێ هەرە دوژمنەکەی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام لە دڵی خۆیا ئەی ووت : بڵێی ئەو ئایینەی (محمد) ە راست بێ ؟ .

ئایا ئەو هەموو مژدە و بەڵێنە ، یا ئەو سزاو مەترسیـیە راست بێ ؟ . ئەی ئەوەی ئەی خوێنن چیـیەو سەر چاوەکەی چیـیە؟

شەوێ لە شەوان ئەم گومان و ووت و وێژە دەروونیـیە پاڵی نابە هەریەکێ لە (أبوجهل کوڕی هیشام) و (أبو سفیان کـوڕی حرب) و [اخنس کوڕی شریقه] وە . هەریەکەیان لە ماڵـی خۆیەوە بەنهێنی هەڵساو هات بۆلای ماڵی پێغەمبەر بۆ ئەوەی گوێ بگرێ لە قورئان خوێندنی پێغەمبەری خـوا ، بـێ ئەوە کەسیان بەوانی تریان بزانـێ ! !

پێغەمبەری خوا پیشەی وابوو شەوان هەڵ ئەسا خواپەرستی ئەکرد و بە شێوەو شێوازی پڕ لەشەرم و خۆف لە خـواوەو ، بە دەنگێکی شیرینی فریشتەیی قورئانی ئەخوێند و لەکەڵ گیانی

قورئانا له ئاسمانەکانا کەشتوگێڵی ئەکرد ، لەوانەبوو ئەو ئاوازو نەغمەیە ئاسن و پۆلا بتاوێنێتەوە ، کەچی لە دڵە مۆر — کراوەکانی ئەوانەدا جێ گیر نەئەبوو ، ئەم سێ پیاوە نالەبارەی قورەیش هەتا سپیدەی بەیانی وەکو داهۆڵ هەر یەکەیان جێ یەکا وەستا بوون و گوێ یان گرتبو بەیانی لە کاتی کەڕانەوەیانا لێك ئاشکرا بوون و کەوتنە سەر زەنشت کردنی یەکتری و ، بڕیاریاندا کە جارێکی تر کاری وانە کەن ، چونکە ئەکەر نەفامەکان بەمە بزانن ئەچنە لای محمدو ، ئەمان بێ دەسەلآت ئەمێننەوەو زێر ئەکەون . کاتێ شەو داهات هەریەکەیان وای ئەزانی دەسەلآتی بەسەر خۆیانی یەو قاچەکانی ئەی بەن بەڕێوە بەرەو شوێنە کەی دوێنێ شەوی ، ئەو شەوەیش گوێیان گرتو بەیانی دووبارە بەیەك کەیشتنەوەو کەوتنەوە ڕەخنەو تانەو تەشەردان لە یەکتری . بەم پێیە سێ شەوگوێیان گرتو لە بەیانی سێیەما کەبینەوە بە یەك سوێندیان بۆ یەکتر خوارد کەجارێکیتر شتوا نەکەن .

جێی گومان نیە کە خوێندنی قورئان بەو دەم و دڵ و دەرونە خاوێنە بێ کەردەوە — بێجگە لە بەرزیی وشیرینی و ، لەفراوانی و گوشادیی مەبەستو یاساکانی — تینی کرد بووە سەر دڵو دەرونی قورەیشیەکان و سەر کەردانی کرد بوونو ، تێ کەیی

بوون که ڕاستەو لەلای خواوە هاتووە ، هەر وەك ئیستە کە هەرکەس ئەدوێ یانەنوسێ یەت بەشانو بالی ئیسلام و مەبادیئەکانیا و ، لە گەورەیی وسودیان ئەدوێ ، کەچی هەر یەکەیان بتێکی بۆ خۆی داناوەو بیرو باوەڕێکی تری هەیە و شوێنی یاساو نەرێتیکی تر کەوتوەو پەیڕەوی ئەکات . ! !

هۆی ئەوەیش ئەگەڕێتەوە بۆ سەرشتێکی بناغەیی .. ئەوانیش وئەمانیش لە لێکدانەوەو بیر کردنەوەدا ، لەکێشان و پێوانو پێوەرو ترازووەدا پەنایان ئەبرد ، هەرشتە دەسکردە سەر زەمینیەکان کە باوو خوری دنیا ئەفامێتی بوونو ، لەمێشك و دڵی مرۆڤی سەر لێ شێواوەوە هەڵ قوڵا بوون و دەقیان پێوە گرتبو ، بێجگە لەوە کە بەخیلی بردنیان بە پێغەمبەرو بەرەی هاشم کوێرو کەڕو لاڵی کرد بوون .

ئەترسان ئەگەر موسڵمان بین ئیتر گەورەیی و سەروکایەتیان لە دەس بچێ و ، ئەبێ بچنە ریزی بەندەکانەوەو پلەو پایەیان لەوان بەرزتر نەبێ ، ئەگەر نزمتر نەبن ! ! دەی شتی وەها چۆن ئەبێ ؟ ئەمە بۆ ئەوان کە سەرۆکن دەست نادا !! ئەی ئەوە قورئانەکەیان نیە ئەڵێ : (ان أکرمکم عندالله أتقاکم) «١» واتە : گەورەترو بەڕێزترتان بەلای خواوە ئەوەتا نە کەخواناسرو

«١» سورەتی (الحجرات) .

لە خوا ترسانی زیاتر بێ . ئیتر ئەو کەسە لەهەر نەتەوە و تیرەیەك و هەر رەنگ و زمانێکی هەبێ ، با بەندە یا هەچەمی یا هەر کەسێکی تر بێ .

وە ئەوە بوو خوا رەخنەی لە محمد گرت کاتێ کەلەگەڵ گاورە گاورەکانی قورەیش دا ئەدوا ، لەوکاتەدا کابرایەکی کوێری هەژار لە موسڵمانەکان هاتە لای و نەیزانی محمد لەگەڵ ئەوانەدا خەریکی دواندنە ، داوای لێ کرد : کە ئامۆژگاری بکا و قورئانی بۆ بخوێنێ ، بەڵام محمد دەستی گیراوەو خەریکی بانگ کردنی کۆمەڵێ لە پیاوە دیاری یەکانی قورەیشە بۆ سەر ئیسلام و ، وا دیارە بەتەمای ئەوەیە کە ئەوانە بێنە سەر بانگە کەی و تێ بگەن و موسڵمان بین ، وە بە موسڵمان بوونی ئەوانە قورەیش هەمویان موسڵمان بین و ئیتر مەکە بێتە بنکەیەکی سەربەست بۆ بانگە خوایەکەی ، ئیتر بە ئاشکرا مەشخەڵی خوا شناسی هەڵ بگرن و بانگی ئیسلامەتی بەناو نیوە دونیای هەرەبیدا ولەویشەوە بۆ هەموو لایەکی سەر زەوی بڵاوبکەنەوە خۆ ئەو پیاوەش (عبدالله کوڕی أم مکتوم) تازە موسڵمان بووە و کاتێکی تر چی بوێ پێی ڕابگەیەنێ ، بەم بۆنەوە پێغەمبەری خوا — درودی لە سەربێ — ڕووی لە پیاوە موسڵمانەکە وەرچەرخان و بە پیاوەکانی قورەیشەوە خەریکبوو .

کەچی قورئان هاتە خوارەوەو ڕەخنەی لێ گرتو فەرموی :
(عبس و تولی أن جاءه الاعمی . . .)
ئەم هزو بناغەیە بوو بوبە کۆسپ لە ڕێی قورەیشەکاناو نەی
ئەهێشت ئایینی ئیسلام وەر بگرن و موسڵمان ببن ، دوای ئەو
سێ شەوەی کوێیان لە قورئان گرت [أخنس] چوو بۆ لای
[أبو جهل] و ووتی : (أبو الحکم) «١» ڕات چیە بەڕایەری
ئەوەی لەو شەوانەدا لە محمد ئەمان بیست ؟ أبوجهل ووتی :
ڕام چیە ؟ چیت بیست ؟ . .
ئیمەو بەرەی (عبدالمناف) نەبەردمـــان کرد لەگەورەیی و
ڕێزا . .
ئەوان میوا نداریان ئەکرد ئیمەیش ئەمان کرد ، یارمە تی
هەژاریان ئەدا ئیمەیش یارمەتیمان ئەدا ، شتیان ئەبەخشـــی
ئیمەیش ئەمان بەخشـــی ، هەتا لە کاروانی مرۆڤایەتیدا
بەڕایەری یەك بوین و هەر یەکەمان تەکانی ئەدا بۆ پێش کەوتن .
تا ئەوان گەیشتنە ئەوە کە پێغەمبەریان هەیەو [وحی]لەلای
خواوە بۆ یەت . . چۆن بەوە بگەین ؟ ! !
بە خوا هیچ کاتێ باوەڕی پێ ناکەین و شوێنی ناکەوین .

«١» [ابوالحکم] نازناوی ابوجهل بوو .

وەزۆر جار ئەیان ووت : ئێمە چۆن موسـڵمان ببینو لە رێزی بلالی حەبەشی و یاسرو ، عماری کوڕی یاسرو ، نمونەی ئەوانەدا دانیشین ؟ .

ئەگەر محمد ئەیەوێ ئێمە بێبنە لای با پۆژێ بۆ ئەوان و پۆژێ بۆ ئێمە بێ ! ! .

بەڵام ئایینی ئیسـلام و قورئانی پیرۆز ئەمانەو ئەم پێوەر و ترازووانەی فڕێ ئەدا ، بەرزیو نزمی لەتیرەو زمانو ڕەنگ و وڵات ئەسەندەوە وئەی کرد بەشێکی شەخسیو ئەی بەست بە خزمەتی ڕاستیو بەخۆڤی خوای پەروەردگارەوە . . بیلالی ئەکرد بەوەزیری بانگ و ڕاگەیانن ، سلمانی فارسیی ئەکرد بەیەکێ لە ئەندامی خێزانی پێغەمبەر ، صهیبو زیدو أسامەی ئەکرد بە سەرۆک و فەرماندەی سوپا . [من عمل صالحا فلنفسه و من أساء فعليها و ماربك بظلام للعبيد] «١» .

«١» سورەتی [فصلت] .

بەشـــی ســـێیەم

تێشکێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە :

(صلی‌الله علیەوسلم)

فەرمووده‌ی یه‌كه‌م :—

پێغه‌مبه‌ری خوا — درودی له‌سه‌ر بێ — فه‌رموی به یاره كۆچه‌ری یه‌كانی « ۱ » . (یا معشر المهاجرین : خمس اذا ابتلیتم بهن ، وأعوذ بالله ان تدركوهن :

لم تظهر الفاحشة في قوم قط حتى يعلنوا بها الا فشافيهم الطاعون والاوجاع التي لم تكن مضت في أسلافهم الذين مضوا ، ولم ينقصوا المكيال والميزان الا اخذوا بالسنين وشدة المؤنة وجور السلطان عليهم ، ولم يمنعوا زكاة اموالهم الا منعوا القطر ولولا البهائم لم يمطروا ، ولم ينقضوا عهد الله وعهد رسوله الا سلط الله عليهم عدواً من غيرهم فأخذوا بعض ما في ايديهم ، وما لم تحكم ائمتهم بكتاب الله جعل بأسهم بينهم] « ۲ » .

یانی : ئه‌ی كۆڕه‌ی موسڵمانه‌ كۆچه‌ری یه‌كان : پێنج شت هه‌یه ئه‌گه‌ر گیرۆده بین پێوه‌یان ، په‌نا ئه‌گرم به خوا له‌وه‌ی كه توشیان بێین . . شه‌روان پیسی — زینا — له ناو هه‌ركۆمه‌ڵێكا

« ۱ » مه‌به‌س به كۆچه‌ری یه‌كان ئه‌و موسڵمانانه‌یه له‌مه‌كه‌وه باریان كرد بۆمه‌دینه بۆ پاراستنی باوه‌ڕه‌كه‌یان و بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی ئیسلام .

«۲» [ابن ماجه و ابو نعیم] ڕیوایه‌تیان كردووه .

پەیدا بـێن بە جۆرێ کە بە ئاشکراو بـێ شەرم و پەردە پـێ‌ی هەڵـــێن ، دەردو درمو ئێش‌و ئازاری ئەوتۆیان بەئاوا بـڵاو ئەبێتەوەو یەیا نەبـێ کە لەئاو پێشینەکانیانا نەبون .

وە هەر کۆمەڵێ لە کێشانو پێوانا کەمیان کردەوەو خەڵکیان تیا خەڵەتانن ، تووشی گرانی‌و نەهاتی‌و ژیانی ناڕەحەت‌وجەورو زۆری کار بەدەستان یەن .

وە هەر کۆمەڵێ دەستیان بەسەر زەکاتا گرت‌و نەیـــان دا — بە خاوەنی — ، بارانیان لێ نەکێرێتەوە ، وە لە بەر چوار پـێ و بـێ زمانان نەبـێ دڵۆپـێ باران بۆ نابارێ .

وە هەر کۆمەڵێ پـەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەری خوایـان هەڵ وەشانەوە ، خوا دوژمنی دەرەوەیان بەسەرا زاڵ ئەکا ، چیـیان لە ژێر دەستا بـێ ئەبات .

وە هەر کۆمەڵێ کار بەدەستەکانی بە پـێی فەرمانی خوا فەرمان ڕەوایـیان نەکرد خوا خراپەکانیـــان نەخـاتە ناو ندی خۆیانەوە .

ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا — درودی لە سەر بـێ — کۆمەڵێ پەندو ئامۆژگاری گەورەیە ، کرێ کوێرەکانی کۆمەڵی ڕێز گردووە و پێنجیانی لێ هەڵبژاردوون و خستونیە بەر چاو هەندێ لە زەرەرەرو زیانی کۆمەڵایەتی‌و ، ڕەووشتی‌و ئەندروستی‌و

ڕامیاری یانی ڕۆشن کردوەتەوە کەلەم جیهانەدا یەکە ڕێگەی کۆمەڵ و تەوشی داوی، بەڵای ئەکەن — بێجگە لەسزا کرانە- کانی دوایی کەلە ناو ئـــاگری دۆزەخدا یەخە یـــان پێ ئەگرن — .

ئەگەر موسڵمانەکان — بەڵکو ئادەمیزادەکان — سەر لە خۆیان نەشوێنن و ، (چاو پێچکی) بێگانە لەسەر چاویان لابەرن و ، پەتی شوێن کەوتوویی بـپچڕن و ، بەهۆی هاوڕێ یەتی ئەم و ئەوەوە لە شارێگەی ئیسلام لانەدەن و نەکەونە سەر کوێرە ڕێگاکان ، ئەبـێ هەر کە فەرمودەیەکی پێغەمبەر، یا ئایەتێکیان بیست لە قورئانی پیرۆز ، بەبـێ ســـڕ و دوولێ کردن پەیڕەوی یان بکەن و لێ یان لانەدەن ؛ ئەگینا موسڵمان نین و لەڕێی خواو پێغەمبەر لایان داوە ، بۆ نمونە ئەبـێ کە هەســـتیان بە زەرەروزیانەکان کردو ، زانیان پێغەمبەر ئەم فەرمایشەی فەرموە ، بەخێرایی چەستەیان یکەوێتە لەرزە و دڵە تەپەیان پـێ بکەوێ و هەریەکەی ئەو گوناهانە بەئەژدەما- یەکی کرشندە و بە ئاگرێکی مال وێران کەر دابنێن ، خۆیان بپشکنن و ، بەناو کۆمەڵا بگەڕێن و هەرکام لە مانەیان بەرچاو کەوت بەیەك دەست هەوڵ بدەن بۆ لەناو بردنیان ، باخۆیادو کۆمەڵیان تووشی ئەو زیانانەی نەیەن .

ئەبێ ئەوەیش بزانین ، کە ئایینی ئیسلام هەموو دەستوورو یاساو نەریتەکانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵ ، بۆبەختیاری و کامەرانی ولادانی زیان و خراپەیە لە کۆمەڵ ، لەبەر ئەوە لادان لە هەر کامیان ئەبێتە هۆی پەیا بوونی کێشەلەبەرێ لە قەڵای کۆمەڵا و بە پێی ئەوە تروشی زەرەرو زیان ئەبێ لە جیهانا و ، باری لار ئەبێو توشی نەخۆشین یەت ، جا لەبەر ئەمە ئەیوایە موسڵمانەکان هەر لە ترسی ئەوە — ئەگەر خوانە خواست ترسی ئەولایان نەبێ — هەموو یاساو نامۆزگاریەکانی ئیسلامیان بپردایە بەڕێوە .

وامنیش — بە پێی توانام — یەکە یەکە ئەم پێنج (لادانە) ئەخێنمو باسی هەندێ لەخراپە و زیانیان ئەکەم ، داوای یارمەتی بۆ خۆم و موسڵمانان لەخوا ئەکەم .

یەکەم : فاحشە :

هەبەس بەم ووشەیە ئەگەڕێتەوە بۆ شەروال پیس و ، بۆ ئەو شتانەی پێشەکین وڕێگا بۆ ڕوودانی ئەو کارە پیسە ئارەزوایە خۆش ئەکەن . وەك ڕووتی و ، بێ پەردەیی ئافرەتان ، تێکڵاوی نێرومێ — بەبێ چاودێرو لێ پرسینەوە — لەشەقام و بازارو لوتابخانەو خوێندنگاو سینەماو کڵوپ مەلە و ماوینە

هەوارو شوێنە کشتیەکانا ، بە تایبەتی ئافرەتان خۆیان ئەڕازێنێنەوەو و ئارایشت ئەکەن و بە سۆراو و سپیاو خۆیان ساولووس ئەدەنو ، شوێنە جوان و ناسکەکانیان دەرئەخەنو ، شانە خڕە لەکەل پیاوا ئەکەن و ، دڵی کەنجەکان ڕائەکێشنو ئەیان خەنە چاڵی بێ ئابڕوویی ... !!

یان وەك پەڕاوو کۆشارو ڕۆژنامە بێ ئابڕوەکان ، کەبەهەموو جۆرێك وێنەو نیگاری ناڕەواو ووتاری بێ ئابڕووانە بڵاو ئەکەنەوە بە چیهانا !؟ یان وەك فیلمی ناڕەوای سینەما و ئەلەفزیون و چیرۆکی ناکۆمەڵایەتی ڕادیوو ئەلەفزیون ، کە پەردەی شەرمو ئابڕوو ئەدڕن ... وهتد ... !!

ئەمانەو وێنەیان لەکەل پڕوپالانتەی زۆرا بۆ هەریەکەیان ، داهێنراوو باوی وولاتی ئێمە نەبوون ! ئەمانە هەموو یان لە خۆر ئاوای ئیمپڕالیزمەوە بە دیاری هێنران بۆ وولاتە ئیسلامیەکان . ! جا با بزانین کێ هێنانی ؟ وە بۆچی هێنانیان ؟ .

بە کەڕانەوە بچکۆلەیەك بە دوورو بەری خۆمانا ، بۆمان دەر ئەکەوێ کەوا : ئەوانە هێنایان — یا بەپیلانی ئەوانەدات — کەمژدەیان ئەدا بە ئایندەی سەرکێ شێواوی (گاورێق) ، ئەوانەی لە کۆنەوە ویستوویانە — بەو ناوەوە — ئیسلامەتی

لەناو موسلمانەکانا لەناو بەرن ! بۆ ئەوە کە وولاتە بەپیتە ـ کەیان بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوەو ، بەروبومەکەی بخۆن و دەرامەتەکەی بەرنو ، ئێمەیش زەقەی چاومان بێت !؟ ئەو ئیمپەریالیزمانەی ئەیانەوێ بە سەر لاشەی مرۆڤەکانا سەر بکەون بۆ ئامانجی خۆیانو خوێنی مرۆڤەکان بمژن .

وەزکەرکانیان — لەناو موسلمانەکانا — چوون بـە دەمیانەوەو خۆش هـاتنی گەرمیان لێ کردن و بەشەوق و ئارەزووەوە چوون بە دەمی هەموو باوو خووە داهێنراوەکانیانەوە و ، بە نیشانەی سەربەستیو پێش کەوتنو شارستانێتی دایانە قەڵەم ! ! هەردوو لایان کەوتنە پەلەقاژەو هەوڵدان، بۆ ئەوە مانای ووشەی ڕەووشت لەناو کۆمەڵی موسلمانانا — وەکو خۆیان — نەمێنێ ، وەیەک سەر پیشەی چوار پێی و بەرەڵایی وەر بگیرێ و ، نەفامێتی تازە بچێتە ڕیزی نەفامێتی کۆن ! وەئەمەش ناوی شـارستانێتی بـێ نەک کۆنە پەرستی ! ! .

سەیری هەر دەست کردێ ، هەر داهێنراوێ ، هەر ئامێرێ ئەکەی ، ئەبینی بە وێنەی ئافرەتی ڕووتو قوتەوە پێش کەش ئەکرێ ، وە لە هەمرو جیهانی خۆر ئاوادا شتێك نیەکە چەندە وێنەو نیگاری ئافرەتی جوانی ڕووتی پێوە نەبێ !! ئەمەیش

بۆچی ؟! بۆ ئەوە کە دڵی گەنجەکان ڕابکێشێ و ، هەمیشە هەر ئەو بەزمەیان لەدڵابێ و لە بیریان نەچێتەوە و پیوەی گیرۆدە بین و بیرو هۆشیان لای هیچ‌تر نەبێ ! ؟

ڕای ئیسلام لەم بابەتەدا :

ئیسلام لەم بابەتەدا ڕای تایبەتی خۆی هەیە ، خوای گەورە ئادەمیزادی دروست کردووەو کردوویەتی بەچێ نشینی خۆی لەسەر زەویدا ، وە چەندەها شتی بەکەڵکو سوودی لەزەویدا داناوە ، تا ئادەمیزادەکان بە کاریان بێنن وچێهان ئاوەدان بکەنەوە و سوود لە دروست کراوەکان و داهێنراوەکان وەر بگرن ، وە فەرمانەکانی خوای گەورەو بەندەکایەتی تەنیا بۆ خوا بە چێ بێنن .

وە بۆ ئەوەی بتوانن ئەم کارە گەورەیە بەجێ بێنن ، چەندە پارچەو هێزی لەلاشەی ئادەمیزادا داناوە ، ئەوانەیش ئادەمیزاد ڕائەکێشن بۆ پێك هێنانی ئەو شتانەی ئەبنە هۆی مانەوەو زۆر بوونی ئادەمیزاد ، وە ئەبنە هۆی بەکار هێنانی کەڵکو سوود لەبەشرو پارچەکانی بوونەوەر .

یەکێ لەوانە هێز و داخوازیی بۆ پەیدا کردنی خواردن و کۆ کردنەوەی شت و مەکی ژیان . وە یەکێ تریان بۆ پێتیە کە

هێزی داخوازی لاشەیی و نەژادی (الغریزه الجنسیة) :
هێزی تێر کردنی ئارەزووی نێر امێ و ئارەزووی من لەنێر،
وەئەبێ ئاخۆ هەڵوێستی مرۆڤ بەرابەری ئەم هێزە
چۆن بێ ؟ .

١ــ ئایا جڵەوی لەسەر داماڵێ کە هەر چۆن و لەهەر کوێیەوە
= هەر جۆر بێ تێری بکا بەبێ پەردەو سنوورێکی ئایینی
یا رەوشتی ، یا کۆمەڵایەتی ، وەکو ئەوانەی کەوا باوەڕیان
بە خوا نیەو دڵیان بەڵێ پرسینەوەو ئایین و رەووشتا
نافێنن ؟ .

بێ گومان شتی وەها مرۆڤ لە ڕیزی مرۆڤایەتی لائەداو ،
بەرەو حەیوانێتی و چوار پێیی ئەبات ، وەخێزان و تیرە و
ڕەگەزو کۆمەڵ لەناو ئەبات و شایانی ئایینی ئیسلام
نیە .

٢ــ یان ئادەمیزاد ئەو هێزە بەبەستێنەوە و بێ گرێ و بێ
ــ مڕێنێو لە ئاوی بەرێ ، وەکو لە هەندێ بیرو باوەڕا
دایان هێناوە .

ئەم شێوەیەش پێچەوانەی سروشتی ئادەمیزادەو ، پێچەوانەی
ئامانجی مانەوەیەتیو ، پێچەوانەی یاسای ژیان و بوونەوەرە

وه پێچەوانەی ئایینی ئیسلامە ، پێغەمبەری خوا - درودی لە سەر بێ - فەرمویەتی :

(یەکێ لە ڕەووشتەکانی من ژن هێنانە ، هەر کەسێ لەڕەووشتە کانی من لابداو پشتیان تێ کاڵە ئێمە نیە) . واتە موسڵمان نیە . وە فەرمویەتی : (ژن بێنن « بامنالی زۆرتان ببن» چونکە من بە زۆری ئێوەوە بە سەر ئومەتەکانا شانازی ئەکەم » .

٣ - یا خۆ لەئێوانی ئەم دوانەدا مەیدانێکی فراوانی سنوور = دار بۆ بەکار هێنانی نەژادی دابنێن ، کە لە چوار چێوەی ئەو مەیدانەدا ئەو هێزە تەراتێن بکاو غاربدا و توانای خۆی بەکار بێنێ ، نەبەرەڵایی و لێ پرسینەوەی نەبێ ، وەنە دەست بترێتە بینو بخنکێنرێ .

ئەمەیە ئەو بارەی ئایینی ئیسلام - دەستوری خوای پەروەردگار - ددانی پیا ناوەو ، هەموو هەنگاوو ڕێ و شوێنەکانی بۆ دیاری کردووە - وەکو ئایینە خوایی یەکانی پێشوو - - - ئایینی ئیسلام ژن هێنان و شوو کردنی بەبەشێ لەبەشەکانی یاسایانی خۆی داناوەو ، یەکێکە لەڕێگاو ڕەووشتە بەرزەکانی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام . لە فەرمودەیەکیا ئەفەرموێ : (هەتا گەنج ژن نەهێنێ نیوەی ئایینی دانامەرزێ)

وه ئەچێ بەگژی گۆشە نشینو خۆ دوور خستنەوە لە ژن هێنان و شوو کردن (هەر کەس ژن نەهێنێ موسڵمان نیە) . وە هەر لەوکاتەدا هەڵسان بە ڕەووشت پسی و شەروال پێسی — زینا کردن — بە تاوانێکی گەورەو گیرۆدە کەر دانەنێ ، ئەچێ بەگژیاو سزای سەختی پاشە ڕۆژ و تۆڵەی گرانی جیهانی نیشی بۆ داناوە : کوڕو کچی زیناکەر لەبەر چاوی خەڵکی ناوچەکەدا بەکێ سەد دارپان لێ ئەدرێ ، وە ژنو پیاو بەرد باران ئەکرێن تا مردن .

شتێکی ئاشکرایە کە منال بە گرنگترین دەسکەوتی دایك و باوك دانەنرێ ، کە بەهیچ نرخێکی جیهانی نای گۆڕنەوە ، وە بە پارچەی جگەر و بە ڕۆشن کەرەوەی چاوو دل ئەدرێنە قەڵەم ، دوای مردنی دایكو باوك ، منال درێژەی ژیانیان و جێ نشینیانن ، وە هەر وەها بوونی خێزان و ، مانەوەی تیرە و نەژاد شتێکی سروشتیبە لە هەموو مرۆڤێکا . جا لە بەر ئەمانەو وێنەیان ، ئایینی پاکی ئیسلام ژن هێنانو شوو کردن (واتە دامەزراندنی نێرومێ) ی بە شتێکی پێویستی داناوە ، وە شەروال پێسرو کاری بۆ ئاڕوێی قەدەغەو یاساغ کردووە ، بۆ ئەوەی ئاوی مەردمەکان تێکڵاو نەبن و خێزانو نەژادەکان خاوێنو دیاریو پارێزراوبن ، منال باوکی خۆی و ، باوك منالی

خۆی بناسێ و تێکەڵ و پێکەڵ نەبن و سۆزی باوکو پۆڵەیی بەیێنێتەوە .

ئایینی ئیسلام هەروەك زینای قەدەغە کردووە ، هەروەها ئەو شتانەشی قەدەغەو یاساغ کردووە کە لەوانەن سەر بکێشن بۆ کردنی ئەو کارە پیسە ، یا رێگەی بۆ خۆش بکەن ، یا دڵی گەنجەکان بخەنە خەیاڵ و مەراقەوە ، وە هەموو رێگاکانی بەرژینی پۆڵایین بە ستووە ، نەوەك خەڵکی ئایانەوە بۆ بەرەو بێ شەرمی بڕوات ، ئەوانەش وەکو :—

۱— بوونی پیاوو ئافرەتی بێگانە «۱» دوو بە دوو — بە بێ سێ یەمێ — لەشوێنێ یا لەڕێیەکا .

ئەمەیش وەك نەبێ لە بەر بەن متمانەیی بێ پێیان ، نەء ! بەڵکو شتێکی [احتیاطی] یەو بۆ پاراستنی موسڵمانە لەخەیاڵ و خەتەرەی خراپەو لەگومانی ناڕەوای ئەم و ئەو ، بۆ داخستنی دەرگاکەیە بە تەواوی . پێغەمبەری خوا — درودی لەسەربێ— فەرمویە : (هەر کەسێ باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە ، لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا — بەبێ مەحرەم — نەبێ ، چونکە

« ۱ » مەبەس بە پیاوو ئافرەتی بێگانە ئەو پیاوو ئافرەتەن ڕۆژێ لە ڕۆژان مارە کردنیان لە یەکتر دروست بێ .

سێ یەمەکەیان شەیتانە «۱» جارێکیان پێغەمبەری خوا سەری خستبووە کۆشی یەکێ لە خێزانەکانیەوە بۆی ئەشۆری موسڵمانێ هات و ئەو دیمەنەی بینی بە گورجی تێ پەڕی ، پێغەمبەر بانگی کردو کێڕایەوە و فەرموی : ئەوە فـــلانی خێزانمە . موسڵمانەکەیش بە تەریقیەوە ووتی : جا کوایە تۆ — ئەی پێغەمبەری خوا — کەمانت لێ ئەکرێ ؟!!

فەرمووی : شەیتان رەگو خوێن بەلاشەی ئادەمیزادا ئەگەڕێ وە فەرمویـــە : خۆتان لە چێـــگەی گـومان بپارێزن » .

۲— ڕوانینی پیاوو ئافرەتی بێگانە بۆ یەکتری ، ئایینی ئیسلام تەماشا کردن وڕوانینی پیاو بۆ ئافرەتـی بێگانەو ئافرەت بۆ پیاوی بێگانەی تەدەغەو یاساغ کردووە و ، بەیەکێ لە گونامەکانی داناوە و دەڕەشەی ئایەتی لەسەر کردووە ، وە ئایەتو فەرمودە لەم ڕووە زۆرەو هەموو کەس ئەیان زانێ و پێویست بە هێنانەوەیان ناکات . بێ گومان چاوکلیلە بۆ دڵ ، وە تەماشا کردن ڕێگەو پێشڕەوی بۆ شەهیدا بوون و

«۱» امامی احمد لە عامری بەگوڕی ڕەزیەڵڵاوە ڕێوایەتـی کردووە بە ئاڵیەمایین هەڵەیە بە ها هەڵەیە

گیرۆدەیی ئەوین ، لەوێشـــەوە بۆ زیناو ڕەووشـــت پیسی .

٣ــ دەس دانی پیاوو ئافرەتی بێگانە لەیەکتری « یالاشەیان بە ڕووتی لە یەك بکەوێ » ، ئەمە لە تەماشا کردن و لەخەلوەتی گەورەترو گوناهترە و ، زیاتر مرۆڤ ڕائەکێشی بۆ ئەوەی بیخاتە ناوچالی توش بوون و بێ ئابڕوییەوە .

خۆ ئەو شتانەی لەمانە قولترن ، وەك دەست بازی و یاری لەگەلا کردن و ، ماچ کردن و ، مەمکوشـــین و ، بەدەمەوە پێکەنین و ، چاولێ هەڵ تەکانن و وێنەیان ، ئەمانە تۆزێ وان لەخواروی زیناوەو گوناهو یاساغن لە ئیسلاما پێغەمبەری خوا ــ درودی لەسەر بێ ــ فەرموویەتی : (زینای چـاو تەماشا کردنە ، زینای گوێ بیستنی ووتەی دڵداریە ، زینای دەم لەگەلا دووانە ، زینای دەست ، دەست تێوە دانە ، زینای قاچ هەنگاو بۆ لانانە ، دڵیش ئارەزوو ئـــەکات و ئاوات ئەخوازێ ، وەرمێنیش یا بەڕاســـتی دەر ئـەکا یـا بـە درۆی ئەخاتەوە) «١» .

بەم پێیە ئایینی ئیســـلام ئەیەوێ کۆمـــەڵە کەی (بە پیاوو ئافرەتەوە) بە خاوێنی و بە پاکی دەستودەم وچاوو

«١» بـخاری و مسلم لە أبوهریرەوە ڕیوایەتیان کردووە .

دڵو لاشەی بمێنێتەوە و ، کەس نەتوانێ ناشیرینی بکاو یاناوو ناتۆرەی خراپی لێ بنێ ، وە تۆزو گەردی بەن شـــەرمی و ناڕەوایی لە هیچ شوێنێکا لێ نەکەوێ و ، پیرو چەپەڵیان نەکا ، وە ئەمەیش هەندێکە لەڕاو لەڕێبازی ئیسلام بێ پیاوان و ئافرەتان لەگەڵ یەکتریا ، وەلە بەرابەری هێزی نەژادی و ئارەزووی جنسی لە هەردوولادا .

بەڵام شارستانیەتی خۆر ئاوا — کە بە ملی شکاوی — لاناوی بێ شەرمی هێنا بۆ وولاتە ئیسلامییەکان ، بۆ بەجێ هێنـانی خواستو مەبەستی ئیمپریالیزمەکان کە داگیر کردنی وولات و نەهێشتنی ئایینی ئیسلامە ، یەکـەرە وڵیان دا بۆلەڕیشە هێنانی وێڵو شێوازەکانی ئیسلام بەتایبەتی لە گۆشەی ئافرەتانا ، وە بۆ ئەم ئامانجە بەدەیان — بگرە بەسەدان — هۆی ڕۆشن کردنەوە (وسائل الایضاح) ی لە کارو کردەو وێڵی ناو ئافرەتانی خۆیانیان هێنا بۆ ناو وولاتە ئیسلامییەکان ، لەگەڵ زۆرنا ژەنەکانیانا کە ئەمەیە ماڤی ئافرەتان و پێش کەوتن و شارستانیتی و سەربەستی . . . هتد . . .

وە لە وولاتە ئیسلامییەکانا ، کەلێ پیاوو ئافرەتی هـــەژار کوێرانە شوێنیان کەوتن و باوەڕیان پـێ کردن و چونەسەر بەزمەکەیان و بە ڕەنگەکەی ئەوان خۆیان بۆیە کرد ، وەبەم

[فاحشه] لەگەڵ ئەو زیانانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و خێزانی و نەژادیدا - لەگەڵ ئەواندا - زیانی گەورەی تەندروستی و ویژدان کەریشی هەیە ، ئەك تەنها بۆ ئەوانەی ئەو کارە چەپەڵە ئەکات وەك سوزەنەکو و ئەوەوبەش بەڵکو بۆ کۆمەڵەکەی . وا دیارە خوای گەورە کەلەگەڵ کۆمەڵێ خەشمی گرت بێجگە لە سزای تایبەتی کونامبازەکەلە پاشە ڕۆژا بەلایەکی کشتی بۆ ئەو کۆمەڵە ئەنێرێ . کەلە چوار چنوەیا ئەو کونامو یاخی کەرێیە ئەکرێ و کوێی ناەنێ .

ئەوەتا پێغەمبەری خوا - درودی لەسەر بێ - لە فەرموودەکەی بەر دەمانا فەرمویە: [فاحیشە و شەروال پێس لەناو هەر کۆمەڵێکا بە ئاشکرا بکرێ درمو دەردو ئێشو ئازاری ئەوتۆیان بە ئاوا بڵاو ئەبێتەوە کە لەناو پێشینەکانیانا نەبوون) .

بەڵێ فاحشەی ئاشکرا درمو نەخۆشین بەناو کۆمەڵا بڵاو ئەکاتەوە ، بەڵام کونامو خراپەی نهێنی کە هەر خواو فریشتەکان پێی بزانن و ئاشکرا نەبێ و سنوری پاساکانی خوا نەشکێنێ بە ئاشکراو ، کونامبارەکەیاسی نەکا ، ئەوە لەتوانی خواو کونامبکارەکەدا ئەمێنێتەوە وەسەر ڕۆژ ناکا تۆ کۆمەڵ ،وە

ئەوەی زۆر خراپەو زیانی گشتی هەیە دراندنی پەردەی شەرم وئاشکرا کردنی خراپە کەیە .

شەروال پیس لە هەردوو جیهانا تۆلەی گەورەی هەیە ، وە پێغەمبەری خوا لێرەدا ئەیەوێ یەکێك لەسزا جیهانیە کان بخاتە پێش چاو تا لەترسی ئەو سزایە نەیەلێن ئەو خراپەیە ڕوو بدات ، ئەو سزایەش بریتیە لەپەیابوونی نەخۆشیەو درمو جۆر بەجۆر و بلاّو بوونەوەی بە ناو کۆمەلاّو لەسنوری گوناهکارە کەدا نەوەستێتەوە . . .

هەر کەسێ لە ئێمە سەرنجێکی کۆمەڵ بدات ، یا سەیری لە نەخۆشخانەو دەرمان خانەکان بدات یا هاتوچۆی لای پزیشکەکان بکات ئەبینێ بەڕادەیەکی سامناك وترسێنەر دەردو نەخۆشی وئازار پەرەی سەندووە ، ئەمانە هەچیان لەناو پێشینە کانمانا ، بەڵکو چەند سالێکیش لەمەو بەر نەبوون ، یا زۆر کەم بوونو بە کەمی ڕوویان داوە ، وە بێجگە لە بەدی هاتنی فەرمودەکەی پێغەمبەر بە هەر جۆرێ لێك بدرێتەوە یا مانای بۆ دابنرێ یا هۆی بۆ بدۆزرێتەوە هەڵەو ناڕاستەو لەکەڵ لێ کۆڵینەوەدا ڕێك ناکەوێ . .

نەخوشینی شێرپەنجە ، دەردی کورچیلە ، زراو ، دڵ جگەر ، گەدە ، پەیکەری ئێسقان ، خوێن هەڵسان [ضغط] ، سیل ،

پاشان ئەبینم کۆڤاری [التربیة الاسلامیة] ئەلی
[١٤] پزیشکی سوویدی کە زۆر بەیان مامۆستای زانستگان،
بە پانتکیان بۆ چکۆنەت و گەلی سوویدی بلاو کردۆتەوە
داوایان کردووە کە گەلی سوویدی ئەوەندە ڕۆ نەچن لە ژیانی
[جنسی] دا، لەکینا گەلی سوویدی لەناو ئەچن، وە بەڕۆشنی
دەریان خستووە کە ژن هێنان تاقە چوار چێوەی سروشتی یە
بۆ بەپیوەبردنی [جنسی]، وە هەر وەها باسیان کردووە کە
هەر ژمارەیەک لە کراوە بەسەر بیست هەزار حالەتی نەخۆشیدا،
لە ٥٢ ٪ ی نەخۆشی [جنسی] بووە، وە بەپانتکی تری
کۆبەلایە تی سوویدی ئەلی بۆ دوای بڵاو کۆتایی هاتووە کە وتووە
کە بەڕەی تازە لە تەمەنی (١٤ تا ١٦) دا دەستیان
کردووە بە ئیشی [جنسی] تر ستنەوە بەڕادەیەکی زۆر. وە ئەمە
بەهۆی پیشەی ڕووداوی ژیانی هەموو کەلەکانی ئەسکەندناڤی
دا ئەبڕێ]. ١٠ ل
ئەمانە و وتنەیان یاهەر نەبوون یاڵە ڕێژەی لە ٥ ٪ ی تێنەپەڕیوون، وە ئەم دیاردەیە بوون و دەرەو کردنەیەم دەردو

---

١٠ ل کۆڤاری [التربیة الاسلامیة] ژمارەی ١٠ ساڵی [١٤]

نازارانه ، تەنیاخەشم و قینی خوایەو لەنەکبەتی ئاشکرا کردنی فاحشەو بێ شەرمیەوە خواتووشی کردوین و بەس .

ئەبێ ئەوەش بزانین کە یاسای خوا لەسەر زەویدا وایە،هەر کە بەلایەکی نارد ئاوانبارو بێ تاوان وەکو یەك تووشی ئەبن، هەر وەك ئاگرێ بکەوێتەوە لەکەژێکا تەرو وشکی بە یەکەوە ئەسوتێنێ ، قورئان ئەفەرموێ : (واتقوا فتنة لاتصيبن الذين ظلموا منكم خاصه) « ۲ »

یانی : خۆتان لەو تاقی کردنەوە و بەلاو خراپانە بپارێزن کە هەر کاتێ هاتن وەنەبێن بەتەنها هەر تووشی زالم و خراپکارەکان بێن ، بەڵکو چاك و خراپ ئەگرێتەوە .

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێت و بە ووردی لە شتەکان بکۆڵینەوە لە کاتی بلاو بونەوەی گوناهو خراپەدا لەناو کۆمەڵا کەمتر بێ تاوان هەیە ، چونکە بە پێی یاسای ئیسلام - وەکو ئەم ئایەتەش ئەی گەیەنێ هەر کە گوناهو ناڕەوا یەك ڕووی‌دا پلویستە لە سەر موسڵمانەکان بکەونە خۆیان و هەوڵ بدەن بۆ نەهێلانی . . بە دەست و بازوو بەدەم و زوبان و قەڵەم، وەبەدڵ نەفرینی لێ بکەن ، ئەگەر هاتوو گوێیان نەدایە و گوناهەکە پەرەی سەندو بوو بەیاو ، هەموویان وەکو یەك ئاوانبارن

« ۲ » الانفال .

ـــ هەر کەســـەبە ئەندازەی توانای خۆی ئەجار خەشم و قینی خوا کەهات هەموویان داگیر ئەکات .

جا کەوایە با هـــەمووەان چاو بکەینەوەو بیر بکەینەوە ، با هەموومان بکەوینە هەوڵدان بۆ لەناو بردنو کۆڕ کردنی ئەو بەلایەی بەهەزاران بەڵای لێ ئەبێتەوە و پێوەی گیرۆدە ئەبین و جیهانی ڕۆشنەان لێ ئەکەن بەشەوە زەنگ ، خۆ گومانی تیانیە کە سزای پاشە ڕۆژەان ـــ ئەگەر خوانەەان پارێزێ ـــ زۆر لەمە گرانتر ئەبێ ، با کە هیچ نەبێ لەبەر پاراستنی ئەندروستی خۆەانو کۆمەڵەان ئەو تاوانە پیـــە لەناو بەرینو ئەو بـــاوە پیـــانە بنێرینەوە بۆ ئەوبەری دەریاو پشـــتی چیاکانەوە ، با بکەڕێنەوە بۆسەر ئایینی ئیسلام بۆ خۆ ڕزگار کردن ؛ باکە هیچ نەبێ تاقی بکەینەوە .

دووەم : کەمو کوڕی لەکێشانو پێوانەدا:

خوای پەروەردگار ئادەمیزادەکانی بە جۆرێ دروست کردووە کە هیچیان بەبێ ئەوانی تریان ناژی‌و نی‌یانە پێویستی‌و ئاتاجی لە ژیانا بەوانی‌تریان نەبێ ، وە سروشتی ژیان ناچاری کردوون کەهەریەکەیان‌هەڵسن بە ئیشو کارێك و بە هەمویانەوە ژیان‌تەواو بکەن و بەیەکەوە ڕەوڕەوەی ژیان بەرن بە ڕێوە ، وە هەندێ لەو ئیشانەی پێویستی هەموو ئادەمیزادێکن کڕین و فرۆشتنی‌شتو

مەکی ژیانەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ بەشێ لە کۆمەڵ تەرخان بین
بۆ هەڵسان بەبەجێ هێنانی ئەم پێویستیە کۆمەڵایەتی، وەخوای
گەورە بەدوای پێغەمبەرانەوە ـ درودیان لەسەر بێ ـ هەموو
ڕێگاکانی ژیانی بۆ باس کردوون و پاکی و پیسی و چاکی و
خراپی لە هەموویانا ڕوشن کردووەتەوە بە تایبەتی ئایینی
ئیسلام ـ دوایین پەیامی خوا ـ هەموو کارو کردەوەکانی بەڕوشنی
بۆ باس کردوین و ڕەواو ناڕەواکانی جیا کردوەتەوە و
نەخشەی هەمووبانی کێشاوەو خاڵەکانی دەرخستوە بە جۆرێ
ئەگەر مرۆڤەکان لەسەریان بڕۆن وچەپ و ڕاستیان تیا نەکەن
ئەتوانن ژیانێکی پڕلە ئاسایش و بەهەشتێکی جیهانی دروست
بکەن.

لە باسی بازرگانیتی و کڕین و فرۆشتنا مامۆزا چوار چیوەی
دیارێ دانا وە ئامۆژگاری [illegible]

کردووە [illegible]

پێغەمبەری خوا ـ درودی لەسەر بێ ـ فەرمویەتی: (لاضرر ولاضرار) واتە: ئەبێ لەپێش و کارا و لە پەیدا کردنی مالو سامانا ـ کە بازرگانیتی هەندێکە لەوانە ـ بە ڕەوێکی خەڵکی بکەنەزیان بە خۆتان بگەیەنن و نەزیان بە کەسێکی تریش بگەیەنن.

وەڵامدانەوە لە هەموو کەسێ ئەگا کەلە ئیشەکەی خۆیا ئەمین و
ڕاستو بێ فێڵ بێ و چاوو ڕاو لەکەس نەگا (هەرکەس غەشو
فێڵمان لێ بگا لەئیمە نیە) وائە موسڵمان نیە . هەموو کەسێ
پێویستی بەشت کڕین هەیەلەخواردن و لەبەرگو لەپێویستیەکانی ترا . وە هەموو کەسێ بۆی ناکرێ ، یا نازانێ ، یا
فریا ناکەوێ کەلە هەموو شتێکا بگەوێتە ناقی کردنەوەو ، بە
ڕابەڕێکێ کردنی و بنج و بناوانی بشێلێ ، ئەوەتە زۆر جار بە
فڕۆشیارەکە ئەڵێ : ئەوەندە یاردە لەو قوماشەو ئەوەندە کیلۆ
لەو خوڕاکەم بدەرێ و فڕخسی ئەو چەندە و هەقی ئەم
چیە ؟

جا ئەگەر بیت و بازرگانەکانمان ڕاست و ئەمین نەبن و فڕوفێڵو
غەش لە فڕۆشتنە کەدا بکەن و زیادە وەرگرن و کەم بدەن وسەنگ
بگۆڕن ، ئەوە ئیتر شیرازەی کومەڵ ئەپچڕێ و تای ترازووەکەی
لارە سەنگ ئەبێ و ئاسایش و هێمنی و متمانەو دڵنیایی لە ناو یا
هەڵ ئەگیرێ و وەبارێ کۆمەڵایەتی و ئابووری دەمەو خوار ئەبێ
ئەمەش ووردەووردە سەر ئەکێشێ بۆ پەیابوونی بێشوێ و تۆڵە
سەندن و ناڕێکی ، وواڵات بەرەو وێرانی ئەڕوات و هەقی
زۆر کەس تیا پێ شێل ئەکرێ ، خۆیەکێ لەمە بدەتە گرنگە -
کانی ئیسلام ئەوەیە ، مافی کەس داگیر نەکرێ و هەڕ کەسەهەقی

خۆی بدزێنه دەست و ، نەهێلرێت کەس مالی کەس بخوا یا بی خەڵەتێنن وفێڵی لێ بکا . .

بۆیە ئایینی ئیسلام یاری کردن بە کڕین‌و فرۆشتن‌و ، بە کێشان‌و پێوان و کەم‌وزیاد کردن تیایانا ، بەشتێکی ناشیرین‌و بە گوناهێکی گەورە دانەنێ‌و ، سزای سەختی لەسەر ئەداو بەتایبەتی باسەکە پیشان ئەدا . .

قورئانی پیرۆز لەگەڵ سورەتیا ئەم بابەتە ئەهێنێ وئامۆژگاریی تایبەتی تیا ئەکاو داوای راستیمان لێ ئەکاو لە لادان‌و فێڵ‌و خەڵەتانن ئەمان‌ترسێنێ [وأوفوا بالكيل اذاكلتم‌وزنوا بالقسطاس المستقيم] « ١ »

یانی : هەر کاتێ شتتان پێوانە کرد بە تەواوی بسی پێون‌و کەم‌و کوڕی تیا مەکەن ، وە بەشایەن و ترازووی راست شت بکێشن . نەوەك کەم‌و کوڕی تیا بێ و یەکسن توشی زیان بکا .

(وأوفوا الكيل والميزان بالقسط ، لانكلف نفساً الاوسعها) «٢»

یانی: پێوانەو کێشانە بەتەواوی‌و داد پەروەرانە بکەن بەپێی

« ١ » سورەتی (اسراء)

«٢» سورەتی (أنعام)

تواناتان ، ئیمه زیاد له توانا داوا ناکەین .

(ویل للمطففین الذین اذا اکتالوا علی الناس یستوفون ، واذا کالوهم أو وزنوهم یخسرون ، الایظن أولئك انهم مبعوثون ، لیوم عظیم ، یوم یقوم الناس لرب العالمین) «۱» یانی : هاوار و سزای سەخت بۆ ترازوو بازەکان (ئەوانەی دزیەکی کەم و بێ بایەخ ئەکەن) ئەوانەی کە شتیان لە خەلك کڕی بەتەواوی لێی وەر ئەگرن — ئەگەر بەزیادەوە نەبێ لێی نەدزن — وە ئەگەر شتیان فرۆشت بە خەلکی و بۆیان پێوا یا بۆیان کێشا دزی لێ ئەکەن و بەکەم و کوڕی وبە ناتەواوی ئەیان دەنێ ، شتێکی سەیرەو جێی سەر سوڕمانە ئەڵێی ئەوانە بەتەمای لی پرسینەوەنین‌لە پاشە ڕۆژا ! ! ؟ ئایا نازانن‌و باوەڕیان بەوەنیە کە ئەنێردرێن بۆ ڕۆژێکی گەورەو سامناك ؟ ! ! ئەو ڕۆژەی ئادەمیزادەکان هەموویان وەستاوون لە بەردەمی دادگای خوای گەورەدا ، وا ئەو فێڵ و دەست کۆڕین و خیانەتە ئەکەن ! ! وە زۆرو زەبەنتەی‌تر ئایەتی قورئان لەم بارەتە ئەدێو گەلێکیش فەرموودە هەیە باسەکە ڕوون ئەکەنەوە « ۲ »

« ۱ » سورەتی (المطففین)

« ۲ » بۆ زۆرتر تێگەیشتن لەبارەتەکە سەیریکی‌پەراوی (الحلال والحرام فی‌الاسلام) بکە لاپەرە [۲۰۸ / ۲۳۶]

جا با بازرگان و فرۆشیارەکانمان بەکرێک نەیم بابەتەبکەرێن
بەشتێکی کەورەی بڕانن و ، با سەنگ و یاردەو کەزوەتەرو
مەن و تەنەکەی لەکەس نەکڕێن ، با چڕن بۆ خۆیان نەکڕن
وەهایش بفرۆشن ، یاوا بزانن کەخوا ڕزق و ڕۆزی یان نەداوە
دەوڵەمەندی یان نەکا ، نەک نەوادزی و فێڵ و خیانەتەڵ ڕیا
فرێ لەکەس نەکڕن ، چاوو ڕاو لەکەس نەکەن ، با لادێیی
و نافرەت و منداڵ و نەشارەزاو نەزانەکان نەخەڵەتێنن ، بابەک
قسەو بەک ڕاست بن و لەسەر دڕۆ و سوێند خواردن نەژین ، با
چاک بەخراپ و خراپ بەچاک نەدەنەقەڵەم ، چونکی خوای
گەورە ئاگای لێیانە و فریشتەکان لەسەریان تۆمار نەکەن ،
لەپاشەڕۆژدا لەبەردەمی دادگای منداکەی خوای
کەورەدا ڕانەوەستێرێن و پرسیاری هەموو شتێکیان لێ
نەکرێ و هەمووی نەخرێتەڕوو ، سزای کەورە نەدرێن لە
سەری ، با بێجگەلە مەشی خوا خەشم و ڕق و قین لەکزەڵ
نەگرێ ، وەبابەەزی ناڕاستی و ناپاکی نەوانەوە ، کزەڵی مەژن
توشی گرانی و نەهاتی نەکات ، وە بەدەستی کار بەدەست و
فەرمانبەری زاڵم و ستەم کارەوە گیرۆدەیان نەکات ، ئەوەبە
پێنەمبەری خوا — درودی لەسەر بێ — فەرمویەتی لە
فەرمودەکەی بەردەمانا : (هەر کزەڵی لەکێشان و پێوانا کەمیان

کردەوە تووشی گرانی وئەهاتی و جەورو زۆری کار بـــە دەستان یەن] .

بە راستی ئەم فەرموودەیە بە ڕێکی بەسەر ئێمەدا هاتوەتە دی . . . ئەوەیە دەست بۆ هەر شتێ ئەبەی ئەوەندە گرانەلە لە کڕین نایە (وەکو ئەڵێن : چۆتە کۆڵی شێرەوە) ، ئەهاتی و گرانی بە ڕادەیەکە مەترسی کەورەی لێ ئەکرێ ، خـۆ زۆڵمو زۆرو جەورو ستەمەەر لەباس کردن نایەت ! ئەمانەش هەمووی لە سایەی ناڕاستی بازرگان و فرۆشیارە چاو چنۆ کە کانمانەوەیە ، کە ئەیانەوێ بە خوێن مژینی هەژارەکان سامان و دارایی یان زیاترو کەورەتر بکەن ، وە مرۆڤەکان بکەن بە پەیژە و پیایا ســـەر کەون بۆ ئا مانجـی پـیـسی خۆیان . ! !

سێیەم : زەکـات نەدان :

خوای پەروەردگار فەرمانی داوە بە دەوڵەمەندەکان : کەئەو ماڵەی خستویەتێ ژێر دەسیانەوە بەشێکی (دیار)ی ماڵی هەژارەکانە و ماڵی ئەوان نیە ، وە ئەو بەشە لە ئیسلاما ناوی [زەکاتە] ە .

زەکات لە ١٠ ٪ هەتا لە ٢/٥ ٪ ی ماڵەکەیە ، هەموو ساڵێ

ئەبێ بەپێی ئەو ڕێژەیە لە دەوڵەمەندەکان وەر بگیرێ و
پاشان بدرێ بەخاوەنەکانی کە هەژارو بێ نەواکانن...
پێویستە لەسەر حکومەتی ئیسلامی هەموو ساڵێ لەکاتی
پێ کەیشتنی بەرو بومدا چەند پیاوێکی موسڵمانی ڕاستی بێ
فێل بنێرێ بە ناوچەکانا ، زەکاتی هەموو شتێ بەپێی ئەندازە
کەی خۆی کۆ بکەنەوە ، پاشان ئێزنەیەکی باوەڕ پێ کراو
ڕێک بخا بۆسەر ژمێری دەس کورتەکان لە هەموو ناوچەکانا ،
وە هەرکەسە بە ئەندازەو ڕێژەی خوی لەو زەکاتە بیدرێتێ ،
وە ئەوانەیان ئەتوانن ئیش بکەن بەو مالە بخرێنە ئیشەوەو
هۆیەکانی ئیش کردنیان بۆ ئامادە بکرێ ، بۆ ئەوەی دوای
ماوەیەک بێ کارو تەمەڵ نەهێڵرێ ، وە زەکاتەکە چی لەبێ
دەستەکان زیاد بوو لەپرۆژەی سوود بەخشدا بە کار بهێنرێ .
بەم باسە زانیمان کە زەکات مالی دەوڵەمەندەکان نیە ،
بەڵکو مالێکی حەڵاڵو زەڵاڵی هەژارو بێ نەواکانە، لە بەر
ئەمە نابێ دەوڵەمەند بە جەریمە و تاڵان کردنی بزانێو ،
ئەبێ سوپاسی ئەو کەسە بکا ئەو بارە لەسەر شانی لاتەبا،وە
ئەگەر حکومەت گوێی نەدایە ئەبێ خۆیان جیای بکەنەوە
و بیدەن بە هەژارەکان ، ئەبێ بگەڕێن بەشوێنی ئەو خاوەن
هەقانەدا ، هەر کەسە هەقی خۆی بدەنێ و مەمنونیش بین کە

ئەو ئەمانەتەیان لێ وەر ئەگرنەوە ، نەك هەڵسن چەند ژێر دەستێکی خۆیان بێنن و بیان خەنە ژێر ئیشو بێگارەوە ، پاشان لەگەڵ یارێ منەتا مشتێ زەکاتیان بدەنێ ، یا کامە خراپ و بەکەڵك نەماتووە بیدەن ، یان هەژارێ بانگ بکەن و وەکو ئەڵێن : [زەکاتەکەی پێ بقەوڵێنێ !] دوایی بەشتێکی کەم و کوڕ ڕازی بکەن و کەردنیان ئازاد بکا . . . ئەمانە زەکات نەدانن ، ئەمانە خیانەت و فڕۆفێڵن لە کۆمەڵ و هەژاران ئەمانە خوا خەڵە تێنن [١١] — خوا پەنامان بدات — ئەمانە دەست درێژێن بۆ سەر کۆمەڵ و تووشی داوی بەڵای ئەکەن .

خوای گەورە لە زۆر سورەتی قورئانی پیرۆزا باسی زەکات و زەکات نەدان و زەکات دانمان بۆ ئەکات : [فاقیموا الصلاة وآتو الزکاة]«١» یانی : ئەبێ نوێژەکانتان بەپاشی و بەتەواوی بکەن و زەکات بدەن .

[والذین فی أموالهم حق معلوم للسائل و المحروم»٢» یانی : لە مالی دەوڵەمەندەکان بەشی دیاری کراو هەیە بۆ سوال کەر و بێ نەواکان .

«١» سورەتی [الحج] «٢» سورەتی (المعارج)

[والذين يكنزون الذهب والفضه ولا ينفقونها في سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم ، يوم يحمى عليها فى نار جهنم فتكوى بها جباههم و جنوبهم وظهورهم . هذا ما كنزتم لانفسكم فذوقوا ما كنتم تكنزون] «١» یانی : ئەوانەی زێڕو زیو ئەکەن بە گەنج و خەزێنەو کزی ئەکەنەوەو لە ڕێی خوادا بەخشق ناکەن ! ئەوانە بیان ترسێنە بەسزای سەخت ، لە ڕۆژێکا کە ئەو گەنجەیان بە ئاگری دۆزەخ گەرم ئەکرێ و سوور ئەکرێتەوە ، پاشان ڕوو وپشتو تەنشتیانیان پێ داخ ئەکرێ پێیان ئەڵێن : ئەمە ئەو مالەیە کە کۆتان کردبووە وە بۆ خۆتان ، دە بچەژن سزای ئەوەی بۆ خۆتان هەڵگرتبو .

زانایانی [تەفسیر] تێکرا ئەڵێن : ئەوانە زەکات نەدەرەکانن وە کەڵێ ئایەتی تریش هەیە لەم ڕووەوە و پێویست بە هێنانیان ناکات .

پێغەمبەری خوا ــ درودی لەسەر بێن ــ لە زۆر فەرموودەیا باسی زەکاتی کردووە و بەگرنگ سەیری کردووە و بە وێڵداشی نوێژی داناوە ــ هەر وەکو قورئان ــ مەتحی زەکات دەر و زەکات دانی کردووە و ، هەڕەشەی گەورەی لەوانە کردووە

« ١ » سورەتی [التوبة] .

که چرووکیی ئەکەنو ، دەست بە سەر زەکاتا ئەگرن کە مالی هەژارانەو نایدەنە دەست خاوەنی : بۆ نمونە قورئان ئەفەرموێ :

(ولایحسبن الذین یبخلون بما آتاهم الله هو خیرا لهم بل هوشر لهم سیطوقون مابخلوا به یوم القیامة (١) . . . .

یانی : ئەوانەی خوا مالی زۆری داونێ و پەزیلو چرووکی تیا ئەکەن و هەقی هەقدارو زەکاتی لێ نادەن . ئەوانە وا ئەزانن ئەو مالە یان خێرو بێرە بۆیان ، نەء ، بەڵکو ئەو مالەیان شەرو بەلایە بۆیان ، لە رۆژی دواییدا ئەبێتە زنجیر و کۆت و ئەچێتە ملیان و گیرۆدە ئەبن پێوەی .

زەرەرو زیانی زەکات نەدانو گیرۆدە بوون بە هۆیەوە هەر وەکو لەپاشە رۆژایە ، هەندێ جار لە جیهانیشا نمونەی پوو ئەداو کەلێ گەرو کەلێ کۆمەڵ لە نەگبەتی ئەوکارە ناپەوایە تووشی زیانی گەورە هاتوون و تووشیەن . . .

لەپێش هاتنی ئیسلاما پیاوێکی باش هەبوو ، باخێك و پارچە

---

(١) سورەتی [آل عمران]

زەویەکی بەپیق هەبوو لە نزیکی (صنعاء) ەوە ، هەر کاتێ ئەچوو بۆ رنینی باخەکە یا بۆدروێنەی دەغڵ ودان ، هـــەوائی ئەدا بەهەژارو دەس کورتەکان و کۆمەڵێکی زۆری لێ کۆ ئەبووەوە ، ئەویش بەشی ژیانی ساڵانەی لێ دانەنا بۆخۆی و ، ئەوی‌تری دابەش ئەکرد بەسەریاناو بەشی هەموویانی ئەدا ، وە بەم پێیە هەتا پێی ئەچوو کابرا لە بڕەوابوو ، وە باخەکەی هەموو ساڵێ بەری باشی ئەگرت .

پیاوەکە مردو کوڕەکانی ووتیان ؛ ئەوەی باو کمان کردوویە بۆ ئێمە دەست نادات ، ئێمە قـەڵەبالغ بوین و خێزانمان زۆرەو ، بەروبومەکە هەربەشی خۆمان ئەکا . لەسەر ئەم رایە بڕیاریان‌دا و سوێندیان خوارد : کە بەیانی زوو بڕۆن و بەروبومەکە بچنن‌و بەشی کەسی لێ نەدەن .

کاتێ کە شەو ئەوان بەو خەیاڵو نیهاپیـەوە لـە خەوابـوون و ، ئاکایان لە دەست نیێتی پەروەردکار نەبوو ، خوا بەڵایەکی بۆ ناردو باخەکەی ڕووت کرد لەسەموو بەرو بومەکەی‌و هیچی پێوە نەهێشت [یاباخەکەی سوتان] . ئەو بـێ ئاکایـــانەیش بەیانی زوو یەکتریان هەڵساند : با برۆینبۆ رنینی باخەکە ؟ بەدزیەوە ئەڕۆیشتن نەوەک هەژار و بـێ نەواکان کە چەندساڵە بەشیان هەبووە تیایا پـێیان برانن ، وایان ئەزانی ئەتوانن

بەشی کەس لێ نەدەن و بۆخۆیان سەری تێ کەنو بـێخۆن
کاتێ کارەساتەکەیان بینی ووتیان : ئەوە باخەکەمان لـــێ
تێکچووە ! ! ؟ نەە، بـێ بەش بووین لێی ، لێرەدا ئەوەیان
کە ژیرو پیاو باش بوو لەکەڵ رای ئەوانا نەبوو ، بە زۆر
هێنا بوویان بەقەولاو ووتی : ئەی پێم نەووتن : بۆچی بەشی
بەشدارەکانی باوکمان دانانێنوشتە کە نادەنە دەست مەیل و
خواهیشی خوا ؟ هەموو ووتیان : خوایە بـێ باکی‌و خاوێنی
هەر بۆ تۆیەو تێمە زالمو پیاو خراپ بووین و پاداش‌و تۆلەی
خراپەکەی خۆمانمان دەس کەوت ، وە کەوتنە سەر زەنشت
کردنی یەکتری و . هەموو دانیان نا بە خراپەی خۆیاناو لە
خوا پارانەوە لێیان ببوردێ و بەرەکەتیان بۆ بخاتەوەسەر
زوی‌و باخەکەیان .

قورئانی پیرۆز ئەم چیرۆکەمان بەم شێوەیە بۆ باس ئەکاوئەفەر موێ
(إنا بلوناهم كما بلونا أصحاب الجنة اذ أقسموا ليصرمنها
مصبحين . ولايستثنون ، فطاف عليها طائف من ربك وهـــم
نائمون ، فأصبحت كالصريم . فتنادوا مصبحين ، أن اغدوا على
حرثكم ان كنتم صارمين ، فانطلقوا وهم يتخافتون : الا يدخلنها
اليوم عليكم مسكين ، وغدوا على حرد قادرين . فلما رأوها
قالوا : انا لضالون ، بل نحن محرومون . قال أوسطهم : ألم أقل

لكم : لولا تسبحون ، قالوا : سبحان ربنا انا كنا ظالمين ، فأقبل بعضهم على بعض يتلاومون ، قالوا : ياويلنا انا كنا طاغين ، عسى ربنا أن يبدلنا خيراً منها انا الى ربنا راغبون .. كذلك العذاب ، ولعذاب الاخرة اكبر لو كانوا يعلمون) «١»

ئەم زەرەرو زیانو نەگبەتیانە وەنەبێ تەنیا لەسنوری زەکات نەدەرا بمێنێتەوە ، بەڵکو — بەپێی یاسای خوا لە سەر زەوی دا — دربڕە ئەکێشێ بۆ سەر ئەو کۆمەڵو ئەو ناوچەیەی ئەم تاوانەیان لە ناوا ئەکرێ وگوێی نادەنێ و کارێکر وا ناکەن حەق بگاتە دەستی خاوەنی .

ئەوەیە پێغەمبەری خوا — درودی لەسەر بێ — ئەفەرموێ (هەر کۆمەڵێ زەکاتیان نەدا بارانیان لێ ئەگیرێتەوە ، وەلەبەر ئەو زمانان نەبێ دڵۆپیان بۆ ناباری) . جا کەوایە ئەوەی باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیەو پێغەمبەرو قورئان بەڕاست ئەزانێ ، با زەکاتی مالە کەی بە تەواوی بدابە خاوەنەکانی ، بۆ ئەوەی لە پاشە ڕۆژا پێوەی گیر نەخواو نەبێتە تەوق و بچێتە کەردنی ، وە با لە جیهانیشا نەبێتە بەڵاو نەگبەتی یەکو بڕۆێ بەسەر خۆی و بە سەر کۆمەڵە کەیا ،

«١» سورەتی (القلم) .

وەبا نەبێتە کتکە نەوتینەو جیهان بگرێتەوە . دەبا موسڵمانەکان هەموویان کارێکی وا بکەن هەموو کەس زەکاتی خۆی بە تەواوی بدا . نەوەك بەهـــۆی زەکات نەدانی یەکێکیا نەوە ئەوانیش بکەونە بەرخەشم و قینی خوا . . . ئایا کەس گوێ رایەڵی ئەکات ؟!!

چوارەم : لە پەیمان دەرچوون :

خوای گەورە بە جۆرێ ئادەمیزادی دروست کردووە ، کەوا خۆی بە پێی سروشـــت ددان بنێ بە بوونی خوایەکی پەروەردگارا کەوا هەموو شتە کانی بونەوەری دروســـت کردووەو . ئاگاداریو پەروەردەیان ئەکات و هەموو وانڵە ژێر دەسەلات و تەوانایی ئەوا . . .

پێغەمبەرەکان ـــ درودیان لەسەر بێ ـــ یەك بەیەك ئەم واتەو مەبەستەیان بە ڕۆشنی لە مەردمەکان گەیاندووە . وە ئادەمیزاد هەر کە موسڵمان بوو ، بە موسلمان بوونەکەی پەیمانی بەستووە لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوادا ، بەتایبەتی بە ووتنی شایەتمان : (أشهد ألا اله الا الله ، وأشهد أن محمد رسول الله) پەیمانی داوەکە : بەندایەتی و پەرستنو گەردن

کەچی هەر بۆ خوابێ و بەس ، هاوار تەنیا لەو بکاو بەتەمای ئەوبێو ، لەسەر یاساو بەرنامەکەی ئەو بڕواو بەس ، وە بە گوێی هەموو فەرمانەکانی بکاو لێیان لانەدا ، وەئابێو بەرنامەو فەرمانەکانی لە هەردوو جیهانا تەنیا لەپێغەمبەرەکەی ئەوەوە وەربگرێ ، وە لەهەموو فەرمان و فەرمودەیەکا بە ڕاستی بزانێو گوێ ڕایەڵی بکاو سەر پێچی لە فەرمانی نەکات (من یطع الرسول فقد اطاع الله) «١» واتە : هەر کەسێ گوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوای کرد ئەوە گوێ ڕایەڵی خوای گەورەی کردووە .

بەمە بۆمان دەرئەکەوێ کە مرۆڤ بەموسڵمان بونەکەی پەیمانی داوە بە خواو پێغەمبەری خوا کەلەسەر ئایینو بەرنامەی ئیسلام بڕوا کەوا پێغەمبەر لەلای خواوە هێناویەتی وە لە هیچ کاتو شوێنێکا ایێ لانەدا ، وە ئایینو بەرنامە و دەستوری ژیانی خۆی هەر لە پێغەمبەرەوە (و تە هەر لە قورئان و فەرمودە و ئەو پەڕاوانەی لە وانەوە وەرگیراون) وەربگرێ . وە ئەو پەیمانانەی لە جیهانا لەگەڵ ئەمو ئەوا ئەیان بەستێ ، بەمەرجێ لەسنوری بەرنامەکەی خوا دەرنەچووبن ، ئەوانەیش بەشێکن لە پەیمانی خوا ، بۆیەشکاتیان

«١» سورەتی (النساء) .

بە گوناهو بە نیشانەی دوو ڕوویی [منافقێتی] دا ئەنرێ ،
ئایینی ئیسلام ، پەیمان بەستێکی گرنگ دانەنێ ، قورئانو فەرموودە هەڕەشەی ترسێنەر ئەکەن لە وانەی پەیمان ئەشکێنن و بەبێ هۆیەکی ئەوتۆ لە پەیمان دەرئەچن . .
بۆ نمونە سەیری هەڕەشەی ئەم ئایەتە بکە : (و الذین ینقضون عهد الله من بعد میثاقه ، ویقطعون ما أمر الله به أن یوصل ، ویفسدون فی الارض أولئك لهم اللعنة و لهم سوء الدار) «١» یانی : ئەوانەی پەیمانی خوا هەل ئەوەشێنێنەوە — لە دوای بەستنی پەیمانەکە — وە پەیوەندی خزمایەتی ئەپچڕن کە خوا داوای پەیوەندی کردووە ، وە لەسەرزەویدا خراپ کاری ئەکەن . ئەوانە نەفرین (لەعنەت) ی خوایان لەسەرەو بنیان ئامادە کراوە خراپترین مەنزل و جێگا لە قولایی ئاگری دۆزەخدا . هۆی ئەوەیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەستنی پەیمان ئەبێتە هۆی بۆ کۆتایی هاتنی شەڕو هەرا ، دوایی هاتنی دوژمنایەتیو ناحەزی ، بۆ دڵنیا بوون لە یەکتری ، بۆ پەیا بوونی خۆشی و ئاشتی و ئاسایش ، مرۆف ئەتوانێ مال و ناموس و شتەکانی لە شوێنی ئاسایی دا دابنێ و بڕوا بەم لاولادا و خەریکی ئیش و کارو دەست خۆ خستنی مال و سامان بێ ،

«١» سورەتی (الرعد) .

وه بەشکانی پەیمان هەموو هیواکانی مرۆف ئەروخێنو ، مرۆف ناچار ئەبێ پاشەو پاش بگەڕێتەوە و گەلێ شتی تریش ...

جا لەبەر ئەمانەو وێنەیان ، ئایینی ئیسلام زۆر بە گرنگەوە پەیمانی گرتووە ، وە مرۆف لە هیچ کاتێکاو بۆ هیچ بیانو یەك نابێ لە پەیمان دەربچێ ، نەوەك بەر هەڕەشە گەورەکەی قورئان بکەوێ . وەنەوەکو هەڕەشەکەی پێغەمبەری خوایشی بەسەرا (بەڵکو بەسەر کۆمەڵەکەیا) بێتە دی ، ئەوهەڕەشە یەی لە فەرمودەکەی بەر دەسمانایە : [هەر کۆمەڵێ پەیمانی خواو پەیمانی پێغەمبەری خوایان هەڵ وەشانەوە خوا دوژمنی دەرەوەیان بەسەرا زاڵ ئەکا ، چیبان لەژێر دەسایە ئەی بڵێ] بەڕاستی ئەمەیش هەڕەشەیەکی سامناکە بۆ ئەوەی ڕێز بۆ خوی دابنێ .

ئایا ئەم هەڕەشە بەسەر ئێمەدا هاتوەتە دی ؟ وە ئایا ئێمە پەیمانەکانمان شکاندووە ؟ ئەگەر ئێمە سەر نجێکی خۆمان و دەورو بەری وولاتە ئیسلامیەکان بدەین ، وە لەگەڵ چەند سەدەیەکی لەمەوبەرا بەراوردی بکەین ، بۆمان دەر ئەکەوێ کە ئەم هەڕەشە گەورەیە بەسەرمانا — واتە بە سەر موسلمانەکانی ئەم دوایی‌یەدا — هاتوەتەدی و بەچن هاتووە .. وە دوژمنەکانی دەرەوەی وولاتە ئیسلامیەکان ، واتە گاور و

جولەکەو بت پەرستەکان و خوانە ناسەکان بەسەرمانا زال بوون و ، هەموو بەرو بوم و دەرامەتو سەر چاوەکانی ژیانیان بردین بۆ خۆیان لەکەل قەوارەو بوون و کەرامەتمانا ، وە ئەمەیش ئەگەریتەوە بۆ دەر چوونمان لە پەیمانی خواو پێغەمبەری خوا . . . بۆ دەرچو نمان لەبەرنامە و دەستوری ئیسلام و لەژێر فەرماندەیی پێغەمبەری خواو رێزیشتنمان بۆسەر فەلسەفەی خوار و خێچی ئەمو ئەوو بۆ ژێر فەرماندەیی فلان و فیسار . .

کاتێ ئەوروپاییەکان خوانەناسە چاو چنۆکەکان رێیان کەوتە وولاتە ئیسلامییەکان چاویان بەو هەموو کەرەسەی خاوو شتە بەنرخەکانیان کەوت تەماع کرتیو کەوتنە پەلەقاژەو ددان جێر کردنەوە لێیان و ، خەیالی داگیر کردن و دەست بەسەرا گرتن دای لەکەللەیانو وەکو شێتیان لێ هات . .

ئەوەبوو لە ناو خۆیانا یەکیان گرت و بانگێکی ـ درۆینەی ـ تایبەتیان ایدا ، بەناوی سەندنەوەی گۆڕی عیسا پێغەمبەرەوە ـــ کە بە درۆی خۆیان وا لە قودس ـــ سوپایەکی فراوانیان کۆ کردەوەو نیگاری هەڵواسینی عیسا پێغەمبەریان کردەمل و قەشەو پاشا کانیان پێشیان کەوتن ، وە بەچەنگێکی فیداکارانە وە هێرشیان هێنایە سەر وولاتە ئیسلامییەکان . بەڵام چ سوود؟

نزیکەی دوو سەد ســـال لەم بگرەو بە ردەدا بوون و لە ئەنجاما بە زیانێکی گەورەو بە تیاچوونێکی تەواوەوە سەری شەرمە زاری یان شۆڕ کردو ئەوەیان دەر چوو بەرەو ئەوروپا پەڕینەوە .

بەڵێ ، هەر چەند ئەوان ژمارەیان زۆرتر و زیاتر بوو لە ڕووی دەسەلاّت و چەک و تفاقی جەنگا ، موسڵمانەکان بەسەر یانا زاڵ بوون و تووشی زیانی ئێجگار گەورەیان کردن . . . چونکە موسڵمانەکان — هەر چەند لە هەندێ ڕووەوە لەئیسلام لایان دابوو — باوەڕی پتەویان بە خواو پێغەمبەرو بەئایینی ئیسلام و بەردەوامی یان لەسەر پەیڕەوی بەرنامەی خواو ،مانەوەیان لەسەر پەیمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا . ئەمانە بۆیان بوو بۆو بە قەڵایەکی پۆڵایین و چەکی ئەتۆم و ، زاڵی ئەکردن بە سەر هەموو جۆرە دوژمنێکاو کەس نەی ئەتوانی بەســـەر یانا سەرکەوێ ، یا داگیریان بکا ، (ولینصرالله من ینصره . إن الله لقوی عزیز) واتە : خوای گەورە یارمەتی ئەوانەئەدا کە یارمەتی ئایینەکەی ئەدەن وپەیڕەوی ئەکەن ، خۆخولیش زۆر بەتواناو زۆر بە دەسەلاّتە .

ئەوروپایی یەکان دوای کارەساتی شکانن و گەڕانەوە یان ، کەوتنە پرس و ڕاو گەڕان بۆ دۆزینەوەی هۆی ژێر نەکەوتنی

موسڵمانەکان . وەلە ئەنجامدا ڕێیان لەهۆی ڕاستە قینەی ئیشەکە کەوت . . گوێیان لێ بگرە کە خۆیان لەهۆیە باس ئەکەن :

[میستەر گلادستۆن] سەرەك وەزیرانی بەریتانیا قورئانێ ئەگرێ بە دەستەوەو لە کۆنگریسا ئەڵێ : (هەتا ئەم پەڕاوە بەدەست موسڵمانانەوە بێ ئیمە لە وولاتیانا جێ گیر نابین) . [کاردتر] ئەڵێ : [ئەو هێزو توانایەی لە ئیسلامدا هەیە ئەوەیە ئەورووپا ئەترسێنێ] ، (لورنس براون) ئەڵێ : (. . . بەڵام ترسی ڕاستە قینە ئەوەیە کەلە یاسای ئیسلامدا وە لە توانایی ئیسلام بۆ فراوان بوونو ژێر دەست خستن،وە لە زیندوویی و هوشیاری ئیسلامدا هەیە ، بەڕاستی ئیسلام تاقە دیوارو بەربەستێکە کەلەڕووی ئیمپریالیزمی ئەورووپاییدا ڕاڕەوەستێ) [ولیم جیفورد بالکراف] ئەڵێ : [هەر کاتێ قورئانو شاری مەکە شـــارانەوە لە عەرەبەکان — واتە لە موسڵمانەکان — ئەتوانین عەرەبەکان بینین پلەبلە سەرئەکەون لەو شارستانێتی ماددیەدا کەوا محمدوپەڕاوەکەی دووریان خستۆتەوە لێی] وەکەلێکی تریش . . . . . «١»

«١» سەیری پەڕاوی [حقیقة البابیة والبهائیه] وە (روح الذین الاسلامی) بکە .

لەسەر بناغەی ئەم بیر کردنەوەیە هاتن نەخشەیەکی شەیتانیان کێشا بۆلادانی موسڵمانەکان لە پەیڕەوی قورئان و ئیسلام . واتە بۆلادانو دەر چوونیان لە پەیمانەکەی خواو پێغەمبەری خوا . . بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەکانی ، مژدەیان ئەداو خەڵکیان بانگ ئەکرد بۆ سەر ئایینە تێکدراوەکەی عیسا پێغەمبەر ، وە بەدروست کردنو پازانندەوەی خوێندنگاو نەخۆشخانەو دەرمان خانە لەژێر ناوچەی ئیسلامیدا ، وەبە دامەزراندنی پارتە بێ ئایینیەکان ، وەبە بڵاو کردنەوەی ژۆرشتی ڕووڕوچ و بەپرۆپاگەندە لە گەڵیانا . . . بەهەزاران ملیۆن پارەو سامانیان لەم ڕووەوە بەخت کرد . هەتا توانیان کۆمەڵێ مرۆف بۆ خۆیان دروست بکەن و بیبەنە سەر باوەڕە کەی خۆیانو بیان کەن بەدوژمنی ئیسلام .

بەڵێ بەمڕی جولەکەکان و ماسۆنیەوە ، توانیان بەناوی شارستانیێتی و نەتەوایەتیو پێش کەوتن وماف پەرستیەوە بیر باوەڕو یاساو حوکمو نەریتی قورئانو ئیسلام بگۆڕن بەدەست کردو دروست کراوە بێ تامەکانی خۆیان ، وە لێرەدا جێگای دەستیان خۆش بوو ، چەنگی یەکەمی جیهانیان هەڵسانو وولاتە ئیسلامیەکانیان داگیرکردو خستیانە ژێر چنگەزەردە ژاراویەکەی خۆیانەوە . . بۆ نمونە کاتێ سوپای

بەریتانیا چووە شاری قودســـەوە (اللورد النبی) ووتی :
[ئا ئێستە وا جەنگی صلیبی کۆتایی پێ هات] (١)
بەڵێ ، هەتا موسڵمانەکان لەسەر پەیمانی خواو پێغەمبەر
بوون و لایان نەدابوو ، هیچ کەس نەی توانی زاڵ بێ بە
سەریانا ، بەڵکو هەموو بێ ئایینەکان لێیان ئەترسان و
ئاواتیان ئەوەبوو دۆستایەتیان بکەن . بەڵام کەلە پەیمان
دەر چوون خۆر ئاواو خۆر هەڵات دایان بە سەریاناو ، بە
ناوی یارمەتی و دۆستایەتی یەوە چیان لە ژێر دەستا بوو
بردیان .
ئەبێ ئەوەش ، بزانین کە چارەی ئەم نەخۆشی یەو دەرها=
ـــ تنمان لە ژێر چەپۆکی ئەمان و ئەوان تەنیا یەك شتە ..
کەڕانەوەمان بۆ سەر ئیسلام و ، بۆ ناو پەیمانەکەی خواو ،
گوێ ڕایەڵی کردنمانە بۆ فەرمانەکانی خواو پێغەمبـــەری
خوا . . وەکو ئیمام مالیکێ کوڕی أنس ـــ خوای لێ ڕازی
بێ ـ ئەڵێ:
(کارو بارەکانی بەشی دوایینی ئەم ئوممەتە تەنیا بەوە چارەئەکرێ
کە کارو بارەکانی پێشینەکانیانی پێ چارە کرا) .

«١» سەیری پەڕاوی [حقیقة البابیة والبهائیه] وە
[روح الدین الاسلامی] بکە .

پێنجەم : پشت گوێ خستنی فەرمان و یاساکانی خوا :

خوای پەروەردگار بە پێغەمبەر مەزنا محمدی کوڕی عبدالله ــ درودی لەسەر بێ ــ ئایین و بەرنامەی ئیسلامی نارد بۆ گرۆهی ئادەمیزاد . وەلەو ئایینەدا شان بەشانی بیرو بڕواو ، بەندایەتی و ڕەووشت و خوو یاساو دەستور و دروشم و نەریتی زۆری بۆ ناردن ، بۆ ئەوەی هەتا هەتایە لە هەموو ئیش و کاروبارێکیانا لەسەریان بڕۆن و بە پێ ی ئەوانە هەڵسن و بجوڵێنەوە و نابێ لەهیچ کامێکیانا لابدەن .

ئەگەر سەیرێکی قورئان بکەی ئەبینی هەر وەك باسی تەنیایی خواو ڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ و نوێژ و ڕۆژو . . . . . و . . . ئەکا ، هەر وەها شێوازو شێوەی کڕین و فرۆشتن و بازرگانی و ژن هێنان و نەفەقەو تەلاق و میرات و کەلەپوور ، وە باسی جەنگ و ئاشتی و پەیمان ، وە باسی کار بەدەست و فەرمان ڕەوایی و پەیوەندی بە جۆر بە جۆرەکانی نێوانی ئادەمیزادەکان . . . . . و . . . ئەکاو نەخشە یان ئەکێشی .

هەر کەسێ بە ووردی سەیری قورئان و فەرمودەو ڕەووشت و

ژیانی پێغەمبەری خوابکا . وە چاوێ بگێڕێ بە کتێبە [فقهی] یەکانا ، بەبێ پێچ و پەنا ، ئەوەندە یاساو نەریت ئەبینن کە سەر سام ببێ و ، بەهیچ کازچێ ڕێگای چەنو چون و ملە جەڕەی نامێنێ .

یاساکانی ئیسلام لەبەر ئەوەی کەوا دانراوی خوای پەروەرد گارن و دەست کردی مرۆڤ نین ، چەند شتێکیان هەیە لە یاساکانی تری مرۆڤ و سەرزەوی جیایان ئەکاتەوە :

١ــ وەکو ئەمە : ئەبێ موسڵمانەکان باوەڕیان بە هەموو بەش و پارچەکانی یاساکان ببێ هەر وەکو باوەڕیان بە خوا .

٢ــ پەیوەندی خوا بە هەموو مرۆڤەکانەوە یەك جۆرە . . کە ــ پەیوەندی خوایی و بەندەیی یە . بۆیە لە یاساکانیا هیچ جۆرە جیاوازی و خۆمانەیی نییەو بە یەك چاو سەیری هەموان ئەکرێ .

٣ ــ خوا بەدی هێنەرو پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەو ، ــ هەر بەتەنیا خۆی ئەزانێ چی لە هەموو شتێ باشترەو ، لەسەر ئەو بناغەیە ئەم ئایینو بەرنامەیەی بۆ هەڵبژاردوون [ورضیت لکم الاسلام دینا] «١» واتە : ڕازی بووم کە

«١» سورەتی [المائدة] .

ئیسلام بەرنامەتان پێ بڵێم هەڵیژاردوون .
ئەم شتانە هیچیان لە یاسا سەرزەمینی یەکانا نیە و دەست ناکەون ، لەبەر ئەمەیە کە ئیسلام هیچ کاتێ کۆن نابێ ، وە دەست نادا بۆ ئاڵو گۆڕ تیا کردنو پێویستی نیە ، بەڵام یاساکانی تر کۆن ئەبن و کات بە کات ئەبێ ئاڵ و گۆڕیان تیا بکرێ « ١ » .

بەرنامەی ئیسلام لە یاساکانی خۆیا چ فەرمان بەرێوەبەرێکی جۆرەکانی تری ، تەنیا یاسا گشتیەکان (قاعیدە کلیە) کانی هێناوەو لەچوار چێوەیەکی داڕێژراوا داناوە ، ئەمجار دەر هێنانی شێوە وورد و تایبەتیو درێژەکانی گێڕاوەتەوە بۆ لای زانایان ، کە لەهەر چەرخێکا بە پێی بەرژەوەندی کۆمەڵ وە لە سەر چەند یاسایەکی کونجاوو ، لە چوار چێوەو سنورە کانی یاسا ئیسلامیەکانا دەریان بێنن و بە ڕۆشنی بیان خەنە بەردەستی موسڵمانانو . ئەوانیش لەسەریان بڕۆن و لێیان لانەدەن و ئەمەیش بە ئایین بزانن .

وە لەبەر ئەوەی یاساکانی ئیسلام ئەم سروشتەیان هەیە و ، بەم پێیەهەمووبان گشتی و فراوانن و بە کۆڕەی هەمووچەرخو کاتێ لە چوار چێوەی ئیسلاما یاسای ڕێك و کونجاویان ئێ

« ١ » سەیری پەڕاوی (ئیسلامو بەرنامەی ژیان) بکە .

وەر ئەگیرێ ، لە بەر ئەمانە کەس ناتوانێ بڵێ : ئیسلام لە چەرخێکی تایبەتیا هاتووەو ، بۆ ئێستەی کاتی شارستانیێق و ئاسمان دۆزی دەست نادا . وەبە لێکۆڵینەوەیەکی بیر و باوەڕەکان و بە سەیر کردنێکی پەراوە ئیسلامیەکان ئەمە ڕوون ئەبێتەوە .

پێویستە لەسەر موسڵمانەکان لە هەموو کارو بارو هەڵس وکەوت و فرمانێکیانا لەسەر ڕچەو شارێکە کەی ئیسلام بڕون و ، لە هیچ کات و لە هیچ شتێکا لێی لانەدەن ، بۆ کەس ڕەوا نیە ئیش و کارەکانی دابەش بکا ، . لە هەندێکیانا لە سەر ئیسلامو لە هەندێ قریانا لەلایەکی ترەوە بڕوات . . قورئان لێرەدا هەڕەشە ئەکاو ئەفەرموێ : (أفتؤمنون ببعض الكتاب و تكفرون ببعض فما جزاء من يفعل ذلك منكم الا خزى في الحياة الدنيا ء و يوم القيامه يردون الى أشد العذاب وماالله بغافل عما تعملون) «١» يانى : ئەتانەوێ باوەڕ بێنن بە هەندێ لە پەراوی خوا (پەیڕەوی بکەن) وە باوەڕتان بەهەندێکی تری نەبێ (پەیڕەوی نەکەن) ؟ هەرکەس وەها بکا سزاکەی بریتیە لە سەر شۆڕی لە جیهانا ، وە لە ڕۆژیشا ئەگێڕرێنەوەبۆ

«١» سورەتی [البقرە]

ناو سەخت ترین سزاو ئازار ، خوا بێ ئاگانیە لەئیش وکارەکانتان (ان الحکم الا لله . أمر ألا تعبدوا الا ایاه ، ذلك الدین القیم ولکن أکثر الناس لایعلمون) «۱» یانی : حوکم وپاسای کار گوزاریی و فەرمان ڕەوایی هەر بۆ خوایەو بەس ، فەرمانی خواوایە بە تەنها هەر بەندایەتی ئەو بکەن و هەر لەسەر حوکم وپاسای ئەو بڕۆن ، هەر ئەمەیە ئایین و بەرنامەو فەرمان ڕەوایی ڕاستە قینەو بە کەڵك ، بەڵام زۆر کەس ئەمە نازانن

(وأن هذا صراطی مستقیماً فاتبعوه ولا تتبعوا السبل فتفرق بکم عن سبیله) «۱» یانی ؛ ئەمەیە — واتە ئایینی ئیسلامە ڕێگای ڕاستی من ، دە ئێوە بکەونە سەری و نەچنە سەر ڕێگاکانی تر چونکە لە ڕێی خوای خۆتان تەتان ترازێنێ و بڵاوەتان پێ ئەکات . (ومن لم یحکم بما أنزل الله فأولئك هم الکافرون) «۲» یانی : هەر کەسێ بە پێی یاساو فەرمانەکانی خوا ناردووەتی کار گوزاری نەکاو ، ئیشەکانی خوی و کۆمەڵی جیبەجێ نەکاو لە سەر یاساو فەرمانانی تر بڕوات ، ئەوانە کافرو بێ باوەڕن .

«۱» سورەتی (یوسف) «۲» سورەتی (انعام)

«۳» سورەتی [مائدة] .

(فلا وربك لايؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم ثم لايجدوا فى أنفسهم حرجا مما قضيت ويسلموا تسليما) «١» یانی : سوێندم بە خوای تۆ — ئەی محمد — ئەوانە باوەڕیان نیەو موسڵمان نین هەتا لەکاتی ناڕێکی و تێکچونیانا تۆ— واتە ئایینە کەی تۆ— نەکەن بەحەکەم و دادوەر ، وە لە پاش فەرماندانی تۆیش بە هیچ جۆرێ دڵگرانی و پێ ناخۆشبونیان نەبێ و بە تەواوی گەردنی بۆ کەچ نەکەن .

بەم پێیە ئایینی ئیسلام شوێن کەوتن و بەجێ هێنانی حوکم و فەرمان وبیرو باوەڕەکانی خوا بە یێویست دانەنێ ، وە ئەوانەی لە هەرکام لەمانە لابدەن بە کافرو بێ باوەڕو زاڵم و لەسنوور دەرچوی دانەنێو ، هەڕەشەی گەورەیان لێ ئەکاو سزای تایبەتیان ئەدا لە هەردوو جیهانا ، ئەبێ موسڵمانان هەرلەسەر ئایینو بەرنامەی خوا برۆنو ، بەندەیی و گەردن کەچی یان هەر بۆ خوا بێو ، یاساکانیان لە هەمو لایەکی ژیانیانا هەر لە ئیسلامەوە هەڵگۆزنو بەس .

وە ئەبێ موسڵمانانوەکو کۆێ رایەڵیان بۆخواو بۆ پێغەمبەری خوا کۆێ رایەڵی کار بە دەست و سەرۆك و پێشەوا کانیان بکەن :

«١» سورەتی (النساء)

(وأطيعوا الله وأطيعوا الرسول و أولى الامر منكم . فأن تنازعتم فى شىء ، فردوه الى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله و اليوم الاخر) «١» یانی : ئیوه ــ ئەی گرۆهی موسڵمانان ــ کوێ رایەڵی خواو کوێ رایەڵی پێغەمبەری خواو کار بەدەستە کانتان بکەن و ســـەر پێچی‌ی لە فەرمانیان مەکەن ، وە ئەگەر لە شتێکا ناڕێك بوون و ڕاتان جیاواز بوو ، بگەڕێنەوە بۆلای خواو پێغەمبەری خوا (واتـە بۆلای قورئانو فـەرمودەی پێغەمبەر) ئەگەر باوەڕتان بـــە خواو بـە ڕۆژی دوایی هەیە . ؟

وە بۆ کوێ رایەڵی کار بە دەستەکان مەرجی تایبەتی و سنوری دیاری داناوە . . بە کورتی ئەبێ ئەو کار بە دەستە یەکێ بێ لە موسڵمانان [وأولى الامر منكم] وە بە ڕەزامەندی موسڵمانە زاناو باوەڕ پێ کـراوەکان ئەو پلەیـەی وەر گرتبێ ، وە لە فەرمانەکانی ئیسلام لانەداو بە تەواوی هەمویان جێبەجێ بکا وە ئەو فەرمانەی ئەی دڵبەسەر موسلمانەکانا ئەبێ ڕەواو حەڵاڵ بێ و گوناهو ناڕەوا نەبێ .

هەر کام لەمانە نەهاتە دی کوێ رایەڵی و شوێن کەوتنی دروست نیەو قەدەغەیە ، بەڵکو پێویستە موسڵمانەکان یەك بگرن و لەو

«١» سورەتی (النساء)

نارەوایی‌یە بی‌گەڕێنێنەوە و بی هێنێنەوە سەر شەقامی داد
پەروەری خوای پەروەردگار ، یان بی کۆڕن بەیەکێکی
ڕاست . بەڵکەیش بۆ ئەمە زۆرترە لەوەی لێرەدا جێی
بێتەوە ، بۆ نمونە . ، قورئان ئەفەرموێ : (ولا تطع من
أغفلنا قلبه عن ذكرنا واتبع هواه وكان أمره فرطا) «١»
یانی : تۆ گوێ ڕایەڵی ئەو کەسە مەکە کەوا لەبەر نالەباری
خۆی دڵیمان لاداوە لە ئیسلام ، وە ئیش و کارەکانی شێرزە و
ناڕێکن . (ولا تطيعوا أمر المسرفين الذين يفسدون فى الارض
ولا يصلحون) «٢» یانی : ئێوە گوێ ڕایەڵی فەرمانی ئەوپیاو
خراپانە مەکەن کەوا خراپکاری ئەکەن لە زەویداو هەڵ ناسن
بە ڕێکخستنو چارەسەری‌یەوە .
وە پێغەمبەری خوا — درودی لەسەر بێ — فەرمویە :
[ئەگەر بەندەیەکی حەبەشی کرا بەسەرۆکو کاربەدەستتانو،
بە پێی فەرمانو پەڕاوی خوا ئەی بردن بە ڕێوە ، ئێوەلێی
ببیستنو گوێ ڕایەڵی بکەن) «٣» (پێویستە لەسەرموسڵمان

«١» سورەتی (الكهف)
« ٢ » سورەتی [الشعراء] .
« ٣ » مسلم ڕێوایەتی کردووە .

بیستن و گوێ ڕایەڵی کردن پێی خۆشبێ و پێی ناخۆش بێ ئەگەر فەرمانی بەشتی ناڕەوا بیا ئەدرا وە ئەگەر بەناڕەواو گوناه بوو نابێ بیبیستێ و نابێ گوێ ڕایەڵی بکا) ١٠ » (گوێ ڕایەڵی نیەو نابێ لەشتی گوناهو ناڕەوادا ، وەگوێ ڕایەڵی ئەبێ هەر لەشتی چاکەو ڕەوادا بێ) « ٢ » (گوێ ڕایەڵی کەس ناکرێ کە لەخوا یاخی بێ) « ٣» (گوێ ڕایەڵی کەس ناکرێ لە گوناها) «٤» کەس یارمەتی خاوەن بدعەت [شتی داهێنراو لە ئایینا) یدا ، ئەوە کۆمەکی کردووەلەسەر ڕووخاندنی) « ٥ » .

پێشەواو جێ نشینە کەورەکان وەکو ئەبوبکرو عمرو عثمان و علیو عمر کوری عبدالعزیزو . . . . — خوایان لێڕازی بێ — ئەبان وتوت : ئەگەر بەپێی ئایینی ئیسلام چولانیەوە لێمان وەر گرنو یە گوێمان بکەن . وە ئەگەر لامانداو بەزۆری شمشێر بمان کێڕنەوە ، لەشتی ناڕەوادا گوێ ڕایەڵیمان مەکەن

«١» بخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە

[٢] بخاری و مسلم ڕیواتیان کردووە .

[٣ و٤] مسندی ئمامی احمدە . [٥] بیهقی ڕیوایەتی کردووە .

جونکه له شتی ناپەوادا گوێ پایەڵی دروست نیە .
زانای گەورە [ابن حزم الأندلسي] ئەڵێ : [پێویستە لە سەر موسڵمانان گوێ پایەڵی پێشەواو کار بە دەستەکانیان بکەن ، هەتا بە پێی فەرمایشی خواو ڕەووشتی پێغەمبەر لە ناویانا بجوڵێنەوەو ئیشەکانیان ڕێك بخەن ، ئەگەر هات و لایان‌دا قەدەغە ئەکرێنو حەددو حەقیان لەسەر دانەنرێ،وە ئەگەر لەهەر کامیان دڵنیا نەبوون لای ئەبەنو یەکێکی‌تر لە جێگاکەیا دانەنێن] «١»
جا لەگەڵ ئەمانەدا ئەگەر کار بە دەست و پێشەوای موسڵمانان لە فەرمانی خواو لە ڕەووشتی پێغەمبەری خواو لە شەقامە یانو پۆرەکەی ئیسلام لای‌داو ، بە پێی یاسای بێگانەکان فەرمان ڕەوایی موسڵمانەکانی کرد ، موسڵمانەکانیش لێی نوستنو گوێیان نەدایە ئەو کوناهە گەورەیەو باکیان نەبوو ، چەندچێی خزیەتی — ئەگەر خوا یەزەیی نەیەتەوە- کە بێجگە لە سزای سەختی ڕۆژی دوواییدا هەر لەم جیهانەدا خوا ی گەورە تووشی دەردو بەڵایەکی گەورەی ئەوتزیان بکا کە تیایا نوقم ببن و ژیانی شیرینیان لێ ببێتە ژاری مار . ئەوەیش بڕیێ بێ لەوە لەناو خۆیانا موسڵمانەکان تێك‌بچن و

«١» الملل والنحل لابن حزم . ج ٤ ص ١٠٢

ناڕێك بن و بینه دوژمن و ناحەزی یەکترو ، هەمیشە شـــەڕو پرشنگ و ئازاوە و پشێوی بکەوێتە ناویانەوە ، خەوو خۆراـــ سیان لێ هەراسان بـێ و ، لە گیان و ژیانی خۆیان وەرس بن . وەك فەرمودەکەی بەردەمان ئەڵێ : [هەر کۆمەڵێ کار بە دەستەکانی بە پـێی فەرمانی خوا فەرمان ڕەوابیان نەکرد ، خوا خراپەکانیان ئەخاتە ناوەندی خۆیانەوە] . ماوەتەوە باسی ئەوە بکەم کە ووشەی کار بە دەست هەر وەکو بۆ کار بەدەستی کشتی دەست ئەدا ، هەر وەها هەموو چۆرە کارێکە دەستێکی تریش ئەگرێتەوە تا ئەگاتە کار بەدەست و سەرۆکی خێزان کە گەورەی ماڵە .

بۆیە ئەبینی هەر سەرۆکی خێزانێ بە پـێی یاساکانی ئیسلام لە ناو خێزانەکەیا ئەجوڵێتەوە ، وە بەپێی فەرمانی ئیسلام پەروەردەی منداڵ و خێزانی ئەکا ، خێزانەکەی لەئیسلامحالی ئەکا و ئەیان کا بە موسڵمانی ڕاستەقینەو ، لەسەر یاســاکانی ئیسلام ڕامیان ئەکا ، هەمیشە شورای ئەو خێزانە پڕە لەشەڕو شۆڕو ناڕێکی و ناخۆشی ؛ وە بەختیاری و کامەرانی تیا ئەمێنێ و هەمووبان دڵ تەنگ و لێو بەبارن .

فـــەرمـــوودەی دووەم

پێغەمبەری گەورە — بە هەزاران درودو ســـتایشی خوای لەسەر بـێ — فەرموی بە یارە موسڵمانەکانی : (آمرکم بخمس بالجماعة ، والسمع و الطاعه ، والهجرة ، والجهاد فی سبیل الله وانه من خرج من الجماعه قید شبر فقد خلع ربقة الاسلام من عنقه الا أن یراجع ، ومن دعا بدعوی الجاهلیة فهو من جثی جهنم وان صام وصلی وزعم أنه مسلم) «١»

یانی : فەرمانتان پێ ئەدەم بە پێنج شت : بە کۆمەڵایەتی و بەیەکا بوون ، بە گوێ ڕایەڵی و فەرمان بەریی ، بە کۆچ کردن ، بە جیهادو تێ کۆشان لە ڕێی خوادا ، هەر کەسێ ئەوەندەی بســـتێ لە کۆمەڵ دوور کەوتەوە ئەوە پەیمانی ئیسلامی لە ملی خۆی دەرهێناوە — واتە لە موسڵمانێتی دەر چووە — مەگەر بگەڕێتەوە سەری ، وە هەرکەسێ هەر کام لە بانگ و بانگهێشتەکانی دەوری نەفامێتی لێ بداو دووبـــارە بکاتەوە ئەوە لەنیشتە جێکانی دۆزەخە . هەر چـەند ڕۆژوو نوێژ بکاو خۆیشی بە موسڵمان دابنێ .

«١» امام احمدی وترمذی ڕیوایەتیان کردووە . سەیری (مشکاة المصابیح) کتابـی امارة بکە .

ئەی خوێنەری بەڕێز ، کاتێ ئەم فەرموودەیــە ئەبینین خێرا تێ ئەگەین ، کە پێویستە لەسەر گرۆهی موسڵمانان لە پێش هەموو شــتێکا کۆمەڵێك ڕێك بخەن و ، هەر یەکەیان ببنە ئەندامێکــی و پلەو جێگــای هەموویانی تیا دیاری بکرێ ، ئەبجار هەموویان گوێ بگرن و ببیستن و لە قوناغو هەنگاوەکانی بانگەکەیان تێ بگەن وفێر ببن ، دوای ئەوە هەر یەکەیان بە دەوری خۆی گوێ ڕایەڵی بکاو فەرمانو پێویــتی سەرشانی خۆی بەجێ بێنێ ، و بۆ کەس ڕەوا نیە بکەوێتــە بڕو بیانو هێنانەوەو جێگای گوێ نەدانو دانیشتن بۆ خۆی خۆش بکا بە بۆنەی خراپــی کۆمەڵو وولاتو پەیوەندی و وێنەیانەوە ، بەڵکو ئەبــێ کۆچ بکاو دەست بەرداری ئەوشتانە بــن کەبەر هەڵستی ئیش کردنی لێ ئەکەن ، وە ئەبــێ هەموو کەســێ — هەریەکە بە پــێی توانا و لێهاتنی خــۆی — هەوڵ بداو تێ بکۆشێو خۆی بڕەنجێنێ لە ڕێگای خواداو ، بۆ ڕەزامەندی خواو بۆ بــڵاو کردنەوەی ئایینی ئیسلامو ، بۆ چــەسپاندنو بۆ خســتنە ئیشی یاساو مەبادیئەکانی ئیسلام .

وە ئەم کۆمەڵە بەم شێوەیە پێویستێو شیاوی موسڵمانانە ، بۆیە هەرکەس لەم کۆمەڵە دەر چوو و لایدا لێی ئەوەلە ئیسلام دەر چووە و موسڵمان نیە هەتا نەیەتەوە ناو کۆمەڵەکە ، وەهەر

کەس بچێتە ناو هەر کۆمەڵێکی تر،وە یا بکەوێتە سەر هەر یانک وسەر هەر باوێکی دەوری نەفامێتی ، ئەوە موسڵمان نیە هەر چەندە بە دیمەن نوێژو ڕۆژوو هەندێ لە پەرستشەکانی بین،و لە دڵی خۆیشیا خۆی بە موسڵمان دابنێ و لا فی ئیسلامەتی لێ بدا .

وە ئێستە من بە دەوری خۆمو لە سنووری تێ گەیشتنی خۆما هەندێ لەسەر ئەم پێنج بابەتە ئەڕۆمو ، داوای یارمەتی لە خـواو داوای لێ بوردن بۆ کەموو کوڕی لە خوێندەران ئەکەم . . .

یەکەم : کۆمەڵایەتی :

خوای پەروەردگار ئادەمیزادی بەجۆرێ دروست کردووە کە بە تەنیاو بەبێ کۆمەڵ ناتوانێ بژی و هۆیەکانی ژیانی بۆپێک نایەت . لە بەر ئەمەیە (إبن خلدون) لە (مقدمە) کەیدا ئەڵێ : (کۆمەڵ بۆ ئادەمیزاد شـتێکی پێویستی یە) وە ئەڵێن : ئادەمیزاد بە پێی سروشت شارستانیە . ئەمە لەلایەکەوە ، وە لەلایـەکی ترەوە هەموو بـیرو بـاوەڕو بەرنامەیەک پێویستی هەیە بە کۆمەڵێ لە دەوری کۆببێنەوەو ، لێی تێ بگەنو ، بڵاوی بکەنەوە بەناو مرۆڤەکانا ، وە بـە

پێی زۆری و پتەوی کۆمەڵ و ، ئەندازەی تێ گەیشتن و
راستی و دڵسۆزیان بۆ بەرنامەکە ، نرخ و بایەخ بۆ ئەو بیر و
باوەڕە دانەنرێ و خەڵکی تێی ئەهورۆژێن و پەرە ئەستێنێ و
بڵاوە ئەکاو جێ گیر ئەبێ .

ئایینی ئیسلام لە هەموان زیاتر گرنگی داوە بەم ڕووەو لێی
دواوەو نەخشەی تەواوی بۆ کێشاوە ، وەبەهۆی ئەو کۆمەڵ و
یەکێتی یە ڕاستیەوە بوو توانی لە ماوەیەکی زۆر کەما بەشی
زۆری زەوی دابگرێتەوە ، ئایینی ئیسلام زۆر هەوڵی داوە و
ڕێگای زۆری داناوە بۆ ئەوەی موسڵمانان یەک و یەک کۆمەڵ و
بەیەکا شێلراوو ڕاست بنو ، جیاوازی و ناڕێکی و پەرتە
وازەیی یان لە ناوا نەبێ ، وە گەلێ هەنگاوی گەورەگەورەی
ناوە بۆ پێک هێنانی یەکێتی بەتامو بۆ دروست کردنی
کۆمەڵێکی گەورەی ئیسلامی و مرۆ ڤایەتی جیهانی
. . . لەوانە :—

١— یەکێتی نەژاد : «١»

ئایینی ئیسلام ، مرۆڤەکان — بەکشتی — ئەکێڕێتەوە بۆلای یەک
سەرچاوەو ئەیان کا بەبەرەبابێک و بە ڕۆڵەی پیاو و ژنێ ،

«١» بۆ درێژەی ئەمە بگەڕێرەوە بۆ باسی مرۆڤ لەبەشی یەکەم
لە تەفسیرەکە .

بۆ ئەوەی هەموو بەیەکەوە بن و هەست بکەن بە خزمایەتی و یەکسانیان و، کەسیان خۆی هەڵ نەبڕێ و خۆی بەگەورەتر نەزانێ لەوانی تر، وە گەورەیی و بەرزیی و نزمیان ئەکێشێتە وە بۆ سەر شتێکی شەخسی و تایبەتی، کە ئەویە کێتی و کۆمەڵایەتی پشتەوە ئەکا و گەشەی ئەداتێ، ئەویش بریتیە لە بەندەیی ڕاستە قینەی خواو، خۆ پاراستن لە خراپەو دەوڵدان بۆ سوودو بەرژەوەندی گشتی. قورئان ئەفەرموێ:

[یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عندالله أتقاکم) «١» یانی: ئەرێ خەڵکان، ئێمە ئێوەمان دروست کردووە لە پیاوو ژن (آدم و حواء)، وە کردومانن بەچەند گەلو نەتەوە و تیرەوە، بۆ ئەوەی بەیەکا بژین و یارمەتی یەکتر بدەن. بەڕێز ترتان بەلای خواوە ئەوەتانە کە خواشناسی و خۆ پاراستن و لە خوا ترسانی زیاتربێ، وە پێغەمبەری خوا — درودی لە سەر بێ — ئەی فەرموو: (موسڵمانەکان خواتان یەکەو ئایینیتان یەکە، هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خاك دروست کراوە، کەستان لە کەس زیاتروگەورەتر نیە، تەنیا بەلە خوا ترسانو خۆ لە خراپە لادان نەبێ) (باشترین

«١» (حجرات).

مرۆف ئەوەیە کە کەلك و سوودی زیاتر بـێ بۆ مرۆڤەکان)
وەک قورئان ئەفەرموێ : [انما المؤمنون اخوة] «١»

٢ـ یەکێتی باوەڕ :

موسڵمانەکان ئەبـێ یەك باوەڕو یـەك بڕوابن ، ئەبـێ تێکڕا باوەڕی ڕاستیان هەبـێ بەیەك خواو یەك پەروەردگار هەر ئەو بـەرستن و بەندایەتی و گەردن کەچی یان تەنیا بۆ ئەوبـێ هاوارو نزاو پەنایان هەر بۆلای ئەو خوایە بـێ . هەر لەسەر بـیرو باوەڕو بەرنامەکـــەی ئەوبن و کوێڕایەڵی پێغەمبەر و قورئانەکەی ئەوبن و بەس ، دەستوورو باوو یاساو نەرێت و پەیوەندی یەکانیان تەنیا لەو سەرچاوە ڕۆشـنەوە وەرگرن . بـێ گومان یـــەکێتی لەم پلەیەدا کرنـگترین هۆو ڕاستترین ڕێگەیە بۆ یـــەك گرتـــن و بۆ کۆمەڵایەتـــی مرۆف و موسڵمانەکان .

٣ـ یەکێتی ئومەت ،

ئایینی ئیسلام موسڵمانەکان بەرز ئەکاتەوە لە جیاوازی یاندا ، لە زمان و لە وڵات و لە نەتەوەو لە ڕەنگ و ڕوو وێنەیانـا . هەموویان کۆ ئەکاتەوەو ئەیان کا بەیەك کۆمەڵ ، یەکلاشە ،

«١» سورەتی (حجرات) .

یەك ئومەت ، چونکە ئایینو باوەرەکەیان یەکە (وان هذه امتکم أمة واحدة وأنا ربکم فاعبدون) «١» .

٤ـ یەکێتی لە ماف و پێویستیا :

ئایینی ئیسلام بە یەك چاو سەیری هەموو موسڵمانەکان ئەکاتە ماف و لە پێویستیاندا . . شـوانێك و پاشایەك ، پیاوێك و ئافرەتێك ، دەوڵەمەندێك و هـەژارێکو . . . هتد . . . وەکو یەکن لەپەرستنو بەندایەتی وڵەهەموو ئیش و کارێکاو جیاوازی یان نیە .

٥ـ یەکێتی لەبەرابەری دادگاو لەبەجێ هێنانی هـەقدا :

ئایینی ئیسلام فەرمانو یاساکانی بۆ هەموو کەس وەك یەك بەجێ ئەهێنێ ، وە وەکو یەك بەسەر هەموو کەسا ئەدرێن ، گەورەوبچوك و ناسیاوو نەناس و خزم و بێگانەو ، واسیتەو بەرتیل نیە بەهیچ کلاوجێ .

پێغەمبەری خوا ـ درودی لەسەر بێ ـ لە باسـی بەجێ هێنانی سنوورو یاساو ، لە سەندنی تۆڵەدا لە تاوانکارا ئەی فەرموو : (سـوێندم بە خوا ئەگەر فاطیمەی کچی محمد

«١» سورەتی (الانبیاء) .

دڕی بکا دەستی ئەبڕم) وە قورئان ئەی فەرموو بە خێزانـــە خاوێنەکانی پێغەمبەر هەر کام لە ئێوە ئیشی خراپ و ئاڕەوابکا دووقات سزا ئەدرێت [یا نساء النبی من یأت منکن بفاحشة مبیـــنة یضاعف لها العذاب ضعفین وکان ذلـــك علی الله یسیرا) «١» .

وە پێچکە لەمانەیش لە گەلێ ڕووی تڕەوە ئایینی ئیســـلام یەکێـــتی مرۆڤایەتی پتەو ئەکاو بنکەی پۆلایین و پتەوی بۆ دامەزرێنن ، کە بە هیچ جۆرێ لەڕەو لەرزەی لێوەنەیەت . وە ئەگەر بە ووردی سەیری پێویستی و خوا پەرستی و بەندایەتی یەکان بکەین ، هەمویان لە ســـوودی خۆمانو گشتی و ، لە بەرژەوەندی کۆمەڵا تەواو ئەبـــن ، وە کوناهو یاساغ و قەدەغە کراوەکانیش هەمویان کۆمەڵ تێك ئەدەن و ناشیرینی ئەکەن . کەوابو چەند ڕاستە کە بڵێین : ئایینی ئیسلام ئایینی یەکیەتی و کۆمەڵایەتی و بەیەکابوونە .

وە ئایەتەکانی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەر بـــە زۆرشێوە و ووشەی شیرینو بەتام داوای ئەم یەکێتی و بەیەکا بوون و کۆمەڵایەتی یەمان لێ ئەکەن ؛ مژدەیان لـــەسەر ئەدەن و هەڕەشە لە پێچەوانەکەیان ئەکەن .

«١» سورەتی [الاحزاب]

[وآعتصموا بحبل الله جميعاً ولاتفرقوا] [١] (ولاتنازعوا فتفشلوا وتذهب ريحكم) « ٢» [والمؤمنون والمؤمنات بعضهم أولياء بعض ، يأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر] « ٣» .
(موسلمانەکان وەک کوردانی شانەوان .) موسلمانان لەناو خۆیانا وەکو لاشە یەک وانە ، هەر کە پارچەیەکی هاتە ئێش خەوو خۆراس لە هەموو لاشە کە هەراسان ئەبێ) [موسلمانان وەکو بەشەکانی بخانو وانە هەندێکیان هەندێ تریان پارێزگرن) وە گەلێکی تر لەم پووە وەولەم بابەتەوە کە لێرەدا جێیان نابێتەوە .

وە لەلایەکی ترەوە ڕەووشتو خوێی پەسەندی کردووە بە کۆڵەکەو پشتیوان بۆ ئەو یەکێتیو کۆمەڵایەتییە ، وەڕەووشتی شیرینی بەرز کردوەتەوە بە ڕادەیەک ، کە مرۆڤ بە ڕەووشتی جوان ئەگاتە پلەی پیاو چاکانو لە پێغەمبەرەوە نزیک ئەبێتەوە . . . ئەو ڕەووشتانەیش وەکو : خۆشەویستی ، دۆستایەتی ، هاری کاری ، ڕاستی ، دڵسۆزی ، بەزەیی ، سۆز ، وەفا ، ئەمینی ، دەستە بەریی ، دڵو دەستو دەم وزمان شیرینی ، ڕوو خۆشو . . .

وە شان بە شانی ئەمانە ، ئەچێ بەکۆڕی ئەو خوو ڕەووشتانەی

« ١ » سورەتی (آل عمران) « ٢» سورەتی [التوبه]

ناڕێکی و دوو بەرەکی و جیاوازی و پەرتەوازەیی لەناو کۆمەڵا
دروست ئەکەن و ، کۆمەڵ ئەشێوێنن و جەنگ و هەراوخراپکاری
بەرپا ئەکەن ، ئیسلام ئەچن بەکڕیانا و لە ڕەگ و ڕیشەدەریان
ئەهێنێ . ئەوانەیش وەکو : کوشتن و برین و ، دەمارگیرێتی و ،
تیرەو نەتەوە پەرستی و ، خۆ بە زل زانین و ، دەست درێژی کردن
بۆ سەر خوێن و لاشەو ناموس و ماڵ و ئابین و بیرو باوەڕ ، وە
وەکو : دزی و ، داگیر کردن و غەشو ، فێڵ و ، بە سووک سەیر
کردن و ، بە خراپە لێ دووان و ، ناوو ناتۆرەی خراپ و ،
جاسوسی و ، فیتنەیی و ، گالتە پێ کردن . وە وەکوو : بەرتیل و ،
قومارو ، وێنەیان . . .

بەڵکەی ئەمانە ئاشکران و هەموو کەس ئەیان زانێ .
ئیسلام بەڕادەیەک مەبەستێتی موسڵمان کۆمەڵایەتی بێ و لەناو
کۆمەڵا بژی و خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵی کەورەی ئیسلامی دابنێ ،
کە لە پەرستن و بەندایەتی کردنی شەخسی دا بەناوی کۆمەڵەوە
ئەدوێ و ئەخوێنێ و ئەپارێتەوە . . . ئابینی موسڵمان بابەتەنیا و
لە شوێنی چۆڵا بێ کە نوێژی کرد ئەبێ بڵێ : [ایاك نعبد
وایاك نستعین . اهدنا الصراط المستقیم] یانی : خوایە ئێمە
ــ وائە کۆمەڵی موسڵمان ــ هەر بەندەیی تۆ ئەکەین و داوای

یارمەتی هەر لە تۆ ئەکەین . [السلام علینا وعلی عباداللهالصالحین] واتە : سەلامی خوا لەسەر ئێمەو لەسەر هەموو پیاو چاکە کانی خوایێ . [ربنا آتنافی الدنیا حسنة وفی الاخرة حسنة وقنا عذاب النار] واتە : ئەی پەروەردگاری ئێمە ، لەم جیهانەو لە جیهانەکەی تریشا چاکەو شتی باشمان پێ ببەخشەو ، لە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە ،

دیسان دانانی نوێژی بە کۆمەڵ — جەماعەت — لە کە رەکو دێدا رۆژێ پێنج جار ، وە کۆکردنەوەی موسڵمانان لە نوێژی (جمعه) دا هەفتەی جارێو ، لە نوێژی جەژنەکانا ساڵی دوو جارو ، کۆکردنەوەی موسڵمانان لە هەر وڵایەکەوە لە مەکەدا بەبۆنەی حەجەوە ســاڵی جارێ ، ئەمانــە بەڵگەو نمونەی کۆمەڵایەتیو یەکێتی ئیسلامو موسڵمانان ئەخاتە بەردەست .

بەم پێیە ئایینی ئیسلام داوا ئەکات لە موسڵمانــان کە یەک بنو ، بەیەکەوە بنو ، کۆمەڵێــکی کەورەی ڕێکو پێک و پتەو پێک بێنن و . ئەبێ هەموویان بەشدار بن لەو کۆمەڵەداوهاوکاری تیا بکەن ، وە بۆ هیچ موسڵمانێ دروست نییە خۆی لە کۆمەڵ جیا بکاتەوە و دوورە پەرێز بوەستێو ، هەقی بەسەر هیچ شتێکی موسڵمانانەوە نەبێ ، یا بەناوی خوا پەرستیشەوە بێ . پێغەمبەری خوا — درودی لەسەر بێ — فەرمویەتی (هەرکەسێ کەمتەرخەم

بێ‌و کاروباری موسـڵمانان بەگرنگ نەگرێ ، ئەوە لە موسڵمانان نیە) .

وە فەرموویە : (هەر کەس گوێ ڕایەڵی نەکاو لە کـۆمەڵی موسـڵمانان دەرچێ کەمرد بەنەفامێتی ئەمرێ) «١» واتـە موسڵمان نیە ئەگەر نەکەوێتەوە ژ نـاو کۆمەڵی موسـڵمانـان لە پێش مردنیا .

ئەوەتە لە فەرمودەکەی بەردەمانایە : (فەرمانتان پیا ئەدەم بە پێنج شت : بە کۆمەڵایەتی‌و بەیەکابوون . . . هەر کەسـێ ئەوەندەی بستێ لە کۆمەڵ دوور کەوتەوە ئەوە پەیمانی ئیسلامی لە ملی خۆی دەرهێناوە مەگەر بگەڕێتەوە سـەری) واتە بێتەوە ناو کۆمەڵ .

دووەم : بیستن :

خوای گەورە پێویستی کردووە لەسەر هەموو کەسێ کە خوا بەتاکو تەنیا بناسێ و ، فێری وێڵو شێوازو یاساو فـەرمانەکانی ئیسلام بێ ، ئینجـا هەڵسێ بە کردنی ئەوانەی کردنیان پێویسـتەو ، خۆی لابدا لەوانەی گوناهـو ناڕەوایە کردنیان . . . هتد . . .

«١» مسلم لە (صحیح) دا ڕیوایەتی کردووە .

ئایینی ئیسلام فێر بوون و زانین و زانیاریی بە گرنگ گرتووە و بە پێویستی داناوە ، زانایان بە گەورەو پایە بەرز سەیر ئەکا ، قورئان ئەفەرموێ :

(هل یستوی الذین یعلمون والذین لایعلمون) «١» واتە : ئایا ئەوانەی ئەزانن و ئەو گەیشتوون لەگەڵ نەزانەکانا یەکسانن؟ بێ گومان نەخێر .[یرفع الله الذین آمنوا منکم و الذین أوتوا العلم درجات] «٢» یانی : خوا موسڵمانەکانتان بەرز ئەکاتەوە و زاناکان بەچەند پلە بەرز ئەکاتەوە .

پێغەمبەری خوا فەرمووێتی : (هەوڵدان و تێ کۆشان لەپێی فێر بوون و زانیاری یا پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێ)

[هەوڵی فێر بوونی زانیاری بدەن لە بێشکەوە هەتا گۆڕ]

(پایەی زانا کانتان بەسەر نەزانەکانتانەوە وەکو پایەی مانگە — لە ڕووی ڕۆشن کردنەوەیەوە بۆ سەر زەوی — بە سەر ئەستێرەکانی ترا] . . .

دیسان زانیاری کلیلی بەختیاری و پێش کەوتن و بەرزبوونەوەیە بۆ هەموو مرۆف و چین و کۆمەڵێ لە هەردوو جیهانا ، وە هەر شتێ بەنەزانین کرا لەوانەیە لە جیاتی چاکە خراپ و ڤیران کەر بێ و سوودی لێ وەر ناگیرێ . [ما می غزالی لە کتێبی

« ١ »سورەتی [الزمر] «٢» سورەتی [المجادلة]

(إحیاء علوم الدین) دا ئەفەرموێ : (زانین و کـــردەوە دوو شتی بەیەکا شێلراوون ولێك جیا نابنەوەو ، هیچ کامیان بـێ ئەوی تریان ناکونجێن ، چونکە زانین پێشەوایەو کردەوە شوێن کەوتوویەتی ، وا دایان ناوە : زانیاری درەختەو، کردەوە بەرو بومیەتی زانیاریی بەبـێ کردەوە هزبالو ئەوقە لەملی زاناکەدا ، وە کردەوە بەبـێ زانیاری گومراهیو سەر لێنێکچونە) .

خۆ گومانی تیانیە فێر بوون و زانین بەسراوون بەبیستنەوەو ، بە بـێ بیستن کەس فێری هیچ نابـێ ، جا لەبەر ئەوەی بیستن رێگای زانیاریو بەختیاری و سەرفەرازیە لەهەر دووجیهانا ، ئەتوانم بڵێم : بیستن — لەدوای عـەقل — تاقە رێگەیەکە بۆ مرۆڤایەتی مرۆف ، وە ئەگەر گوێ و بیستن نەبوایە ، نـاردنی پێغەمبەرەکانی خواو پەیامە خوایی یەکان بـێ هودە ئەبوون.

وە بۆ ئەوەی سەرنجمان ڕابکێشرێ ، بۆئەمە تورئان هەموو جارێ [گوێ] پێش (چاو) ئەخا کەئەفەرموێ:(ختم الله علی قلوبهم وعلی سمعهم وعلی أبصارهم غشاوة) «١» (ان السمع والبصر والفؤاد کل أولئك کان عنه مسؤلا) «٢» بۆیە پێغەمبەری خوا — درودی لەسەر بـێ — (بیستن) ی لە سەر موسڵمان بەپێویســـتی ئایینی داناوەو ، لە فەرمودەکەی بەردەماندا

« ١ » سورەتی (البقرة) «٢» سورەتی (الاسراء) .

کردوویەتی ـ دووەم لە پێنج شت ، کە ئەبێ موسڵمانەکان بەجێیان بێنن و ئەفەرموێ (فەرمانتان پێ ئەدەم بـــە پێنج شت . . . بە بیستن . . .) .

موسڵمانە پێشینەکان لەم مەبەستە تێگەیی بوون و هەوڵیان دا بۆ فێر بوون و بیستن و ، هەریەکەیان بوو بەزانایەکی بەرزو بە ئەستێرەیەکی گەشرو ، بوو یەپێشەوایەکی داد پەروەرو ، ئەی توانی پێشەوایەتی ئادەمیزادەکان بکاو بەرەو ئاسمانی شارستانی و بەختیاری بـێیان بات .

بەڵام ــ بەداخەوە ــ لەم دووایی یەدا و ، کاتێ ئیمپراتیزمەکان پەلیان داهێشت بەسەر وڵاتە ئیسلامی یەکانا ، موسڵمانەکان خۆیان لە بیر چووەوە و ئایین و بەرنامەی ئیسلامیان بە لاوە سووک و بێ بایەخ بوو ، بۆ جارێ پووی کوێ و چاوو دڵیان کردە خۆر ئاواو ، بەزانیاری بوونەوەری ئەوان سەرسام بوون و ، کەوتنە باس و خواسیان و وایان زانی کەلە هەموو پرو یەکی تریشا وەکو لە پرووی دەســـت کردەکانیانا بەرزو نمونەی پێش کەوتنن ! ئەیان زانی کە خۆر ئاوا لە پرووی باوو خوو ڕەوشت و بەرنامەی ژیانو ، لە یاساو دەستوورو ئەرێتا لە کاتی منالیی دەوری بەرد تی نەپەڕیون ، بە لکو شێوازی ئادەمیزادی یان لە زۆر شتا گۆم کردووە ، وەسەرسامی یان ،

له سنوورا نەوەستاوەو ، بڕۆ باقی پیشەسازی بەڕادەیێ زاڵ بوو بەسەریانا ، کەبەشێکی گەورەیان لە ئایین لابداو بـــێ باوەڕیان بکا ! هەتا بەرابەری خـــوای پـەروەردگار ، وە هەندێکیان بخاتە گومانو دوودڵی یەوە .

وە لەلایەکی تریشەوە ـــ ئەڵبەت هـــەر ئەو(هەوا)تیفی تێ کردن و ـــ بەشی زوری موسڵمانەکان لە بەرابەری ئیسلامەوە کەمتەرخەم بوون و گوێ یان نەدایە . وە زاناکانیش لە کاکڵەی زانیاری دەرچوون ـــ کەمێکیان نەبـێ ـــ خوویان دایـــە پەراوە زاراوەکان و کەوتنە ڕۆچوون تیایاو ، ڕاڤەی«۱» لەسەر ڕاڤەو پەراوێز «۲» لەسەر پەراوێز ، پەراوی وا هـــەیە ئەبـێ بەزەرەبـین بگەڕێی بۆ دۆزینەوەی ووشەکانی لە ناو ڕاڤەو پەراوێزەکانا . بەڵام قورئانی گەورە ئەبوایە هەر بۆ فێربوونی ووشەکانی و خوێندن بخوێنرایە ، تەفسیرو مانا کردنی تەدەغە بوو . خۆ (سیرەت) و مێژوو وێنەیان هـــەرناوی نەبوو ، فەرموودەیش چەند پەراوێکی پڕ لە فەرمودەی لاوازو تێکەڵ کراو بە (ئیسرائیلیات) لە ناوا بوو بە سادەیی مانا ئەکرا ، وە لەبەشی (فیقە) دا ئەگەر هەندێکی لێ بخوێنرایە ، ئەبوایە بە سادەیی و ووشکی و بـێ تێ بینی بوایە ؛ ئەگینا ئەوە لەمەزهەب

«۱» ڕاڤە : شرح «۲» پەراوێز : حاشیە .

دەر چوون بوو ا وەلە بەشی (تەریقەت) یشـــا لە چەند ئیشانەو ویردی تایبەتی بەو لاوە کوێ بەئیش و کاری تر نەئەدرا وە جەماوەری موســـلمانانیش بەوە وازیان ئەهێنا ئەگەر بۆژیان بکردایەو لە پایێزو زستانا رۆژووی رەمەزانیان بگرتایە ، وە ئەگەر دەستیان تێی بچوایە هەندێ زەکاتیان ئەدا ، یا پارەیەکیان بەخت ئەکرد بۆ ئەوەی پێیان بڵێن مامە حاجی و کەشیەی زەرد بیەستن (!!؟)

بەم رەنگە ئەو بەرنامە کەورەیە — کە زانایانی جیهانی بە کۆن تازەوە سەرسام کردووە — کورت کرایەوەو . تامو مەزەی تیا نەهێڵراو ، کرا بەنەخشە تونکڵێو ، موسڵمانەکان خۆیان کوتایە بن باڵی ئەمو ئەو ا دوژمنانی ئیسلام باویان بۆ خۆش بوو ، دەستیان کێشا بەسەر دڵو دەروونو میشکی موسڵمانانا پێش ئەوەی وولاتەکەیان داگیر بکەن .

ئەمەیش هەمووی بە هۆی نەشارەزایی و تێنەگەیشتیانـەوە لەئیسلامو، بەهۆی گوێ پـێ نەدانو خۆ فێر کردنو ، بەهۆی نەبیستنەوە بوو بۆ ئایینو بەرنامە کەورەو بەنرخەکەیان ،جابا ئێمە بەیەکەوە بسیرێ لە ئێستەو لەمەوبەری خۆمان بکەینەوە با بگەڕێینەوە بۆسەر ئەو شارێکەیەی کەخوابۆی دیاری کردوین با فێر بین و بڕانین و تێ بگەین و بـا بە گوێی . پێغەمبەری خوا

بکەین و گوێ ڕایەڵی بکەین کە ئەفەرموێ : (فەرمانتان پێ ئەدەم ... بەبیستن ...) ...

سێیەم : گوێڕایەڵی کردن :

هەر کۆمەڵ و یەکێتی و ڕێکخراوێ پێویستە لە سەر ئەندامەکانی — هەر کەسە لە پلەی خۆیا — گوێ ڕایەڵی یاساو دەستوورو فەرمانە کانی خۆیان بکەنو ، بەبێ خۆگرتن بەجێیان بێنن — بەمەرجێ فەرمانەکە کونجاو بێو لە ستوور دەر نەچووبێ — وە هەر کۆمەڵو ئومەتێ ئەندامەکانی گوێ ڕایەڵیان نەبێ ، ئەو کۆمەڵە تێکچوو دواکەوتوو ئەبێو ، زۆری پێناچێ شیرازەکەی ئەپچڕێو تۆزی بە ئەبات . وەهەر سوپایەک سەر بازەکانی لە فەرمانی فەرماندە کەیان لایانداو ، بەشی ئەوان شکانو زێر کەوتن ئەبێ .

گوێ ڕایەڵیو فەرمان گوزاری ، مەرجی بناغەیی سەر کەوتنو گەشە کردنو پێش کەوتنە بۆ هەموو کۆمەڵێ ، وە بەپێچەوانەی ئەمەوە ، بێ گوێ پێو سەر پێچی کردن نیشانەو سەرەتای ڕێز کەوتنوڵە ناو چوونە ، ناپێی هەر خێزانێ وێڵو شێوازو بە گوێی یەک کردن لەناو ئەندامەکانیانا هەبێ ، چەندە بەختیارو کامەرانێو ، ئیش و کاریان لەکاتی خۆیا

بەجێ هاتووە ؟ وە ئەگەر بۆ وێڵ بوونو هەرکەسە بۆ خۆی کۆیخایەك بوو ، کوێ ڕایەڵی یان نەبوو ئەوە شێرزەو ناڕێك و پڕ لە ئاژاوە ئەبێتو ، ئیشەکانیان دواکەوتوو بەجێ ماوە .

جا ئەمە حاڵی خێزانێ بێ ، ئەبێ حاڵی سوپایەك ، یا نەتەوەو گەل و ئومەتێ چۆن بێ ؟!

ئایینی ئیسلام کە ئایینی کۆمەڵایەتیو یەکێتی کشتی مرۆڤایەتییە زۆر بە گرنگ کوێ ڕایەڵی گرتووەو فەرمانی زۆری پێ داوە . . قورئانی کەورە ئەفەرموێ : (وأطیعوا اللهوأطیعوا الرسول لعلکم ترحمون)«١» واتە : کوێ ڕایەڵی خواوکوێ ڕایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن لەهەموو کارو فرمانێکتانا ، بەڵکو خوابەزەیی پیاتانا بێتەوە . (یا أیها الذین آمنو أطیعوا الله و أطیعوا الرسول وأولی الامر منکم فأن تنازعتم في شیء فردوه الی الله والرسول إن کنتم تؤمنون بالله والیوم الاخر) «٢» (ومالرسلنا من رسول الالیطاع باذن الله) «٣» یانی : من هەر پێغەمبەرێ بنێرم ، بۆ ئەوەی ئەنێرم کە بەپێی ئیزنی خۆم کوی ڕایەڵی

«١» سورەتی (ال عمران) .

«٢» سورەتی (النساء) «٣» سورەتی (النساء) .

بکرێ . (وأطیعوا الله ورسوله ولاتنازعوا فتفشلوا و تـــذهب ریحکم واصبروا ان الله مع الصابرین) «۱» یانی : گوێ‌ڕایه‌ڵی خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بکه‌ن ، له‌ فه‌رمان دەر مه‌چن‌و نارێك مه‌بن له‌ناو خۆتانا ، ئه‌گینا ژبر ئه‌که‌ون‌و له‌ ناوئه‌چن‌و تۆزتان با ئه‌یبات ، به‌ئارام و له‌ سه‌ر خۆ بن و خوا له‌گه‌ڵ دان بـه خۆ گرانایه .

پێغه‌مبه‌ری خوا ـــ درودی له‌سه‌ر بـێ ـــ زۆرو زه‌به‌نته‌ فه‌رمانی داوه‌ به‌گوێ‌ڕایه‌ڵی‌و فه‌رمان گوزاری‌و ، داوای به‌جێ هێنانـــی فه‌رمانی له‌ هه‌موو موسڵمانـێ کردووه ، بۆ هه‌موو سوپاو(سریه)و تێرراوێك یه‌کێکی ئه‌کرد به‌کار به‌ده‌ستیانو ، ئه‌ی فه‌رمو : هه‌مووتان له‌شتی ڕه‌وادا گوێ ڕایه‌ڵی بکه‌نو له‌ فه‌رمانی ده‌رمه‌چن وه‌ زۆر به‌ڵگه‌ هه‌یه‌ بۆ ئه‌مه‌و پێویست به‌باس ناکات . «۲»

ئه‌م گوێ ڕایه‌ڵی‌و فه‌رمان گوزاری‌یه‌ش به‌مه‌رجێك ئه‌بـێ که‌ له‌ سنووری بیروباوه‌ڕو فه‌رمانه‌کانی قورئانو فه‌رموده‌دابـێ ، وه‌ کاره‌که‌ ڕه‌واو حه‌ڵاڵ بـێ ، ئه‌ك هه‌رچی‌و هه‌رچۆن بـێ ـ وه‌ك له‌ فه‌رموده‌ی یه‌که‌ما ئێ دواین ـــ وه‌ ئه‌یبی به‌رزه‌وه‌نـــدی

« ۱ » سوره‌تی (الانفال)

« ۲ » بۆ زیاده‌ ڕۆشنبوونه‌وه‌ ســـه‌یری به‌ندی پێنجه‌می فه‌رموده‌ی یه‌که‌م بکه‌ .

گشتی و بەرژەوەندی تا کەکانیشی تیا بپاریزرێ ، ئەگەر وا نەبوو گوێ رایەڵی یەکە گوناهەو تاوێ بکرێ بەڵکو بە پێی یاسای (سەر بەستی لە بیر کردنەوە لە دووانداتا) بۆ هەموو کەس هەیە ڕەخنە بگرێ و ڕای خۆی دەر ببڕێ و هەڵوێستی [چاودێری] بێ

وە لەبەر ئەوەی گوێ رایەڵی بەو پێیە پێویستە بێ گوێ رایەڵی هیچ کارێ سەر ناکرێ پێغەمبەری خوا لە فەرمودە کەی بەردەمانا ئەفەرموێ [فەرمانتان پێ ئەدەم بە

بە گوێ رایەڵی کردن

چوارەم : کۆچ کردن و دەست بەردار بوون :

ئایینی ئیسلام — لە ناو کەدا بریتیە لە کواستنەوەو ئاڵ و گۆڕێکی گشتی لە ئەقامێتی یەوە بۆ ئیسلامەتی گواستنەوە لە بیر کردنەوەو لێکدانەوەدا لە بیرو باوەڕو بڕوادا لە ئیش و کارو فرمانا لە یاساو ئەریت و فەرمان و فەرمان ڕەوایی دا لە پەروەردە کردن و ئاراستە کردنداء ، لە شێوەی پەیوەندی یەکانا ، لە ڕامیاری و بزوتنەوەدا ، لە بەندایەتی و پەرستندا وەبە شێوەیەکی گشتی لەهەموو کارو بارێکی مرۆڤدا

زۆر جار دڵو دەروونی مرۆف بە پێچەوانەی ئەوەوە داخوازی ئەکا ، یا جێگاو ڕێگا کە دەستی ئەگرێ ، یا سروشتی تیرەوگەلە کەی

بە جۆرێکە کە بەر هەڵستی لەم ئاڵو گۆڕو گواستنەوەیە ئەکا و
ڕێی لێ ئەگرێ ، ئالەم کاتەدا پێویستە لە سەر موسڵمانان
بۆ ئەوەی لە چاڵی نەفامیێتی ڕزگاریان بێ و بتوانن موسڵمانی
ڕاستەقینە بن ، کۆچ بکەنو دەست بەرداری ئەو شتانە بن کە
ڕێگای ئەو گواستنەوە پڕۆزە پێویستەیان لێ ئەگرن و بەجێ
یان بێڵن . .

ئەمگواستنەوەو کۆچ کردنە هەندێ جار بەوە پێك یەت ، کە
دڵو دەروونی خۆت بکری لەو نارەواییانەی داخوازیسان بۆ
ئەکەنو ، هەڵستێ بە پێچەوانەی داخوازی ئەوان . پێغەمبەر
— د . خ — ئەی فەرموو : (. . . کۆچەری ئەوەیە واز لەو
شتانە بێنێ کە خوا قەدەغەی کردوون) وە هەندێ جار بەوە
پێك یەت ، کە شوێنو جێگاو نیشتمانەکەت بەجێ بێڵی و ڕوو
بکەیتە وڵاتێ ، کە بەبێ ڕێ لێ گرتن بتوانی بەندایەتیو خوا
پەرستی خۆتی تیا بکەیتو ، هەڵسیت بەو ئەرکانەی ئیسلام
داوێنی بە سەرتا . قورئان ئەفەرموێ : (إن الذين توفاهم الملائكة
ظالمي أنفسهم قالوا : فيم كنتم ؟ قالوا : كنا مستضعفين في الارض
قالوا : ألم تكن أرض الله واسعة فتهاجروا فيها ؟ فأولئك مأواهم
جهنم وساءت مصيرا ، الا المستضعفين من الرجال و النساء
والولدان لا يستطيعون حيلة ولا يهتدون سبيلا ، فأولئك عسى الله ان

یعفوعنهم وکان الله عفواً غفورا) «۱» واته : ئەوانەی کەڕازی
ئەبن بە خواری و ژێر دەسەیی یان بۆ کافرو بێ ئایینە کانو ،
گەردنیان بۆ کەچ ئەکەنو ، بەهۆی ئەوانەوە ناتوانن هەڵسن
بەبەجێ هێنانی پێویستی یەکانی ئایین ، کاتێ فریشتە بەفەرمانی
خوا گیانیان کێشان ئەوانەی بە هوی دەست بەردار نەبوونیان لە
قازانجێکی کاتی بێ نرخ ، زوڵم و زۆریان لەلاشەو دەروونی
خۆیان کردووەو ، تووشی سزایان کردوون ، فریشتە لێیان
ئەپرسن : لە کوێ بوون و چۆن ژیانی چیهانیتان بە سەر
برد ؟ ئەڵێن : بێ دەسەڵات بووین لە سەر زەویدا ، وزالمان
زۆر داربوو ، ئەڵێن : ئەی ئایا زەمینی خوا پانو فراوان نەبوو؟
بۆچی کۆچتان نەکرد لەوێ و بڕۆیشتنایە بۆ شوێنێ کە خوا
پەرستی و داد تیایا باو بوایە ؟! ئەوانە شوێنیان دۆزەخو شوێنێکی
زۆر ناخۆشە .

بەڵام ئەوانەی دامارون و چاریان نیەو ناتوانن دەرباز بن و
چێگەو ڕێگەیان دەس ناکەوێ ، وەك : پیاوی پیرو نەخۆش و
ژنو منداڵ ، ئەوانە نزیکە خوا لێیان ببورێ . خوا ئێ
بوردەو لێ خۆشبووە .

ئەمە مانای وایە تۆ ئەگەر بوونو مانەوەت لەناو خزم و

«۱» سورەتی [النساء]

کەس و کارتا ئەبووە هۆی ئەوەی نەتوانی پێویستیە کانی سەر شانت بەرابەری خوا ئابین و کۆمەڵ بەجێ بێنێ . ئەبێ بەجێ یان بێڵێ و ڕوو بکەیتە وڵات و لایەکی وەها ، کە ئەوانە یەخەت پێ نەگرن و باری شانت سووک بێ بۆ خوا پەرستی و ، بۆ بەجێ هێنانی فەرمانی خوا پێغەمبەری خوا . چونکە بەجێ هێنانی فەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا ، تێ کۆشان لە ڕێی بەرز بوونەوەی ئیسلام ، ئەبی بەلای موسلمانەوە لە هەموو کەس و لە هەموو شوێن و هەموو شتێ خۆشەویستتر و کەورە تربێ ، یە ڕەنگن دەست بەرداری ئەمانە بێ لەبەر ئەوان . قورئان لەم بابەتەدا ئەفەرموێ : (قل إن كان آباؤكم وأبناؤكم واخوانكم وأزواجكم وعشيرتكم و أموال إقترفتموها وتجارة تخشون كسادها ومساكن ترضونها أحب اليكم من الله ورسوله وجهاد فى سبيله فتربصوا حتى يأتى الله بأمره والله لايهدى القوم الفاسقين) «١»

یانی : ئەی پێغەمبەر ، تۆ پێی بان بڵی : ئەگەر باوو باپیرانتان و ، کوڕو ژنەکانتان و ، براو کەسەکانتان و ژنەگانتان تیرەو تەوە کەتان و ، مال و سامانە کەتان و ، ئەو بازرگانی یەتان کەلە گزبی بازاڕی ئێترسن و ، ئەو خانوو کۆشکەتان لێی ڕازین ،

«١» سورەتی [التوبه]

ئەگەر ئەمانەتان خۆشتر بێ لە خواو پێغەمبەری خواو لە تێ کۆشانو هـــەوڵدان لە ڕێگەی خوادا ، ئەوە ئێوە چاوەڕێی بکەن هەتا ســـزاو بەڵای خوا ئەڕژێ بە سەرتانا ، ئێوە لە ڕێگەی خوا لاتان داوەو سنوورتان شکانووەو . خوا یش ڕێ نموێی ئەوانە نا کا کەلە سنوور دەر چوون . ئەوەیە پێغەمبەری خوا لە فەرمودەکەی بە ردەما نا ئەفەرموێ :

(فەرمانتـان پیا ئەدەم . . بەکۆچ کردن . . .) .

پێنجەم : هەوڵدانو تێ کۆشان لەڕێی خوادا (الجهاد)

ووشەی (الجهاد) لە زمانی عەرەبیدا بەماناهەوڵدانو کۆشش کردنە وە لە شەریعەتی ئیسلامدا بریتیە لە بەخـــت کردنی توانایی لاشەو دارایی لەڕێی بڵاو کردنەوەو بەرز کردنەوەو چەسپاندنی ئایینی ئیسلامدا بە هەموو بەشو بنکەو یاســـاو فەرمانەکانیەوە . هەتا وای لێ دێ یاسای ئیسلام ئەکرێ بـــە یاسای کۆمەڵو فەرمانو تەعالیمو وێڵو ، شێوازەکانـــی ئەبنە باوی کۆمەڵو ، ئیتر کەردن کەچیو بەندایەتی تەنها هەر بۆ خوای پەروەردگار ئەکرێتو بەس ، وەووشەو یاساو فەرمان و باوی شەیتان و بتەکان ونەمێنێ سەرەو ژێر ئەکرێو کۆڕ ئەکرێن

(ویکون الدین کله لله) «۱» وه ئەبێ ئەم بەخت کردنەیش
تەنیا لە پەرپەزامەندی خوابێ . تێ کۆشانو بەخت کردن
(جهاد) چەند بەش . یا چەند هەنگاوی هەیە :
۱ــ مرۆڤی موسڵمان ئەبێ تەنها فەرمانی خواو پێغەمبەری خواو
ئایینی ئیسلام بە پاست بزانێ ، وە ئەبێ ڕقی بێ لە هەرچی
شتێن کە پێچەوانەی بەرنامەو فەرمانەکانی ئیسلام بێ و بەخراپو
ناپەوای دابنێ و ، وا بزانێ کە ئەو شتە دژی بیرو باوەڕو
بەرنامەو ڕێکای ئەوەو ، کۆسپە لەبەر دەمیاو پێویستە لەسەری
بی گۆڕێ و لە ناوی بەرێ .
کەوابێ یەکەم هەنگاوێ ئەوەیە : ئەبێ ڕقی بێ لەو شتانەی
لەگەڵ ئیسلاما ناکۆ جێن ، وە ئەبێ هەمیشە لەبیری نەهێشتن و
گۆڕ کردنیانا بێ و بیێتە مەراق و خەیاڵی .
۲ــ ئەکەوێتە دواندن لە دژی ئەو شتانەو ، زەرەرو زیانیان
ئەخاتە ڕوو ئاماژکاری مەردم ئەکا بە خۆ دوور خستنەوەیان
وە بە ڕوو کردنە خواو خواناسێنو دابانی چاکە لە جێگایانا .
وە لێرەدا ئەبێ هەوڵ بدا بۆ ڕێکاکەی پێغەمبەرا ڕەواو :

«۱» سورەتی (الانفال)

بۆ شێوەیەکی دڵـۆڕانەو ، بە ووردی بدوێ و بزانێ چارەی هەر دەردێ بە چی ئەبـێ ، وە چارەی بکا . (ادع الی سبیل ربك بالحکمة والموعظة الحسنة) « ١ » یانی بانگی مەردم بکە بۆلای ڕێگەی خوا کە ئیسلامە بە ووردیو لێ زانینەوەو بەئاموژگاری گردنی شیرین ، پێغەمبەر فەرموویە (گەورە تریێ جهاد ووشەی حەق ووتنە لەلای کار بە دەستی زاڵمو زۆردار) «٢» وەنوسینیش لە ماڵای دواندنایەو ئەبێ ئەو شێوەیەی هەبـێ .

٣ــ ئەمجار لە هەنگاوی سێیەما ئەکەوێتە هەوڵدان بە زۆری دەست و بازو بۆ لەناو بردنی ئەو گوناهو ناڕەوایە . بەم پێیە ، بۆ تێ کۆشان لە ڕێی خوادا سێ بەش پەیدا ئەبـێ . . تێ کۆشان بەدڵ ، بەدەم ، بە دەست . پێغەمبەری خـوا ئەی فەرموو : (هەر کام لە ئێوە شتێکی ناڕەوای بینی ئەبێ بـــی گۆڕێ بە دەستو بازو ، ئەگـەر توانای ئەوەی نەبوو بە دەم و زمان ، ئەگەر ئەوەشی نەتوانی بەدڵ . ئەمەیان لاواز تریـــی باوەڕە) .

دوژمنانی ئیسلامو ئەوانەی کەلە ئیسلام تـێ نەگەیشـــتوون

« ١ » ســـورەتی (النحل) « ٢ » (ترمذی ڕیوایەتـــی کردووە) .

(جهاد) ی ئیسلام لە بەرگ و وێنەیەکی دوورندانەو ، لە چوار چێوەیەکی سامناکدا پیشان ئەدەن . . گوایە جهاد یانی کوشتن وبڕین و تالان و داگیر کردن ؟! بۆیە ئیسلام بە ئایینوودەسەلاتی جەنگ و خوێن ڕێژی دائەنێن و ، هەموو ووشەکانی جهاد تەنها بەجەنگ مانا ئەکەن . ئیتر ئەوانە بۆ ئەوەی بەلگەیەکیان لە ئیسلامابەدەستەوەبێ ، ناڕاستی ئەگەر لە هەندێ لەچاخەکانا فەرماندەیەکی ئیسلامی لە ئایین لای دابێ و ، جەورو ناحەقی کردبێ و ئیسلام لێی ڕازی نەبێ !!

ئایینی ئیسلام ، یتیە لەبەرنامەیەکی تیرو تەسەل بۆ هەموو ئادەمیزادێ ، کە هەتاڕۆیان لەسەر زەویدا بێ بەپێی کارو بارەکانیان چی بەچ بکەن ، هەر بەندەی خوابێ و لە بەندایەتی هەرکەسرو هەرشتێکی تر یەخە هەڵ تەکێنن . ئەمەیە مانای ئەوە کە ئیسلام ئاینێکی ڕزگارکەرە بۆ هەموو مرۆڤێ لەهەموو کۆیلەیی و جەورو ستەمێ . ئیسلام بە نامەیە بۆ ژیان و حەوانەوەی ئادەمیزاد لە ئەواوی سەر زەویدا بەسەر بەقۆ و بە ختیاری ووشەو مانای زوڵم و زۆرو داگیر کردن لە ئیسلامدا قاچاخ و یاساغە لەهەر گەشێکەوە بێ .

ئیسلام ئایینو بەرنامەی سەر بەقۆ و ڕزگاریە ، خوای پەروەردگار نادوێنی بۆ هەموو مرۆڤێ لە هەر کوێ و لەهەر

چاخێکا بژین ، وەدوای کردووە لە پێغەمبەرو لە هەموو موسڵمانێ : کە ئەم بەرنامەیە بڵاو بکەنەوە و ڕای بگەیەنن بە هەموو مرۆڤێکا ، بۆ ئەوە هەموو کەسێ لێی تێ بگاو بۆی دەربکەوێ ، کە ئەم بەرنامەیە سەراسەر لە سوودو قازانجی ئەوا ئەواو ئەبێ .

ئەوەتا هەموو مرۆڤەکان کۆ ئەکاتەوەو یەکیان ئەخاو ، ناڕێکیو جیاوازیەیان لە ناوا نایەڵێ و ئەیانکا بە براو پشتیوان و دڵسۆزی یەکتر ، وە بەیەکانی و دادەوەو ، لە بەرگی شەرمو ڕیزا بە ئاسایش ئەیان ژێنێو ، سەربان پێ بەرز ئەکاەوە لە حاستی هەموو کەسرو هەموو شتێکا ، تەنیا بۆ پەروەردکاریان سەر ئەخەوێنن و گەردن کەچ ئەکەن و بەس .

پێویستی موسڵمانەکانە — هەر کەس لە سەووری توانایی خۆیا — لە هەموو کاتو لە هەموو شوێنێکا هەڵسن بە بڵاو کردنەوەی ئیسلامو ، بە ڕۆشن کردنەوەی بیرو باوەڕ و یاساکانی لە ناو مرۆڤا ، ئینجا ئەکەر خەڵکیی موسڵمان بوونو ئیسلامیان وەرگرت ، وەکو ئەمانیان لێیەت لەماڤو پێویستیاو جیاوازیان نابێ ، وە ئەکەر وەریان نەگرتو موسڵمان نەبوون و ، هەر کاتێ ئیسلام بوو بە یاساو بەرنامەی

وولاتو ئەوانیش بەشێك بون لەو وولاتەدا ، ئەوە لەوکاتەدا ئازادیی ئایینیان ئەدرێتێ و . پارێزکاری ماف و ژیانیان ئەخرێتە ئەستۆی موسلمانەکان ، وە بۆ ئەوەی لە دەست کەوتی دەولەتا ئەمانیش بەشداری بکەن چونکە (زەکات) یان لەسەر نیە ، خەرجێکی سالانەیان ئەخرێتە سەر بەرامبەر ئەم پارێزکاریو ئازاد کردنەیان ، وە هەرگیز زۆریان لێ ناکرێ کە ئیسلام بین چونکە باوەڕ بە زۆر لە مرۆڤا دروست نابێ و پێك نایەت ، وەکو پەروەردگار ئەفەرموێ: (لاإکراه فی الدین قدتبین الرشد من الغی) «۱» واتە : زۆر کردن نیە لە وەرگرتی ئایینا ، خۆڕێی ڕاست و ڕێی چەوت دەرکەوتووە .

ئەگەر لە کاتی بلاو کردنەوەی یاساو بەرنامەی ئیسلاما سەرۆك و پیاو خراپە زالم و خوێن مژەکان ترسان : کەئیسلام دەسەلاتیان لێ ئەستێنێ و نایەلێ زەبرو زۆر لە ناو خەلکا بنوێنن ، بۆ ئەم مەبەستە پیسەیان کەوتنە جوست و جۆکردن و دەست و پێوەنیان لە خۆیان کۆ کردەوە . یان بەدرۆ ساختە بانگی دەمارگیری یان بە ناو مەردوما لێداو بونە کۆسپ و گرێ

«۱» سورەتی (البقرة) .

لە رێی بڵاو کردنەوەی بانگە پیرۆزەکەی خواداو ، بوون بە بەرژین و تەلایان لە نێ انی بانگ کەرانو مەردما دروست کرد ، ئەوە شتێکی پتویستی بە لە ناو بردن و رووخاندنیان هەتا رێگەی بانگە کە پاك بێتەوەو درك و دالی تیا نەمێنن و ، کۆسپ و پلەکانی بروخێنرێ بەهەر نرخێ بووەو هەرچی بەکی تێ چووە هەتا بانگە کە بە ئاسانی بگاتە مەردمەکان ، وە ئەبێ بە هیچ کلۆجێ ترس و بیم لە رێگەی بانگ کەرانا وە لە رێگەی ئەوانەی یەن بە دەم بانگە کەوە نەمێنن و ، بانگ و بانگ کەران بە ئەبێ و بەبێ باك بگەڕێن و بانگە کەیان بڵاو کەنەوەو ، خەڵکیش لە ئەنجامو پاشە رۆژی باوەڕ کردنی بە بانگە خوایی یە کە نەترسێ .

تۆ زەوی یەکی بە پیت هەیەو ئەتەوێ بیکەی بە کشتوکاڵ ، ئەبێ ئاوی بۆ بێنی و کشتو کاڵەکەت ئاو بدەیت ، جا لەکاتی چۆکە پاکێشانەکەدا لە هەندێ شوێنا پڵو پوش یەتە رێی ئاوەکەو تۆ بەلوتە داری لای ئەدەیت ، ئەی ئەگەر پلەیەك ، بەردێك ، بەستێ هاتە رێی ؟ بێ گومان تۆ هەوڵی شکاندن و ڕوخاندن و شەق و پەق کردنی ئەدەیت و ، زۆر جار تۆپوباریەیشی تیا ئەتەقێنی و ئاوەکە ئەگەیەنێتە کشت و کاڵەکەت و ئاوی ئەدەیت ، ئینجا ئەگەر چڵێ یا تۆڤێ ئاوەکەی هەڵەڕی و

ووشـــك بو ، تو خوت بەلێ پرسراو نـازانیت و گوێی نـادەیێ .

چەنـگە ئیســـلامیی یەکانیش هەرکامیان بۆ ئیسلام ولە ڕێی خوادا کراون بەم پێیەو لەم ڕووەوەو بۆ ئەم مەبەستە بوون . وە لەسەر ئەم بناغەیە ئایینی ئیسلام ئاسایش و هێمن بەینکە دانەنێ ، وە جـــەنـگ بەشتێکی ناچاری ولەبنکە لادان نەدانە قەلەم . وە ئەمەیش بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کـە ئایینی ئیـسلام شەیدای کوشتنو بڕین نیەو حەز لەخوێن ڕێژی ناکاو ، هاتووە بۆ ژیانو حەوانەوەو بو ژیـانتەوەی مرۆڤ بە تێکڕایی .

داوا کردنی جیهادو تێکۆشانو خۆ ڕەنجاندن لە ڕێی خواداو بۆبڵاو کردنەوەو دەمەزرانی یاساکانی ئیـــسلام لە قورئانو لە فەرمودەی پێغەمبەرا ، زۆرو زەبەنتەیەو زیاترە لەوەی لەم نامیلکەیەدا چێی بێتەوە ، بەڵام بۆ نمونەوبەڵگە هەندێکیان لێ ئەهێنین . . . قورئانی گەورە ئەفەرموێ :

(وجاهدوا فی الله حق جهاده) « ١ » واتە : موسڵمانە کان ، تێرە هەوڵ بدەنو تێ بکۆشن لە ڕێی خوادا بە تێ کۆشانـی ڕاستە قینەو پڕ بە دڵ .

« ١ » سورەتی (الحج)

(يا أيها الذين آمنوا هل أدلكم على تجارة تنجيكم من عذاب أليم ، تؤمنون بالله ورسوله وتجاهدون في سبيل الله بأموالكم وأنفسكم ذلكم خير لكم إن كنتم تعلمون ، يغفر لكم ذنوبكم و يدخلكم جنات تجري من تحتها الأنهار و مساكن طيبة في جنات عدن ، ذلك الفوز العظيم وأخرى تحبونها : نصر من الله وفتح قريب ، وبشر المؤمنين) «١» يانى . ئەى موسڵمانەكان ئايا بازرگانیەكتان پیشان بدەم كەلە سزای سەخت رزگارتان بكات ؟ ئەویش ئەوەیە باوەڕتان بهێنن بە خواو پێغەمبەرەكەی ، وەلەكەڵ ئەوەدا تێكۆشان بكەن لە ڕێگەی خوادا بە ماڵو سامانتانو بە خۆتانەوە ، ئەمە باشترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن ، لە گوناهەكانتان خۆش ئەبێن و ئەتان خاتە ئەو باخانەی بە هەشت كە ئاویان بە ناوا بڵاو ئەبێتەوە ، وەچەند كۆشك و شوێنی خاوێنتان ئەدانێ بەڕاستی ئەمە دەسكەوتێكی گەورەیە . دەسكەوتێكی تریشتان ئەبێن كە پێتان خۆشە یارمەتی دانی خواو سەركەوتنێكی نزیك . دە مژدە بدە بە موسڵمانان .

(انفروا خفافا وثقالا وجاهدوا بأموالكم و انفسكم فى سبيل الله) «٢» يانى : بڕۆن بۆ تێن كۆشانو چە نیگاتان لە ڕێی

«١» سورەتی (الصف) «٢» سورەتی (التوبه) .

خوادا ، بە هەموو بارێ ، بەسوك بارى و گران بارى يەوە جيهاد بكەن لەرێى خوادا بە مالّتان و بە خـــزتان و . . . . و . . . و . . .

(پرسيار كرا لە پێغەمبەرى خوا (درودى لەسەربێ) : چ كردەوەيەك گەورەترە ؟ فەرمووى : باوەڕ بە خوا و بـــە پێغەمبەرەكەى . ووترا : دواى ئەوە ؟ فەرمووى : جيهاد لـە رێى خـــوادا ، ووترا : دواى ئەو ؟ فەرمووى : حـــەجى وەرگيراو) «١» .

(ابن مسعود ئەڵێ : پرسيم لە پێغەمبەرى خوا : كام كردەوە لە هەموو كردەوەيەك گەورەترە ؟ فـەرمووى : باوەڕ بە خوا و جيهاد كردن لە رێگەى خوادا) «٢» و پێغەمبەرى خوا (درودى لەسەربێ) فەرمويە : (كەسێ مردو غەزاى نەكردبوو و ، لە دڵى خۆيشيا بەتەماى غەزا كردن نەبوو ، ئەوە بەبەشێك لە منافقێتى بەوە مردووە) «٣» و فەرمويە : (كەسێ غەزانەكا ، يا غەزا كەر نەخاتە رێ ، يا بەسەر مال و منالّى غەزا كەرەوە بەئەمينى دانەنيشێ ، ئەوە لە پێش رۆژى قيامەتا خوا دوو جارى بەلايەكى ئەكات) «٤» و فەرمويە : (جيهاد بكەن لەگەڵ بێ

«١» بخارى و مسلم «٢» بخارى و مسلم «٣» مسلم ريوايەتى كردوە «٤» أبوداوود بە اسنادى صحيح ريوايەتى كردووە .

باوەڕو بت پەرستەکانا بە مالّتان و بە خۆتانو بە زمانتان) «١»
وەفەرموویە : (هەر کاتێ پەیمانتانداو بە قەرزو ، دەستان
گرت بە کلکی گـای خۆتانەوەو ، خۆتان بە کشـتو کاڵەوە
خەریک کردو ، وازتان لە جیهادو هەوڵدان بۆ ئیسلام هێنا ، ئیتر
خوا زەلیلی و ڕسوایی ئەدا بە سەرتاناو لەسەر تانی لانا بـات
هەتا نەگەڕێنەوە بوسە ئایینە کە تـان) «٢» و ، . . . . . .
وە زانایانی ئیسلام (فقهاء) تێکڕا ئەفەرموون : (جیـهادو
غەزا کردن پێویستی بەکی گشتی موسڵمانانە وەکو نوێژ و ڕۆژوو
جەنگـانن لە ڕێی خواداو لە هەمـو سالێکا فەرزی کـیفایە
[فرض الکفایە] یە ، واتە ئەگەر کۆمەڵێ پـێی هەڵسان لە
سەر هەموان لاڕەچێ ، وە ئەگەر کەس پێی هەڵنەسا هەموو
موسڵمانێ — بەتایبەتی کار بەدەستان — گوناهبارن ، وە ئەگەر
لە لایەکەوە دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر ناوچەیەکی ئیسلامی ،
پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانانی ناوچەکە بچەنگن لەگەڵیانا ،
ئەگەر چارەیان نەکرد ئەبـێ هەموو موسڵمانان بچن بەدەمیا نەوە
تا دوژمنەکە ئەشکێنن) .
موسڵمانە پێشینەکان لەمانە بە جوانی تێگەیی بوون و بەڕاستی

« ١ » ابو داوود بە اسنادی صحیح ڕیوایەتی کردووە ،
« ٢ » امام احمدو ابو داوود ڕیوایەتیان کردووە .

بەجێیان ئەهێنان ، وەبەم هۆیەوە بوو توانیان ئیسلام بلاو بکەنەوەو وولاتی ئیسلام بپارێزن . بەڵام لەم چاخانەی دوایيدا، لە کاتێکا دەوڵەتە ئیمپرا لیزمو داگیر کەرەکان ڕانیان بە دەستی (جیهاد لەئیسلام) دا بەکێر هاتوون . (سید احمد)وکسوڕو نەوەکانی لە هندستانا بانگەوازی جیهادیان لێداو ، موسڵمانەکانی هیندیان لێ کۆکردنەوە ، لە [سودان] دا بزوتنەوەی مەهدەوی یەکان [الحرکة المهدویة] بە ناوی جیهادی ئیسلامیەوە بەرپا بوو و ، سنوسیەکان لە لیبیا ڕاپەڕینو بانگی جیهادیان لێداو وە هەموو جارێ سلطان [عبدالحمید] بە بانگی گشتی جیهاد ئەی ترسان . وەزۆرێ زەبەنتە لە زانایانی بەرزی ئیسلامی وەکو [شاهی دهلەوی] و [جمال الدین أفغانی] و [شێخ محمد عبده] و [شکیب أرسلان] و [شێخ حسن بنا] و [رشید رضا] و [محمد عبدالوهاب] و کەکەلێکی تر کەوتنە هەوڵدان و یەک خستنی موسڵمانانو زیندو کردنەوەی بانگی جیهادو . . .

ئالەم کانانەدا ، ئیمپریالیزمەکان بەلە قاژەو چم و چاریان پێ کەوت بۆ نەهێشتنی جیهادو ، بۆ بە ناشیرین پیشاندانی ووشەی جیهاد لە ئیسلاما . . لەلایەکەوە هاتن چەند ناپاکیان بەکرێ کرتو کردنیان بەبەندەی ئەڵقە لەگوێو بە پێغەمبەرە (درۆزنە) ، وەکو (غلام احمدی قادیانی) و [میرزا علی باب]

و (میرزا حسین علی مازندەرانی « بهاء ») وە ئەوانیش جو لا
ئەوەی (قادیانی) و (بابی) و (بهائی) یان دروست کردو
بە بانگی بەرز جیهادیان هەلگرتو بە قاچاخیـــان دانا و
پەروازەیی یەکیان لە ناو موسلمانانا دروست کرد . »[1]
وە لەلایەکی ترەوە ووشەی (جیهاد) یان لەبەرگی خوێن
ڕێژی و کوشتن و بڕینا پیشاندا و ، کارێکی وایان کرد کەگەلێ
لە موسلمانان نەتوانن ووشەی جیهاد بە کار بێنن و سەری لێ
بکەلەوە ، وە هەندێ لە زانایانیش کەوتنە پەلە قاژە لەمانا
کردنی (جیهاد) ا ، و جەنگەکانی ئیســـلامیان بـــە
جەنگی بەرگری دایە قەلەم . وە جیهاد لە ئیسلاما لە ڕوویەکی
ترەوە ئەبێ بە دوو بەشەوە :
١ــ جیهاد لەگەڵ نەفس و دەروونا و پاک کردنەوەی لەژەنگ و
ژاری گوناهو خراپەو ، دەرهێنانی لەژێر دەسەلاتی هەوڵو
ئارەزو و داخوازی یەکانی لاشەو ، ڕازاندنەوەی بە نووری
خوا ناسی و بەندایەتی ڕاستە قینەی خوا .
جارێکیان پێغەمبەری موسلمانەکان لە جەنگێك گەڕانەوە ، لە
ڕێگادا بوون پێغەمبەری خوا « درودی لەسەر بێ » فەرمووی .

---

[1] « سەیری (حقیقة البابیه والبهائیه) وە (المســـألة
القادیانیة) بکە .

(له جیهادی بچوك كەڕاینەوە بۆ جیهادی گەورە : جیهادی نەفس و دەروون) .

٢ــ جیهاد لەكەڵ پیاو خراپاناو ، لەگەڵ ئەوانەی نایەڵن ڕۆشنایی ئیسلام بگا بەدڵو دەروونی مرۆڤەكان ، بەدەست بەدەم ، بە دڵ .

وە فەرموودەكەی بەردەمان ئەفەرموێ : (فەرمانتان پێ ئەدەم بە . . . بە جیهاد لەڕێی خوادا . . .) .

وە لەپاش باسی پێنج فەرمانەكە هەندێ لە سەر ڕۆیینی بۆ كۆمەڵایەتی هێناوە كە ئەوەمان تێ ئەگەیەنێ : ئیسلام بە تەنها لە باوەڕێكی ناودڵ ، یا ووتەی سەر زمان ، یا چەند بەندایەتی و دروشمێك پێك نایەت و تەواو نابێ . . ئیسلام بەرنامەیەكی پڕ لە یاساو نەریت و دەستوورو پەرستن و وێڵ و شێوازو ڕەووشتەو . . . وە ئەمانە لەیەك جیا ناكرێنەوە و بەش و تووش ناكرێن و . هەركەسێ هەندێكیان بكاو واز لە هەندێكیان بێنێ بەوە نابێ بە موسڵمان ، باخۆیشی بە موسڵمانێكی گەورە دابنێ . سەیری كە ئەفەرموێ : [. هەركەسێ ئەوەندەی بستێ لەكۆمەڵ دوور كەوێتەوە ئەوە ملی لە پەیمانی ئیسلام دەرهێناوە مەگەر بگەڕێتەوە سەری ، وەهەر كەسێ هەر كام لە بانگ و بانگهێشتەكانی دەوری نەدامێتی ابداو

دوو بارەی کردەوە ، ئەوە لە نیشتە جێکانی دۆزەخە ، هەر چەند ڕۆژو بگرێو ، نوێژ بکاو ، خۆیشی بە موسلمان دابنێ] .

جا لێرەدا من هیچ لەسەر ئەمە ناڕۆم ئەوە ندە ئەڵێم : با هەموومان ئەم فەرموودەیە بکەین بە ئاوێنەو سەیری کردەوە و دڵی خۆمانی پێ بکەین ، با بیکەین بە ترازوو کردەوە کانی خۆمانی پێ بکێشین ، با بزانین بە پێی ئەم ڕاستیە خۆمان لە کام ڕیزا ئەبینین : لە ڕیزی ڕزگار بووەکانا ، یا لە ڕیزی گیرۆدە بووەکانا ، هەتا بتوانین چارەسەری خۆمان بکەین .

ساخوا بە پەنا بە تۆو یارمەتی لە تۆوە ،

ناوەرۆك

لاپەرە ٤ــ بەشی یەکەم : رۆشنایی یەك لەقورئانەوە

١ــ یەکێتی پەروەردگار

٢ ـ یەکێتی نەژاد

٣ــ مانی ئافرەتان

٤ــ خێزان

٥ــ خزمایەتی

٦ ــ جولانەوە لەکەل مەتیودا

٧ ـ ژن هێنان

بەشی دووەم لاپەرە ٤٩ : لە ڕەوشت و ژیانی پێغەمبەر (د . خ)

١ــ کۆچ کردن بۆ حەبەشە

٢ــ نێرراوی قورەیش بۆ حەبەشە .

٣ــ مرسلمان بێجگە لەخوا لەکەس ناترسن .

٤ــ دەرکەوتنی رۆشنایی

٥ــ دەنگ دابڕین

٦ هەلوەشاندنەوەی بڕیارەکە .

٧ ـ سالی ماتەمین

٨ — طفیل کوڕی عمری دەوسی .

٩ — قورئان دڵان کەمەندکێش ئەکا .

بەشی سێیەم لاپەڕە ٨٧ :

تێشکێ لەفەرمودەکانی پێغەمبەرەوە [د خ]

أ — فەرمودەی یەکەم :

یەکەم : فاحشە .

دووەم : کەمو کوڕی لە کێشان وپێوانەدا .

سێیەم : زەکات نەدان .

چوارەم : لە پەیمان دەر چوون

پێنجەم : پشت گوێ خستنی فەرمان و یاساکانی خوا .

ب — فەرمودەی دووەم :

یەکەم : کزمەڵایەتی

١ — یەکێتی نەژاد .

٢ — یەکێتی باوەڕ .

٣ — یەکێتی (أمة) .

لەم دەروازەیەوە ئـــەڕوانینە :

دەستووری تەواوی ژیان ، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە تەواوی ڕوونی کردووە تەوە . .

کە سەقام گیریی ژیانی ئادەمی ، و دامەزراندنی بناغەی هێمنی و ئاسایشی دڵو دەروون و تەواوی سەرانسەری ژیانی ئینسان ، و پاڵ پێوەنانی بۆ پێشتر و پێشتر . . وە دەســت کرتنی ئینسان بۆ سەر ڕاستە شەقامی تەختی ژیـان ، و فـام پـێ کردنەوەی کۆمەڵی ئادەمی لە ژیاندا بەستراوە بە قورئان و فەرمودە پیرۆزەکانی پێغەمبەرەوە (ص) .

کۆمەڵی ئادەمی ئـاتیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك پێویست تر بەوەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکات بە دەستووری ژیانی خۆی ، و لە دەروازەی ئیسلامەوە بڕوانێتە تەواوی پێویستیەکانی ژیانی . .

نرخی (١٥٠) فلسه

رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ببغداد ٢٦٢ لسنه ١٩٧٣